# ئاوی وەستاو

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

لاش نۆرێن

# ئاوی وەستاو

شانۆنامە

وەرگێڕان لە سوێدییەوە

دلاوەر قەرەداغی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
مافی وەرگێڕانی ئەم شانۆنامەیە
لە خاوەنی هاتووەتە وەرگرتن
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

لاش نۆرێن
ئاوی وەستاو
وەرگێڕان لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداغی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٧٧
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤٧٩ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

دەمەتەقێیەک لە نێوان لاش نۆرێن و پیا فوشگرێن،
دوای پرۆڤەی چەند هەفتەیەک بەر لە یەکەمین
نواندنی ''ئاوی وەستاو''

پیا فوشگرێن:

دەقی ''زەردەخـەنـەی ژێرزەوین''ی سـاڵی ١٩٨١م لە یادە، کـاتێ قسـەت لەبارەی ئەو دەقەوە کرد، باشم لە بیرە باسی جۆرێک لە ''وێنـەی ڕیشـــەیی''یت کــرد. وا ڕاڤـــەت کــرد کـــە چوار ژن و ژوورێکی ڕووناکت بینیـــوە. کــاتێ دەقی ''ئـاوی وەســـتـــاو''ت نووسی، چ وێنەیەکی هاوجۆرتان لەلا هەبوو؟

لاش نۆرێن:

نا، من گەلێک جار زۆر پێشتر و بە سوژەی جۆراوجۆرەوە و بەر لەوەی ببنە دەقـێکی شـانۆیی کـار لەو سـوژانەدا دەکـەم. من هەردەم ئیش لـە شـتێکدا دەکـەم. ئێسـتـاش هـەروا دەکەم، سێ چوار ڕەشنووسم بۆ شتێک هەیە کە یەکەم جار زۆر شـەخسین. لە نەوەد و دووەوە دەستم بەم دەقـە کردووە. زۆر بەتەواوی بیرم نییـە ئەم تێکسـتـە و ئەو کەسـایەتییانـە لە کوێوە هاتوون. تاقە شتێک بیزانم ئەوەیە کەسێکی مردوو دەگەڕێتەوە ناو زیندووان. ئەو ساتەوەختە پاشـان ئەو شتانەی تری لێ دەکەوێتەوە کە لەو دەوروبەرەدا ڕوو دەدەن. ئەوە ســوژەیەکــە من لەو ســاڵانـەی دواییدا کارم تێدا کردوون، لە پیەسێکدا بەناوی ''نۆڤـەمبەر''،

پیەسێکی تر کە ساڵی رابردوو لە بەرلین نووسیومە و ناوی "هەڵگرتنی زستانی"یە، لەوێدا کورێک کە خۆی کوشتووە، هەموو کات وەک زیندووەکان ئامادەییی لە هەمان ژووردا هەیە، وەک هاورێ کچەکەی، ژنەکەی، دایکی، باوەپیارەکەی و هاورێ گیانی بەگیانییەکەی. ئەوە سوژەیەکە لەبارەی مردنەوە، بەڵام نا، چ وێنەیەکم نەبووە.

ئەوە دۆخێکە من خۆمی تێ فرێ دەدەم. هەندێ جار دەنگگەلێک دەژنەوم و پاشان هەوڵی تەرجەمەکردنیان دەدەم. ئیدی پیەسەکە لەوێوە دەست پێ دەکا. دەتوانم گوێم لە قسەگۆرینەوەیەک بێت. ئەوە زیاتر لەگەڵ بە نەرمی قامک لەسەر دانانێکدا دێتەوە وەک ئەوەی کاتێ مرۆ موزیک دەژەنێ. ئەوە پێوەندیی هەیە بە چوونە نێو دەقەکە، کارەکە، یان چوونە ناو خۆت بە قامک لەسەردانانێکی دیاریکراو. بەڵام ئاوی وەستاویش بە دەنگگەلێک کە پاشان بەرگی جەستە دەپۆشن دەست پێ دەکا. زۆر جار بەو شێوەیەیە کە رەوشێکی دەنگیی دەستم بە کارێک پێ دەکات.

پیا فوشگرێن:

کاتێ رەدووی کارکردنت لەگەڵ پیەسەکەدا کەوتم کە لە Deutsches Theater لە بەرلین چۆن بووە و پاشان چۆن بۆ شانۆی جوو لە ستۆکهۆڵم کارت تێدا کردووەتەوە، حاڵی بووم بەرکەوتنت لەگەڵ یەهودییەتدا شتێکی لە نووسینەکەی تۆدا ئازاد کردووە.

لاش نۆرێن:

یەهودییەت لە پیەسەکەدا لە ئاستی جۆراوجۆردا بوونی هەیە. ئەمە هەر لەو کاتەی دەستم پێ کردووە، بە هەموو کارە شانۆییەکانمدا و تەنانەت بە شیعرەکانیشمدا تێ پەڕیوە. چی بە زیندوویی ماوەتەوە. لەبەرئەوەیە بێ ئەندازە بۆ من گرینگ بوو ئیش لە "پریمو لیڤی(*)"دا بکەم. ئەو قسە لەسەر بە زیندوویی مانەوە دەکا. چی بە زیندوویی ماوەتەوە؟ چی، وەک چیخۆف دەڵێ، شتێک کە ئاسن لە خوێنیدایە؟ لیڤی دەڵێ لە خراپترین تەسلیمبوون قوتاری بووە چونکە هاوڕێیەتییەکی هەبووە لەگەڵ کوڕێکی ئیتاڵیی هاوتەمەنی خۆیدا، ئەو کە هاتووە بۆ ئەوێ تەنیا گەنجێک بووە. ئەو دەڵێ پێویستە مرۆ ئیدێیەکی هەبێ، خەیاڵێکی هەبێ دزە بکاتە دەرەوەی خۆی تا بە زیندوویی بمێنێ. بەڵام هەڵبەت ڕێکەوتەکان ڕۆڵێکی ئێجگار زۆر لەوەدا دەبینن. ئەمە لە (نەورەس)یشدا هەیە. چی لە نەورەسدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە؟ وەهمی نینا بۆ ئەوەی لەسەر شانۆ پەسەن بدرێ و خۆش بویسترێ دەگۆڕێت بۆ پێداویستییەک بۆ گێڕانەوە. ئەو ئامادە دەبێ بەرگەی هەرچییەک هەیە بگرێت. کۆنستانتین لە (نەورەس)دا چ ئیدێیەکی بۆ شتێکی گەورەتر نییە.

(*) Primo Levi (1919- 1987): نووسەر و کیمیاگەری ئیتاڵیایی، لە کاتێکدا کە لە شەڕی جیهانیی دووەمدا بەڕێوە بوو تا پێوەندی بەجەووڵانەوەی ڕزگاریخوازییەوە بکا، دەسگیر کرا و لە شوباتی ١٩٤٤ەوە تا ئازادکردنی ئۆردووگاکە لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٥دا، لە ئاوشوێتز مایەوە. لە کۆی ٦٠٠ کەس کە لەگەڵ لیڤیدا دەسگیر کرابوون، دوای ڕزگارکردنی ئۆردووگاکە لەلایەن سوپای سوورەوە، تەنیا لیڤی و ٢٠ کەسی تر مابوونەوە. و. کوردی

پیا فوشگرێن:

ئەو گیری لە خۆیدا خواردووە؟

لاش نۆرێن:

ئا، وایە. هەموو شتێک بۆ ئەو فەوزایە. چ ئیدێیەک نییە فەوزاکەی کۆ کاتەوە و بیکاتە هونەرێکی جەوهەری. ئەو ڕەنگە پەنا بۆ خەونی هونەرمەندیەتی ببات بۆ ئەوەی ئەوینی دایکی بەدەست بێنێ. لەو ماوە کەمەدا کە دەرهێنان دەکەم هەردەم لە ئەکتەرەکان دەپرسم، پێتان وایە کام ڕۆڵانە..... ئاخۆ پێیان وایە بە زیندوویی دەمێننەوە و بەردەوام دەبن. ئەمەش ئەوەندە شتێکی بەرچاوە لە نەورەسدا کە شتێک وا دەکا ئارەزووی ژیان نەپووکێتەوە. ئەمە سووژەیەکی گرینگە لەو بابەتانەدا کە من کارم تێدا کردوون.

پیا فوشگرێن:

هەر بەڕاستی کارەکتەری یوسف شتێکی سەرنجڕاکێشە کاتێ بیر دەکاتەوە: ''ئەوە چییە ئێوەی جوولەکە هاوبەش هەتانە ؟'' و ''بۆچی منی ناجوولەکە لە دەرەوە بم، دەمەوێ بێمە ژوورەوە''.
بەپێی ئەزموونم لەم شانۆیەدا کە لە ساڵی ١٩٩٦ەوە دەستمان پێ کردووە، خەڵکێکی ئێجگار زۆری ناجوولەکە وەک بینەر بۆ ئێرە هاتوون و حەزیان کردووە لە کولتووری جوولەکە تێ بگەن و بیزانن و تیایدا بەشدار بن بەڵام دیارە ئەوە پێشتر ڕێگەپێدراو نەبووە. من وەک بەڕێوەبەرێکی هونەری لێرە لە شانۆکەدا جەخت لە ''دیالۆگ لە نێوان بێگانەیی''دا دەکەمەوە، چونکە شتێکی بێگانە لە کۆمەڵگەی سوێدیشدا هەیە، تەواوێک

چارەنووسساز بەرامبەر خۆی، بەڵام کە مرۆ لە سوێد خاوەن چ ئاینێکی بەهێز نییە. ئەوە مۆدێلێکی بە عەلمانی کراوە، ئێمە خەڵکانێکی مۆدێرنین، ئێمە زۆر خۆمان ئاراستەی رۆئاوا، ئاراستەی ئەمەریکا کردووە. بەڵام گەر مرۆ وەک جوولەکە ئایندار بێت یان وەک ئەو کولتووری جووەی کە ئەمڕۆ قسەی لەبارەوە دەکرێ، خۆی بناسێنێ، دواجار لەوەدا هاوبەش بووە کە هەموو کات ڕاوەدوونراوە و هەموو کات راوەدوو دەنرێ، ئەمە هەردەم بەو یەهوودییەتەوە رایەڵە. ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی سوێدیدا هیچ هاوشێوەیەکی ئەزموونی شەڕ یان ڕاوەدوونان یاخۆ ریتواڵی بە کۆمەڵی پەرستن نییە. هیچ شتێک نییە پەنای بۆ ببەیت، نە جێگەی تایبەت بە بۆنەی ئاینی، نە جێگەیەک کار لەسەر چارەنووسی کەسێتیی خۆت بکەیت.. جێگەیەک کە مرۆ هەست بکا خۆی تێدا دەبینێ.

لاش نۆرێن:

ئێمە ئاگەدارین کاتێ تراجیدیا گەورەکان ڕوو دەدەن، وەک کوژرانی پاڵمێ یان کارەساتەکەی ئیستۆنیا، تیایاندا دەرفەتێکمان بۆ دێتە پێش لە خۆمان تێپەڕێنین، وایە؟ مەسەلەکە تەنیا پاڵمێ نییە، بەڵکو ئەوەیە هەموومان بەشداری لە ئەزموونێکی گەلێک دژواردا بکەین. دیارە بە دڵنیاییەوە خەڵکانێکی زۆر هەن پاڵمێیان خۆش ویستووە و ڕێزیان گرتووە، من نامەوێ ئەوەیان لێ زەوت بکەم، بەڵکو ئەوە ببێتە شتێکی زۆر بەکۆمەڵ، هەڵبەت قسە لەسەر ئەوەیە. بەڵام من لەگەڵ

کولتوورێکی جوودا گەورە بووم، لەگەڵ نێللیٚ ساچس(*)، لەگەڵ سێلان(**)، لەگەڵ چارلی چاپلین، بە پلەیەکی بیٚ ئەندازە بەرز لەگەڵ کافکا. ئیدی ئەو جەوهەرە چییە کە من نەیەمە ناویەوە... لەبەرئەوەی هەردەم زمانەکەیان لە واقیعێکی زۆر ڕاستەقینەوە هاتووە. زمانە تێکوپێکشکاوەکەی سێلان بەشێکی لەو زەندەقچوونەوە دێت کە لە زمانی ئەڵمانی هەیبووە، سێلان ئەو زمانەی تێکوپێک شکاند و ئەڵمانییەکی نوێی لیٚ دروست کرد. کافکا لە پاشماوەی ستەمی ئیمپراتۆری قەیسەری هاتە

(*) Nelly Sachs: ژنە نووسەری ئەڵمانی بەڕەگەز جوولەکە، ساڵی ١٨٩١ لە بەرلین لەدایک بووە و ساڵی ١٩٧٠ لە ستۆکهۆڵم مردووە، ساڵی ١٩٦٦ خەڵاتی ئەدەبیاتی نۆبڵی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٤٠ لەلایەن سێلما لاگریۆفی خاتوونە نووسەری سوێدییەوە یارمەتی درا بەرەو سوێد هەڵبیٚ و لە دۆزەخی نازییەکان قوتاری ببێت. شیعرە ڕۆحانییەکانی ساچس بالۆرە و شیوەنێکی خەمگین بەسەر کۆستەکانی جوودا. کۆپییەکی کتومتی باڵەخانەکەی ئەو بەهەموو ئەشیاکانیەوە لە ئەمبارێکدا لەژێر کتێبخانەی پادشایەتیدا لە ستۆکهۆڵم پارێزراوە. ساڵی ٢٠٠١ کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی لە سوێد چاپ کراوە.

و. کوردی

(**) مەبەست لە Paul Antschel (Paul Celan)ی نووسەری ڕۆمانی بەڕەگەز جوولەکەی زمان ئەڵمانییە. ساڵی ١٩٢٠ لە شاری سێرناتوی ئەوسای ڕۆمانیا و چێرنیڤستی ئێستای ئۆکرانیا لەدایک بووە و ساڵی ١٩٧٠ لە پاریس مردووە. ساڵی ١٩٤١ شارەکەیان لەلایەن سوپای ئەڵمانیا و هێزەکانی ڕۆمانیاوە داگیر کرا و ساڵی دواتر دایک و باوکی بۆ ئۆردووگاکانی قڕکردن گوێزرانەوە. لەویٚ دایکی لەناوبرا و باوکیشی بە ڕەشەگرانەتا مرد. سێلان خۆیشی لە ڕۆمانیا کەوتە ئۆردووگاکانی کاری زۆرەملێوە. ساڵی ١٩٤٥ و دوای شەڕ چوو بۆ دابست و لەویٚ یەکەم بەرهەمی خۆی لە کۆواری ئاگورادا بڵاو کردەوە. سێلان ساڵی ١٩٧٠ لە پاریس خۆی خنکاند.

دەرەوە. ئەوە گۆرانی و روونییەکە کە تەنیا لە نزیک ئەو ئاگرە ترسناکە، لە نزیک ڕاوەدوونانەوە دەخولقێت. پێویستە شتێک هەبێ من نەتوانم دەستم بیگاتێ. وەک زمانێکی تر کە نەتوانم تێی بگەم. ئەوە نەختێک دەمتۆقێنێت.

پیا فوشگرێن:

لە ڕاستیدا یەهودییەت لەوێدا بەجۆرێک لە جۆرەکان دادگەیی کراوە.

لاش نۆرێن:

چۆن؟ بۆچی؟

پیا فوشگرێن:

با، لەو ڕاوەدوونانە ئەبەدییەتەدا، کە مرۆڤ بۆ مێژوویەکی دوور دەگەڕێتەوە، دەیبینێت.

لاش نۆرێن:

ماسادا(*).

---

(*) Masada: قەڵایەکە کەوتووەتە فەلاتێکی چیایی نزیکەی ٤٠٠ مەتر بڵندەوە لە پیاوانی نێگێڤی نزیک زەریای مردوو لە ئیسرائیل. داستانەترادیسۆنییە قارەمانێتییەکەی ئەو قەڵایە، گەرچی ئەمڕۆ خراوەتە ژێر پرسیار، بەڵام ڕۆڵێکی گرینگی لە مێژووی دێرینی جوولەکە و لە ئیسرائیلی ئەمڕۆدا بینیوە.
ماسادا لە مێژووی دێریندا: ساڵی ١٦١– ١٤٣ی پێش زاین قەڵایەکی بچووک لە ترۆپکی چیا ڕووتەنەکەدا دروست کرا. ساڵی ٣٧– ٣٤ی پێش زاین هێرۆدێسی گەورە لێ گەڕا کۆشکێک لەوسەری بەرزاییی قەڵاتەکەدا دروست بکرێ و ئەودواشی بە باشی قولەبەند بکرێت. ڕووبەری قەڵاکە لە باکورەوە بۆ باشوور زیاتر لە ٧٠٠ مەتر و لە ڕۆهەڵاتیشەوە بۆ ڕۆئاوا زیاتر لە ٣٥٠ مەتر بوو. لە کاتی ڕاپەڕینی جووەکاندا دژی دەسەڵاتی ڕۆمەکان، ساڵی ٦٦ی زاین=

پیا فوشگرێن:

کە هاووڵاتیبوونی جوو ڕەت بکرێتەوە و سووکایەتیی پێ بکرێ، کە بۆ نموونە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا جووەکان ناچار کەیت بە کڵاوی زەردی لبادیی مەنگۆڵەدارەوە بێن و بچن. زۆر کەس حەز دەکەن بزانن ئاخۆ بۆچی جووەکان ئاوەها خێرا کۆمەڵگەیەکی نوێ لە جێگەیەکی تردا دروست دەکەن. هەڵبەت ئەمە ستراتیجییەتێکی مانەوەیە. بەڵام من باوەڕم وایە گەر ئێستا لە دەمەتەقێکەماندا گەڕانەوەیەکی کەوانیی بگەڕێینەوە بۆ لای زمان، بۆ لای زمانی تۆ و ئەو شاعیرانەی تر کە ناوت بردن، ئەوا پێم وایە ئێوە هەمان جیهانی زەبەلاحی زمان و ئەزموونەکان لەخۆ دەگرن ڕێک لەبەرئەوەی هەموو ئێوە شەرحی خەسارەت و قڕکردنی بەکۆمەڵی ئینسان دەکەن.

---

= ماسادا لە ڕۆمەکان سەندرایەوە. ساڵی ٧٢ی زاینی سوپای ڕۆما بە ١٥٠٠ سەربازەوە بەسەرکردایەتیی فلاڤیۆس سیلڤا گەمارۆی قەڵاکەیان دا کە نزیکەی هەزار کەسێکی تێدا بوو. کاتێ ڕۆمەکان لە ساڵی ٧٣ زایندا دواجار قەڵاکەیان گرت، بینییان هەموو قەڵانشینەکان کوژراون جگە لە دوو ژن و پێنج منداڵ کە خۆیان لە قووڵاییی ئەشکەوتەکەدا شاردبووەوە.

ماسادا لە مێژووی نوێی ئیسرائیلیشدا بووەتە سیمبولی بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی بێگانە. پێشتر (تا ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو) هەندێک لە سەربازانی ئیسرائیلی سوێندیان بە ماسادا دەخوارد کە لە پێناوی وڵاتەکەیاندا بمرن، بەڵام ئەوە نەریتێک بوو ئێستا فەرامۆش کراوە، ئەمەش پێچەوانەی خودی پاشینەی حەکایەتە قارەمانییەکەیە، واتە نابێ مرۆ بەپلەی یەکەم بۆ وڵاتەکەی بمرێ، بگرە دەبێ چەندێک دەکرێ بۆی بژی، ئاخر دواجار ئەوە دوژمنە کە دەبێ بمرێت.

و. کوردی

لاش نۆرێن:

بێگومـــان زمـــان لە خـــەســـارەتی زۆر پێک دێت. برێکی زۆر داربەڕوو لای هۆڵدەرلین(*) هەیە لەبەرئەوەی چ باوکێکی نەبووە. ئەوە ڕاڤـــەیەکی زۆر زبرە. بەڵام مـــرۆڤ بەردەوام هەوڵ دەدات هەمدیس هەموو ئەو شتانە ئامادە بکاتەوە کە لەدەست چوون، ئەوە دەکرێ مۆدێرن بێ، دەکرێ هەندێ بەشتبوون بێت کە زمان دەبێتە بەدیلی ئەوەی لەدەست چووە. پاول ڤالێری لە جێگەیەکدا دەڵێ خوا لە عەدەم دنیای خوڵقاند، بەڵام عەدەم دڕ دەدا و دزە دەکا، ئەوە هەمان شتە لەگەڵ بەشێکی زۆری شیعر. بەڵام، ئەو مردنە جوولەکەییە لە ئۆردووگاکاندا لای من شتێکی هێند ترسناکە کە دەبێ ئێمە ئەودوای کاتی دنیا تەرخان کەین بۆ وەیادهێنانەوەی. ئەمەش یەکەم شت و بەر لە هەر شتێک فێرم دەکا، هەروەها لە پرۆگرامەکەی "پریمو لیڤی"شدا گوتوومە لەبەرئەوەی ئەوە لە واقـیـعـدا ڕووی داوە، ئەوا هەمـدیس ڕوو دەداتەوە. ئەوە گـەورەترین وانەیە. مـرۆ بەسـەر سنوورێکدا ڕۆیشتووە ناکرێ لێی بگەڕێتەوە. بەڵام ئەوە پێوەندیشی هەیە بە...... من چەند کەسێکم ناسیون کە...(**) لانی کەم لەکاتی کارکردندا لە پریمو لیڤیدا، باسی ئەوەیان دەکرد کە وەک منداڵی خەڵکانی قووتاربوو لە مردن، بێدەنگییەک هەیە دژی منداڵەکە و پێداویستییەکانیان. ڕەنگە ئەوە بە شێوەیەک لە

(*) Friedrich Hölderlin (1770-1843): شاعیر و وەرگێڕی ئەڵمانی و یەکێک لە هەرە روخسارە دیارەکانی رۆمانتیکەکانی ئەڵمان. لەگەڵ هیگلدا قوتابیی فەلسەفە و تیۆلۆگیی بووە. و. کوردی

(**) ڕستەکان خۆیان لە دەمەتەقێکەدا تەواو نەکراون. و. کوردی

شێوەکان ئەوە بێت کە دانێل گوزارشتی لێ دەکات... نازانم....
من تەواو یەکلایی نەبوومەتەوە ئاخۆ دانێل بە کوێ بگات. ئەو بەشێکی گرینگە لە هەموو ئەوە. ئاخۆ ئەو چی لەگەڵ مەرگی کچەکەیدا دەکا. هێشتا ئەوە کراوەیە و منیش نەختێکی تر ئەو کراوەییە دەکەمەوە.

پیا فوشگرێن:

من مەبەستم لەوەیە ئەو "دیالۆگکارییە" (من وای ناو دەنێم)، پێموایە هۆکاری مانەوە و نەمردنی ترادیسۆنی جوولەکەیە، بەوەی مرۆ هەموو کات چەند هەژار بێت و لە هەر کوێ بێت، لە خراپترین هەژاریی کرێکارانەدا، هەرگاڤ دەیەوێ منداڵەکەی تالمود بخوێنێت کە پرسیارەکانی تەورات و ڕاڤە و وەڵامە شیاوەکانی لە خۆی گرتووە. لای تۆیش "دیالۆگکاری"یەکی بێ ئەندازە هەیە کە من لێی حاڵی دەبم، چونکە من لە دەیەی حەفتاوە وەک شاعیر بەدواتەوەم و هەروەها ڕووکردنیشت لە دراما پرسیار و وەڵام، وەڵامی شیاو، وەڵامی تازە، پرسیاری تازە. ئەوە بۆ من زۆر لەگەڵ یەهودییەتدا دێتەوە کە شتەکان بخەیتە ژێر پرسیار، کە منداڵەکانت فێر کەیت شتەکان بخەنە ژێر پرسیار و لەو ڕێگەیەوە ببنە کەسایەتیی سەربەخۆ. ئەوە گەر مرۆ بەختی هەبێت جۆرێک لە پێشکەوتن لە کۆمەڵگەدا وەدی دێنێ، بەڵام هەروەها تەنیاییەکی بێ ئەندازەیش. لەبەرئەوەی ئەو سەربەخۆبوونە لەگەڵ نۆرمەکانی کۆمەڵگەدا نایەنەوە. سەرنجراکێش لەم پیەسەدا، هەروەها لە پیەسەکانی تریشدا، ئەوەیە پاڵەپەستۆیەکی بێ وێنە هەیە کە بونیام لە

هـەرە ســـاکـــارترەوە بۆ ئـەوپـەڕی شـــاراوە دەبات. لە ئـاوی وەسـتـاودا دیالۆگـەکـان زۆر دووبارەن. تـۆ لەبارەی مـۆسـیـقـاوە دەدوێیت، من لـە ڕاسـتـیـدا ئـەوە وەک مـارپێـچـەی مـۆسـیـقـا کـە دەگـەڕێتـەوە، ئـەزمـوون دەکـەم: "هـاوینـی ڕابردوو چیتـان کـرد؟"، "بۆچـی من لێـرەم؟" دووبارە و دووبـارە. جـۆرێـک بـەرخـۆدان بۆ پێوەنـدی گرتن کە لـەوێدا دووبارەکردنەوەکـان پیشـانی دەدا مرۆ دەژی و هـەمـوو کات گـرینگ نیـیـە چـی دەگـوترێ، بەڵکو ئـەوەیە شــتــێک لـەگــەڵ مــرۆدا دەست پـێ بکـرێ. تۆ باسی نینـا و کونسـتانتینت کرد کە بە زمانەکەیان وەدەرکـەون، کە بە تەواوی بتوانن بدوێن.

لاش نۆرێن:

یەکێک لەو یەکەمین کورتە پرسیـار و وەڵامانە: "هـاوینـی رابردوو چیتـان کـرد؟" یودیس وەڵام دەداتەوە: "ئێمـە لە بێرگێن بێلسێن بووین." مـن نامـەوێ لەم ئاسـتـەدا ئەکـتـەرەکـان زمـان لەسـەر گـۆکـردنـی جـیـاواز داگـرن. بەڵام گـەر ئـەوان بڵـێن: "ئێـمـە لە بێرگێن بێلسێن بووین و دوای ئەوەی زۆر زۆر کـەڕەت بە لایدا تێـپـەڕیـن، ئینجـا بڕیارمـان دا بۆی بچین." ئەمـە ئیـتـر دەبێتـە نواندنێکی تر، وایە؟ ڕۆژی هـەینیی رابردوو، دوای پێداچوونەوە گـەیشـتـینە ئـەوێ. من دەمـویست ئەکـتـەرەکـان خـۆیان ئەوە بدۆزنـەوە. "ئێـمــە لە بێـرگێن بێلســێن بـووین." ئەوســا ئەوە دەگۆڕێت، مـرۆ بەجـۆرێکی تر حـاڵی دەبێت. ئەگـینا نواندنـەکە دەبێتە ترۆڕەفـتـارێتیی. ئەوە ئێستا هـەمـان شـتە لەگەڵ هـەندێ کــورتـە پرســیــار و وەڵامــدا. ئەوان لـە ڕووکــاری دەرەوەن.

لەبەرئەوەی من زۆر کار لەگەڵ ئەدای بە کۆمەڵیدا دەکەم، دەشێ ئەوە بەری هەبێت، میوە بدات. پێم وایە ڕەنگە ئەوەی دەمانەوێت برمێ و بەلادا بێت. زمـانیش وەک دەسـەڵات وایە. ئەمـە لای پینتەر دەناسیتەوە کە بۆ خۆت کارت تێدا کردووە. مەسەلە ئەوەیە چەند وەلانان، یان ددانپێدانانێک بە وشەیەکدا، دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر تەواوی دنیای ئەوی تر.

بەر لە هەمـوو شتێک ئەوە پیشـان نەدەیت مرۆ هەست بە چی دەکا. ئەمەش شتێکە من نایبەستمەوە بە یەهودییەتەوە، ئەوە...... پینتەر یەکێکە لەوانەی من بێ چەندوچوون خۆشم دەوێ. بەلای منەوە ئەو یەکێکە لەو کەسە دراماتیکە بێ چەندوچوون باشانەی ئەو سەد ساڵەی ڕابردوو. ئەو ڕاستەوخۆ دوای چیخۆف و ئێبسن هات. ئەو هەڕەشەیەی کێ لەودیو دەرگەوە ڕاوەستاوە، گواستووەتەوە ناوەوە و لە زماندا بەکاری هێناوە. چۆن چۆنیی لاوازییەک، چۆن چۆنیی کە لاوازییەک لە زماندا پیشان بدەیت، کە خۆت ڕووت بکەیتەوە، دەکرێ ببێتە هەڕەشە بۆ سەر تەواوی مرۆیەک، هەموو بوونی بگۆڕێت. پینتەر لای من ئەو کەسە جووەیە چاوەڕێیە لە دەرگە بدرێت. کێ خاوەنی ژوورەکەیە، کێ هەژموونی بەسەر ژوورەکەدا هەیە، کێ هەژموونی بەسەر ڕاڤەکارییەکانی دنیاوە هەیە؟ هەموو ئەوەی مرۆ دەیڵێ لانی کەم دوو دیوی هەیە. هەڕەشە هەرگاڤ لەوێیە. ئەوە وەک دانێل لەبارەی ئەڵمانەکانەوە دەیڵێ کە ئەوان ئاگا یان نائاگا هەمان ئەم بیرانە دەکەنەوە بەڵام وەلای دەنێن و هەڵی دەگرن بۆ دەرفەتێکی باشتر. ناکرێ بەر لە هیتلەر ئەمە بەم شێوەیە بووبێت. لە جیهانێکدا کە ئێمە زۆر بەچڕی بەدوای وێنە

سانا، نیشتمانی، نەتەوەییەکانی دنیادا دەگەڕێین، بۆ نموونە ئێستا وەک ئەمەریکا... نازانم دوێنێ گوێت لێ بوو کە نوام چۆمسکی باسی شێواندنی زمانی دەکرد؟ ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە هیتلەر لەگەڵ ئەڵمانیدا کردی.

پیا فوشگرێن:

سەرنجت داوە ڕۆڵەکان هەڵگری زۆر کۆدی زمانی جۆراوجۆرن؟

لاش نۆرێن:

ئا، وایە. لەوێدا کۆدەکان وەک ناوک دەکرێنەوە و بەتاڵ دەبن، ئەو ترسەی تیایاندایە، ترسی وەجاخکوێریی لەگەڵ مردنی جێسیکادا. هەندێ جار کە خۆی دەکاتەوە، زۆر ئەفسوونمان دەکا. دە ڕۆژ لەمەوبەر زۆر سەرم سوڕما کاتێ ئەکتەرەکان گوتیان پێیان وابووە پیەسەکە زۆر قێزەونە، زۆر ترسناکە. ئێستا من ئەو قۆناخە جێ دێڵم و دەگەڕێمەوە ئەو شوێنە، بەڵام ترسناکە. ئەوانە شتگەلی زەحمەتن بەڵام شتگەلی ترۆڕەفتاری نین، ئەوە تەنیا شێوازێکە بۆ هەڵوێست وەرگرتن. ئەوە هیچ ڕزگارکردنێک نییە خۆ بخزێنیتە بنەوە، چ کەڵکێکی نییە گیر بخۆیت. هەروەها یەهودییەتیش هەر ئەوەیە: ئێمە کەمتر هەست ناکەین چونکە بەردەوامین. تەرزە شێوازێک هەیە بۆ گیرخواردن لە غەمی خۆ و شپرزەییی ئەعسابی خۆدا کە بەهیچ جێگەیەک ناگات.

پیا فوشگرێن:

پێشتر لە باسی کافکادا لەبارەی نزیک لە ئاگرەوەبوون قسەت کرد.

لاش نۆرێن:

ئەوەی چەند نووسەرێکی وەک سێلان و کافکا جیا دەکاتەوە ئەوەیە ئەوان لە دەرەوەی واقیعییەتێکەوە دەنووسن. زمانی کافکا چ بنیاتێکی نییە، دەکرێ ئاوها هەست بکرێ، بەڵام خاوەن ڕاڤەکردنێکی بێ هاوتای واقیعە. من ئیتر لەوە بوومەتەوە هونەرێکم حەز لێ بێت لەو چاوگانەوە نەهاتبێتە دەرەوە، ئەوە هونەرێکە کە پێویستە. پاشان دەکرێ مرۆ بنووسێ لەبەرئەوەی خۆشە، نووسین چێژێک دەدا، بەڵام... ئەوە چیی تر زۆر ڕامناگرێت، نە تەماشای بکەم و نە بەرهەمیشی بهێنم.

پیا فوشگرێن:

وا تێ دەگەم کە هەردوو سوێدییەت و یەهودییەت لە تێکستەکەدا هەیە، بەڵام تۆ باسی ئینسانی هاوچەرخ دەکەیت. ئەمە بۆ من هونەری گەورەی هاوچەرخە. تۆ قسە لە کافکا دەکەیت کە لەبارەی واقیعی خۆیەوە دەنووسێت، بەڵام تۆ لەبارەی واقیعی خۆتەوە دەنووسیت، لەبارەی ئەوەوە کە ئێمە لە ٢٠٠٢دا لە سوێد تێیدا دەژین. من دێمەوە بۆ ئەمە کە ڕیتواڵێک ونە، پەرستنێک (تۆ ناوی ئیستۆنیا، ئەو غەمە بەکۆمەڵەت هێنا) تێیدا هەموو هەفتەیەک وەبیرمان دێنێتەوە کە ئێمە مردەنین، کە ئێمە پێکەوە گۆرانی دەڵێین، کە ئێمە مردووەکان لە بەخاکسپاردنەکانیاندا دەلاوێنینەوە، کە دەکرێ ئەو وەجدە وەک بەشێک لە ئاهەنگەکاندا هەبێت. من زۆر بەهێز پێم وایە ونبوویەک لە زمانی پیەسەکەدا هەیە، کە هەموو کات ئەو خەڵکانە زۆر بێئەندازە عەودالین.

لاش نۆرین:

هەروەها منیش ئەوەم لێ ونە. هەر بەڕاستی بۆم نادۆزرێتەوە. ئەوەی ماوەتەوە ڕەنگە هاوین بێت، ئەوە بێت کە هاوین ئەزموون بکرێت. بەڵام بۆی عەودال دەبیت. دیدارێکم لەگەڵ نینا سۆلۆمینی ڕۆژنامەنووس/ نووسەردا بینی کە لەوێدا ڕێک قسە لەسەر ئەمە دەکا، هەروەها قسە دەکا لەبارەی جیاوازیی نێوان گۆرانییە سوێدییەکانی ناوەڕاستی هاوین و گۆرانییە یەهوودییەکاندا و چۆن دەکرێ پێکەوە بگونجێنرێن. من پەرۆشی ئەوەم ، بەڵام کاتێ دەنووسم دەتوانم هەست بە باڵەفرێیەکی ئاینی بکەم. نا، ئەوە لە چیدا هەیە؟ ئەوە پێشتر لەگەڵ ریفۆرماسیۆندا(*) دەستی پێ کردووە کە ئیدی کەوتووەتە ئەوەی بمرێت، یان لە پەیکەرەکانی کارل میلێ دەچێ؟ لە ڕۆژی ئالای سوێدی.(**) پێم وایە ئەوە بێ ئەندازە نەزۆکە. ئاخۆ ئاینەکەی ئێمە کۆشکی پادشاکەمانە؟ وەرزشە؟ دەشێ وەرزش بێت، بەڵێ. تۆ دەڵێیت چی؟

پیا فوشگرێن:

ئا بێگومان. مرۆ ئەوە لەکاتی پاڵەوانێتییەکانی جیهاندا لێرە دەبینێت. ئێمە لە نێوان خۆماندا وتووێژی گەلێک زۆرمان لەو بارەیەوە هەبووە، ڕێک لەبارەی تۆپی پێوە لەبەرئەوەی ئەوە تاقە

---

(*) reformation: دابڕانی پرۆتێستانیزم لە کڵێسای کاتۆلیک. و. کوردی

(**) ڕۆژی نەتەوەیی سوێد کە دەکەوێتە ٦ی حوزەیرانی هەموو ساڵێک و دوای نارەزایەتی و مشتومڕێکی زۆر چەند ساڵێکیشە کراوەتە پشووی ڕەسمی. و. کوردی

شتێکی ئاشتییانەیە کە هەمووان یەک دەخا. پاشان پارە و گەندەڵیی لە پشتەوەیە کەچی هەموو وڵاتان تۆپی پێی خۆیان دەکەن و جیهانیش تەماشایان دەکا.

لاش نۆرێن:

بچووکترین تیپ دەتوانێ بۆ پاڵەوانێتیی جیهان بێت و ببێتە دووەم، سێیەم. ئەوە بەهێزە.

پیا فوشگرێن:

ئا، دەبێتە وێنەیەک لە گەشەسەندنی جیهان. کتوپڕ ئاسیا گەورە دەبێت، کۆریای باشوور سەردەکەوێ کە کەس متمانەی پێ نەبووە. لێمان نزیک دەبنەوە.

لاش نۆرێن:

ئا، گلۆبالیزەبوون. هەڵبەت هەموو یاریکەرە گەورەکانیش لە ئینگلستان و ئیتاڵیا یاری دەکەن. لەوێ لە یاریی لیگەکاندا بەشدارن.

پیا فوشگرێن:

با بگەڕێینەوە سەر قسەکردن لەبارەی ونبوویی....

لاش نۆرێن:

مردن لای من فۆرمێکە لە ئاین.

پیا فوشگرێن:

بەڵێ، وایە. دەمویست قسە لەوە بکەین.

لاش نۆرێن:

هەستی بێ ئەندازە توندیشم لەوەی کە ئێمە هەموومان

مـردووین. ئەوە تەنیـا مـەسەلەی کاتە. دەزانم ئێمـە، بەو زووانە، ئیـتـر نین. مـردن هەردەم..... گـەر چوار کـەس لەسـەر شـانۆ ڕاوەستن ئەوا مردن پێنجـەم کەسـە کە هەردەم لەوێیـە. هەمـان مردن لە ڕابردوو و داهاتووشدا هەیە. ماتییاس بە یوسف دەڵێ تاقـە جیـاوازیی نێوان ئێمـە و ئێوە ئەوەیە کـە ئێوە دەزانن مـردووەکانتـان چۆن مـردوون. بەڵام ئاشکرایە مـاتیـیاسیش بە شێوەیەک لە شێوەکان زانیویەتی، بەڵام هەڵبەت چ دەرفەتێک لە بەردەم ماتییاسدا بۆ ماڵئاواییکردن نەبووە وەک ئەوەی بۆ ئێمە هەیە. تۆ چۆن تەمـاشـای ڕابردوو دەکەیت؟ هەست بە تووڕەیی دەکەیت؟ خزمەکانت، هاوڕێی خزمەکانت.....

پیا فوشگرێن:

من هیچ پەروەردەکردنێکی ئاینییانەم نەبووە. ئێمـە جوولەکەی ئەڵمـانین و لـە ژینگەی ڕووناکـبـیـریی بۆرژوایی بەرلینەوە هاتووین. هەڵبـەت یەهوودییـەت زۆر گـرووپی جیـاوازی هەیە، جوولەکەی ڕۆهەڵات، جوولەکەی هەژار، جوولەکەی مـەراکیشـی... مـرۆ تەنـانەت لە ئیـسـرائیلیش دەبینـێ کـە چۆن ئەو گـرووپانە مامـەڵەی جیاواز دەکرێن. جوولەکە ئەمەریکییە دەوڵەمەندەکان. جـوولەکـە ئـەرتەدۆکسـەکـان.... ئەمـە بە جـۆرێک لە جـۆرەکـان شتێکی ئاڵۆزە.

لاش نۆرێن:

چۆن ڕەفتار دەکەیت؟ چۆن مرۆ لەوەدا دەجووڵێت؟

پیا فوشگرێن:

ڕەنگە ئەوە یـەکێک لەو هۆکـارانە بێت وای لێ کـردم ئەم ئـیـشـە

وەربگرم. وەک دەرهێنەری سەربەخۆ، لە شانۆدا کارم لەگەڵ شیعردا کردووە لە "ژوورە زیندووەکەم" کە ڕەنگە ئەوە کار و ئەرکی من بووبێ، زۆر ئاگایانە کارم لە دیزاین، فۆرم، ڕەنگ، ڕووناکی و ئەوەی کە شانۆ وەک هونەرێکی فۆرم ببینیت، کردووە. پاشان بانگهێشتن کرام دامەزراوێکی هونەریی نوێی جوویی، واتە شانۆی جوو ڕۆ بنێم. هەروەها منداڵم بووبوو و هەستم دەکرد پێویستە شتێکیان لە مێژووی خێزانەکەم بۆ بگێڕمەوە، سەرنجم دا ڕەتکردنەوەیەک لە خودی خێزانەکەمدا بۆ خواستێکی ئاوها هەیە. خزمەکانم کە لێرە لە سوێد دەژین، لە ڕادەبەدەر زۆر لە ئێستادا دەژین. هەشتا ساڵ تەمەنیانە و چالاکوانی سیاسیی ئەکتیڤن لە جووڵانەوە ئاشتەواییەکاندا و بەدەگمەن حەز دەکەن لە گۆشەنیگایەکی جوولەکانەوە لە ڕابردوو بدوێن. من ئازارم زۆر بەوەوە چەشت، کەوتمە شوێنپێ هەڵگرتن و وەدووکەوتن و بێگومان برینێکی گەلێک گەورەم هەڵکەند بەڵام لەگەڵیشیدا زۆر شت فێر بووم. من زۆر شادمانم توانیم دەستیان لێ بدەم بەر لەوەی دیار نەمێنن. دیارە ئێستاش کە کار لەگەڵ ڕۆنانی شانۆی جوو دەکەم، هەروا دەکەم... من هەموو کات هەست دەکەم نەخوازراو و پەڕاوێز کراوم. من لە کۆمەڵەکەدام بەڵام بەشداریی ژیانی تێدا ناکەم، ناتوانم خۆمی تێدا شوناس بکەم. ئاوها ئێرە بووە ئەو ڕێگەیەم کە بفۆرمێنم و ڕووناکی بخەمە سەر گۆشەنیگایەکی کولتووریی هاوچەرخانەی جوو. جاروبار بەگاڵتەوە دەڵێم من پێداویستییەکی مێژووییم. من وەک کەس نا، بگرە ئەمە ئەرکێکە دەبێ لێرە و ئێستا لە سوێد ڕاپەڕێنرێ. بەڵام هەروەها بەرچاویشم تاریک بوو

لەوەوەی کـە برا بـچـووکـەکـەم لە کـۆتاییی دەیـەی هـەشـتـادا لە ڕووداوێکی ئۆتـۆمـۆبێلدا لـەدەست دا، ئەو تەمـەنی ٢٧ سـاڵ و لە هـەڕەتی گـەنجیدا بوو. ئیدی من ئەزمـوونێکی تایبـەتی ئاوهاشـم لەگەڵ مردندا هەیە کە بەرەو ناو شتێکی کێش کردم ناوی دەنێم ''ئاگاییی مـردن''. پاشان هەمان ساڵ منداڵم بوو، ئیدی مەرگ و ژیان لە پاڵ یەکدا ڕاوەستـان و دەشـەکینەوە. من تەواو پێم وایە ئەوە لە ماوەی ئەم پازدە سـاڵەدا چاوگی من بووە. ڕەنگە ئێسـتا کە منداڵەکانم گـەورەتر بوون، پێم وایە گەیشتوومـەتە قۆناخێکی نوێ دەتوانم تێـیـدا خـۆم بـە ژوورێکی تردا بکەم کـە لە مـەودای زیاتر بەهرەمەند ببم.

لاش نۆرێن:

ئێستا چۆن بیر لە براکەت دەکەیتەوە؟

پیا فوشگرێن:

وەک گـەنجـێکی ئەبـەدی، ئەم وێنەیە بەشـێـوەیەک لـە شـێـوەکـان وێنەیەکـی ترسناکە. ئەو پیـر نابێت. زۆر کـەس بە ڕق و کـینەوە کـاردانەوەیـان بۆ غـەم هـەیە، مـن وام نەکـرد. تاقـە شـتـێک کـە هـەسـتم پێکرد، لەبەرئەوەی زۆر نزیکی یەکتری بووین، ئەوە بوو ئەرکێکی تریشم خرایە ئەستۆ.

لاش نۆرێن:

لە خـۆتـدا هـەڵی دەگریت؟ ئەوەی ئەو دەیـەوێ بیگێـڕێتـەوە، تۆ لە خۆتدا هەڵی گریت؟

پیا فوشگرێن:

ئا، ڕێک ئاوهایە. بەڵام سـوپاس بۆ خـوا کە ئەو کـەسـێکی لە من

سووکەڵەتر و شادمانتر بوو. زیاتر کۆمەڵایەتیتر بوو. هەست دەکەم ئەو ئەرکەی لەلایەن ئەوەوە خرایە ئەستۆم...،

لاش نۆرێن:

...، کە سووکەڵەتر و شادمانتر بیت؟

پیا فوشگرێن:

ئا، کە ئەو شتەی لە ناوەوەمدایە پەنجوورەک بکا و بیهێنێتە دەرەوە گەرچی خۆیشم حەز ناکەم. (پێکەنین) ئەو لەمەدا یارمەتیی دام.

لاش نۆرێن:

دەبێ ئەوە دڵنیاییەک و پەناگەیەک بێ. شتێک کە دەچیت بۆ لای، کەسێک کە قسەی لەگەڵدا دەکەیت.

پیا فوشگرێن:

هاوکات لەو ساتی خوانی شێوانەدا کە تۆ وێنەیان دەکێشیت...
هەوڵ دەدەم ئەم جۆرە بابەتانە بورووژێنم و خەڵک هەر بەڕاستی دەترسن گەر بە جیدی وەری بگرن.

لاش نۆرێن:

مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە مرۆ سەرسەخت بێت. مرۆ ناتوانێ زەبروزەنگ بەرامبەر سروشتی خۆی بەکار بهێنێ.

پیا فوشگرێن:

قورسە بەم هەلومەرجانەوە هامشۆ بکەیت لەبەرئەوەی خەڵک هەر بەڕاستی دەترسن. مرۆ ئاگاییی مردنی ببینێ ئەوا کەسێکی جیاوازە. من دوو منداڵم هەن. وەک هەموومان

دەیزانین خۆشەویستییە گەورە سالانەکە تێک ئالۆزکا، بەلام منداڵەکان ئەو خۆشەویستییەن. نازانم ئاخۆ پاش نیوەڕۆ دەیانبینم، هەڵبەت دەزانم دەکرێ چی ڕوو بدا، دەزانم ئەوە چەند بەخێرایی تێ دەپەڕێ. هەڵبەت ئەوە گوێزراوەتەوە نێو ئاگاییی جوویم. ئەوە ڕژاوەتە جۆرێک هەستیارییەوە بەوەی کە ئەو کات چی ڕووی داوە. دەشێ ئەمە لێرە ئازاتری کردبم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرووپە جووەی کە بەرامبەرم شەڕەنگێزن بەوەی من دەرگە لە کەمایەتی دەکەمەوە.

لاش نۆرێن:

ئاخۆ چ پشتیوانییەکت هەیە. چ گرووپێک هەیە پشتیوانیت بکات؟

پیا فوشگرێن:

بەڵێ. چەند کەسێک هەیە پشتیوانیم دەکەن.

لاش نۆرێن:

من هەست بە بەرپرسیاریەتییەکی زۆر گەورە دەکەم کە لێرەم. زۆر دڵخۆشم و هەروەها بێ ئەندازە شانازی دەکەم کە لێرەم.

پیا فوشگرێن:

پێم وایە زۆر ئەو گرێ جوولەکانەیەت لە کارەکتەرەکاندا دۆزیوەتەوە. تۆ لەبارەی دانێلەوە دەدوێیت.. بەلام من زۆر لە یودیس رامام، شتێک هەردەم لە دیالۆگەکاندا نییە بەڵکو لە بیچمدایە.

لاش نۆرێن:

ئەو شتە چییە؟ بیرت بۆ چی چووە؟

پیا فوشگرێن:

یودیس زۆر ئامادەیە. ڕەنگە مەبەستی من لە ئاگاییی مردن ئەمە بێت، مرۆ دەبێ زۆر ئامادە بێت. هەر کاتێ بێ هەموو شتێک ڕوو دەدا.

لاش نۆرێن:

دوا شت کە یودیس لە پیەسەکەدا دەیڵێ: "ساڵی داهاتوو دەچم بۆ ئیسرائیل، بۆ لای هانا، ڕەنگە لەوێ شتێکی پڕ مانا بدۆزمەوە کە منداڵدانە مردووەکەمی لێ پڕ بکەم." بەڵام ئێمە هەست دەکا بڕستی ژیانی لە جیهانێکدا نییە کە چەند کارەساتێکی جەرگبڕی تێدا ڕوو بدات. بۆیە لەو بارەیەوە بڕیارێک دەدا، مەرج نییە ئەوە بڕیاری کۆتا بێت، بە دڵنیاییەوە لێی پەشیمان دەبێتەوە. بەڵام بەسەر ئەوەدا باز دەدات کە ئەزموونی جیهان بکات. نازانم ئاخۆ ئەو کات چ ڕوو دەدا.

پیا فوشگرێن:

مرۆ هەست بەئومێدێک لە یودیسدا دەکات، ئومێدێک لە غەمەکەیدا.

لاش نۆرێن:

بێگومان.

پیا فوشگرێن:

غەمی وەجاخکوێرییەکەی.

لاش نۆرێن:

یودیس شەڕ دەکا و دەقیژێنێ، بەڵام ئێمە نا. تۆ ڕۆژی هەینی

پرۆڤەت بینی، ڕات بەرامبەر ئێما چییە. بەرامبەر شێوازی هەبوونی ئێما؟

پیا فوشگرێن:

من وا لەوە گەیشتم وەک ئەوەی ئەو هەوڵ بدات ژنێک بفۆرمێنێ کە بەهۆی مردنی کچەکەیەوە بەشێوەیەکی ترسناک ناڕەحەت و شەکەتە، بەڵام هەوڵ دەدا.... هەوڵ دەدا تەنیا هەناسە بدا و بژی، بەڵام تەنیا دەتوانێ هەنگاوی بچووک بچووک بنێ. تۆ ناوی نینا و کۆنستانتینت هێنا. نینا وەک کۆنستانتین شاعیر نییە بەڵام تەرزێک هاوخەمیی تێدایە. لە پێوەندیی نێوان ئێما و دانێلیشدا، ئێما لێ بووەتەوە ، ئەو تەنیا لەوێیە. دانێل ئاگای لە کاروبار و گوزەرانە و لەگەڵیدا دەڕوات بۆ ئەمەریکا، ئێما تەنیا لەگەڵ دەکەوێ. ئێما هیچ بڕیارێک بۆ ژیانی نادا. من ئاوها لەو ڕۆڵە گەیشتم.

لاش نۆرێن:

ئەوە غەمە کە جڵەو وەردەگرێ. ئەوە کاتێکە کە عەزاب و پێداویستیی ئەوەی کە ڕۆ نەچێت، ئازاد دەبێ و ئیدی ئەو هەناسە دەدا ئەوەیە کە دێتە دەرێ. هەمان شت لەگەڵ خۆشەویستی. گەر مرۆ لە خۆشەویستیدا زۆر بەختەوەر بێت، ئەوسا هەموو ئەو شتانە دێنە دەرەوە کە چەپاندوونی، هەموو عەزابەکان، هەموو نائومێدییەکان، هەمووی دێنە دەرەوە و دەشێ کوڵی گریانی مرۆ بەربێ ڕێک لەبەرئەوەی زۆر بەختەوەرە. بەڵام من بیرم لە سێلان و نێللی ساچس کردەوە، نازانم ئاخۆ نامەگۆڕینەوەکانیانت خوێندووەتەوە؟ ئێستا ئەوە بە

سـوێدی دەرچووە. سـێـلان دوای سـەفـەرێک بۆ ئیـسـرائیل، دەنووسـێت توانیـویەتی هەمـدیس پەتەکە لەگەڵ جـووێتیـدا گرێ بداتەوە. نووسیـویەتی: "ئەم کتێبـە بە ددانی نووسـین دەجوێت.".
نێللی ساچسیش لە کۆتاییدا دەنـووسێ زیاتر و زیاتر خـۆی لە ئەرتەدۆکسـییـەت نزیک خسـتـووەتەوە. پێت وایە شـتـێک هەبێ حـەتمی بێت؟ ئـاخـۆ شـتـێک هـەیە سـەخت بێت؟ دەشـێ بۆ هەمـووان نا، بـەڵام... ئەمـە ئەوەیە کـە چاوەڕێیـە، کـە خـۆت بەو وڵاتەدا بکەیت.

پیا فوشگرێن:

هەڵبـەت من ناتوانم شـتێکی گـشـتی لەسـەر ئەوە بڵـێم، ناوێرم شتی وا بکەم، بەڵام پێم وایە ئەوە لەگەڵ ئەو شـتانەدا دێتەوە کە تۆ لەبارەی ڕۆڵەکانەوە دەیاننووسیت. بەڵام ئەمـە ئەوەیە مـرۆڤ لەوێ لە تافی منداڵیدا بەدوایدا دەگەڕێت... ئەوە تەنیا خەیاڵێکە، بەڵام لە پێـوەند هـەسـتی منەوە بۆ ژیانـکردن لەگەڵ مـردن، ئەوا پیری لە بەرچاوانمدا بەرجـەسـتـە دەکەم کە لە ناوەوەڕا خـاوەن جێگەی زیاتر بێت و لەوێدا کۆدی زۆر بۆ تافی منداڵیی هەبێت و مرۆ لـە ناکاوێکڕا دەیانکاتەوە کە پێشـتر تێیان نەگەیشـتووە. مـرۆ کـاتی زیاتری بەدەسـتـەوە دەبێت. نێللی سـاچس هەڵبـەت کـچـە ئەڵمـانیـیـەکی زۆر بۆرژوا و پێش هەڵایسـانی شـەڕ بە شـێـوەیەکی تایبـەتی جـوو نـەبوو. پاشـان هات بۆ سـوێد. بەڵام ئیدی ئەو نـهێنییـە نائاگایەی بۆ ئاشـکرا کرا کە لە ڕاسـتـیدا کەسی تر پێشـتـر ددانی پێدا نەنابوو یان بۆی نەگێڕابووەوە بەوەی تافی منداڵیی ئەم لە ڕاسـتـیدا لە ژینگەیەکی جـووانەدا بووە.

لاش نۆڕێن:

ئەوسا هەموو شتە ماتریالی و پراکتیکییەکان ئازاد دەبن. هەڵبەت هەمان شتیش لە مێشکدا. دیارە ئەوەش لەمە پێک دێت. شتێک کە زۆر چالاکە کاتێک منداڵێکی بچکۆلەین و زمان و زۆر شت فێر دەبین. کاتێک پیرین پێویستمان بەوە نییە. پێویست ناکا ئەو شتانە فێر بین. تاقە شتێک بتوانین بیکەین ئەوەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان خواحافیزی لە ژیان بکەین. بیرەوەریمان بژار بکەین. ئەوە پرۆسێسێکی تا ڕادەیەک نائاگایانەیە. دەکرێ بەو شێوەیەش بێت کاتێ کۆڵ لە بەرخۆدانمان دژی خوا دەدەین.

پیا فوشگرێن:

با بگەڕێینەوە لای ئێما- پێم وایە گرینگیشە قوربانی بفۆرمێنین. قوربانی بۆ خۆی شتی هەیە بیڵێت.

لاش نۆڕێن:

ئا، بەڵام من پێم وایە ئێما دەرەقەت دێت. من تەواو دڵنیام لەوە، کە بتوانێت دەرەقەت بێت، کە بەردەوام بێت. هەروەها پێم وایە دانێل و ئەو، هاوسەرێتییەکەیان دەگۆڕن. لەکاتی پرۆڤەیەکدا ئێما لە ڕادەبەدەر جوان بوو. ئیدی تێگەیشتم لەوەی بۆچی دانێل بەسەریدا دەقیژێنێت. ئێما خاوەنی شتێکە کە مرۆ دەستی پێی ناگات. شتێک کە بریندار ناکرێ هەر بۆیە دانێل دەیەوێ بیکوژێ. شتێک کە وا لە دانێل دەکات لە بەردەم ئەو جوانییەدا دەستەوەستان بێت. شتێک کە ناکرێ ببەزێنرێ، شتێک کە تووڕەیی ئەو دەورووژێنێ لەبەرئەوەی ناتوانێ

کۆنترۆڵی بکات. ئەوە ئەو وەحییە نازمانییانەیە کە لەکاتی پرۆڤە وەدیار دەکەون مرۆ وەڵامی چنگ دەکەوێ بەبێ ئەوەی پلانی بۆ دانابێت یان بێ ئەوەی شتی لەبارەوە زانیبێت. ئەمە ئەو شتەیە من زۆرترین حەزی پێ دەکەم. ئەمرۆ کاتێ بێدار بوومەوە وێنەیەکی نایابم بینی ئەو خۆڵەمێشەی ئێمە بە ماتریالی جۆراوجۆر تاقی دەکەینەوە بۆ ئەوەی چەند دەلوێ زیاتر لە هەوادا بمێنێتەوە، بە لاریی بۆ بنمیچەکە هەڵدەدرێ کتوپڕ جێسیکا لەوێ بوو. بەوێوە هەڵواسرابوو، بە لاری لە خۆڵەمێشەکەوە... نازانم ئاخۆ چۆن بەشێوەیەکی فیزیکی ئەوە دەکرێت. ئیدی پیەسەکەش لەوێدا کۆتاییی دێت. دەکرێ مرۆ بە خۆشییەوە پیەسەکە لە چاوانی جێسیکاوە ببینێ. ئاخر مرۆ ژمارەیەکی گەلێک تۆڕی زۆرە لە پێوەندیی زمانیی و ئەزموونی. هەڵبەت ئەوەی لە ئێمەدا دەڕژێت هەموو ئەو تەونەیە. بەر لە هەر شتێکیش کاتێ خەڵکانی پیر دەمردن ئەوە تەونێکی زەبەلاحە کە دەمرێ. ئەوسا کاتێک کەسێک دەڵێ: "ئا، بەڵام ئەو زۆر پیر بوو..." ئەوە قسەیەکی هیچە، لەبەرئەوەی ئەوەی ون دەبێت شتێکی بێ ئەندازە زۆرە. بەو شێوەیە پێویستە ئێمە هەموو کات هەموو شتێک سەرلەنوێ بخولقێنینەوە، پێویستیشە ئێمە ئەوە لەو خەسارەت و ئەزموونانە بخولقێنین کە مرۆ لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە. ئەم پیەسە تەنیا کوتە تێکستێکە کە لێ کراوەتەوە. تەنانەت گەر وەک کوتە تێکستیش نووسرابێ ئەوا تەڵە دەزوو هەیە کە پیشانی دەدا بێ ئەندازە لۆجیکییانەیە، من کاتێ یەکەم جار دەست بە پرۆڤە دەکەم و بەبێ ئەوەی چ پلانێکم بۆ داڕشتبێ، ئەوەم بۆ کەشف دەبێت. ئەو لۆجیکە نا،

لۆجیکی من ئەوە بووە پیەسەکە لە ئێستایەکی بەردەوامدا یاری بکرێت، کە ئەوان چ بیرەوەرییەکیان نەبێت لەبارەی ئەوەی پێشتر ڕووی داوە، کە مردن بێت. مرۆ بەبێ بیرەوەری مرۆیە، یان چییە؟ لەبەرئەوەی ئێمە لە هەموو ئەو شتانە پێکهاتووین کە ژیانمان کردووە. ئەمە هەڵبەت ئەو شتانەیە کاتێک ئاوڕ بۆ ژیانمان دەدەینەوە ئاوەڕۆکە دەبن. گەر پێدا ڕابگەین ئاوڕ بۆ ژیانمان بدەینەوە ئەوا ئەو تاقە شتە لە ڕادەبەدەر بچووک و گەورانەن ئێمە لە ژیانمان وەبەرمان هێناون. ئەوانەن کە ماونەتەوە. پیەسەکەم بەو جۆرە ویستووە. بەڵام من ئێستا هەروەها لەنێو وێنە گەورە و بچووکەکاندا لۆجیکێک دەبینم کە ڕامدەچڵەکێنێ. گەر ئەوە ئێستا پێداویستیی ئەکتەرەکان بێت کە هەردەم پێوەندی و ڕاڤە و مێژووی خۆیان بدۆزنەوە، بەڵام من بڕوام بەوە نییە. من زۆر حەزم کردووە ئەمە بنووسم. لە ڕادەبەدەر خۆشە بنووسیت. هەروەها دژواریشە.

پیا فوشگرێن:

پێم وایە شتێکی سەرنجڕاکێشە لەم کاتەدا وەک دەرهێنەرێک دووت کەوم لەبەرئەوەی شتێکی تازەیە بتبینم کاتێ دەرهێنان دەکەیت.

لاش نۆرێن:

بۆ من ئەمە جۆرێک ئازادییە. تەنیا شتێکی کاتییە. گەرچی نۆ ساڵە خەریکیم بەڵام شتێک نییە ژیان و مردن بێت... کە نووسیت ئەوە لای من ژیان و مردنە.

پیا فوشگرێن:

بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی چی بۆ تۆ مانای هەیە، ئەوەی مانای بۆ من وەک بینەرێک هەیە هەڵبەت ئەوەیە تۆ کارت لەم پیەسەدا کردووە، تۆ سیناریۆت بۆ داناوە، تۆ زەمەنەکەت خوڵقاندووە... من زۆر مۆسیقایی لەگەڵیدا ژیام و تۆ گەرمایی و خۆشەویستی و ڕێزێکی زۆر بەرهەم دێنیت.

بەڵام دەرهێنانەکـــەش وەک تێگەیشـــتم زۆر ڕوون و زۆر بێ تەمومژە. تێکست و دەرهێنانەکە پێکەوە مۆنستەرێکی لە ڕادەبەدەر بەهێز دروست دەکەن کە ئەکتەرەکان ناتوانن ئێجگار زۆر چاوی لێ بپۆشن. پاشان دەتوانن ڕەنگ بکەن، ڕەنگەکان جیا کەنەوە.

لاش نۆرێن:

ڕێک وایە. هەندێک شت تا بە تەرزێکی جەستەیی نەفۆرمێنرێن و لە جووڵەدا ڕوو نەدەن، مرۆ تێیان ناگات. کاتێ تۆ ٢٠ چرکە زووتر دێیت، ئەوا ئەوە بزر دەبێ و دەبێ هەمدیس بیدۆزیتەوە. ئەوە جۆرە فۆرمێکی نائاگاییە. من دەمەوێ ئەوە لە یەک کاتدا ناهەستپێکراو و لە گۆڕان نەهاتوو بێت. ئەوە دەبێت هەمان توند لە گۆڕان نەهاتوو بێت وەک شتێکی ناهەستپێکراو. کە ئەوان لەوێدا بکەونەوە، بەڵام وا ناکەن، بەڵکو ئێمە پلان بۆ ئەوە دادەنێین. بەڵام لەبەرئەوەی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەکتەری زۆر پلاستیکی و هەستیت هەبێ بۆ ئەوەی بگەیتە جۆرە ئاستێک. بەڵام من ئەوەم کە هەرگیز ئەم پیەسە ئامادە ناکەم چونکە هەست دەکرێت کە خراپی دەکەم. زەحمەتە جارێکی تر ئەمە

بکرێت. لەبەرئەوەی خۆم نووسیومە.

پیا فوشگرێن:

کەوایە ئەمە ئێستا دەبێتە سێیەم جار.

لاش نۆرێن:

ئا وای لێ دێت. لەبەر ئەوە پێویستە بدۆزمەوە... کەمێک زەبروزەنگ بەکار بێنم.. نامەوێ وەک ئەوە بکەم کە لە بەرلین کردم. مرۆ نابێ بڕوا بێنێت کە ئەوە دەبێت وا بکرێت. من ئەوەم پێ وانییە. من هەر بەڕاستی پێم وایە خۆشترە چیخۆف بخرێتە سەر شانۆ.

پیا فوشگرێن:

تا لە ڕوانگەیەکی ترەوە بدوێین. لای من تێکستەکەی تۆ لە ڕادەبەدەر خودان مەزاجە. هەندێ جار هەست دەکەم وا باشترە بۆ پرۆڤەکان نەیەم لەبەرئەوەی پێ دەکەنم و کارەکە لە ئێوە تێک دەدەم.

لاش نۆرێن:

نا تۆ دەبێ بێیت و پێ بکەنیت، ئێمە پێویستمان بەوەیە. ئەوان پێویستییان بەوەیە. وەرە ژوورێ و پێ بکەنە.

پیا فوشگرێن:

دڕدۆنگ دەبم بێمە ژوورەوە و دۆخێک بە یەکدا بدەم.

لاش نۆرێن:

نا، نا بەپێچەوانەوە.

پیا فوشگرێن:

دیارە ئەوە تەرزێک پارادۆکسالییە کاتێک ڕەشایی بەر ژیان

دەکەوێ. پێم وایە ئەوە زۆر ئاسوودەگەیێنە لە تێکستەکەدا، کە تەماشای هەندێ لە پرۆڤەکان بکەیت تیایاندا تەواوی ئەو بەیەکدادانانە ڕوو بدەن و ژیانیش وەک ناماقووڵ، کۆمیدییانە وەدیار بکەوێ. هەروەها ڕووناکییەکی فرە گەورە لە تێکستەکەدا هەیە. تۆ داوامان لێ دەکەیت بژین. " ئێستا بژین!" کە مرۆ خۆی لە بەیەکدادانەکان لانەدا، خۆی لە بەیەکگەیشتنەکان لابدا. مەزاجێکی ئاسوودەگەیێنی سەراپاگیر لە ئاستێکی ئاوها بالادا. باوکم سوێدیی بوو بەلام بە باوکە جووەم بانگی دەکەم. ئەو هەموو هەستی لای ئەو مەزاجە جوویییە بوو کە لە ڕووی کاریگەری و زمانەوە زۆر پێشکەوتەیە، یان ساکار، بەلام مرۆ بەردەوام پرسیارە وجوودییەکان لەگەڵ هەرە پرسیارە ساکارەکاندا بەیەکدا دەدا.

لاش نۆرێن:

من ئەو مەزاجەم خۆش دەوێ. ئەوە بۆ من مانەوەیە. جاروبار ئەوە تاقە ڕووناکییەکە لە تاریکیدا، ئەم پێکەنینە ئەوەیە. نا، وەرە و بۆ خۆت پێ بکەنە لەبەرئەوەی هەندێ جار تێ ناگەم بۆچی ئەکتەرەکان نابینن ئەمە چەندە خۆشە. ئەوان زاتی ئەوەیان نییە. ئەم هەفتەیە پێویستە بگەینە ئەوێ.

## کارەکتەرەکان و ڕاڤەی ناوەکانیان

سۆفیا: ناوێکی گریکییە لە وشەی Sopheiaوە هاتووە واتە ژیری.

یوسف: ناوێکی عیبرییە واتە "خوا ئەو زۆر بکات "، مەبەست لەوەش داوای خوایە لە یوسف کە هۆزەکەی زۆر بکات.

ئێما: لە ڕیشەدا ناوێکی ئەڵمانییە، کورتکراوەی ناوی ئێرمان و ئیرمین و واتە "بەرز، زۆر"

ماتییاس: فۆرمێکی گریکییە لە ناوی Mattitjahی عیبرییەوە هاتووە واتە "دیاریی خوا".

یودیس: ناوێکی عیبرییە کە یان واتە "ستایشکراو، سوپاسکراو" یاخۆ "ژنە خوداوەند".

دانێل: ناوێکی عیبرییە واتە "خوا دادوەری منە".

یوناس: لە ڕاستیدا فۆرمێکی گریکییە لە ناوی Junaی عیبرییەوە هاتووە واتە "کۆتر". هەروەها کورتکراوەی Johannesیشە کە فۆرمێکی گریکییە بۆ ناوی عیبریی Jachanan، واتە " خوا بەزەیی پێمدا هاتەوە ".

جێسیکا: دەشێ لە ناوی عیبریی Yiskahوە هاتبێ، واتە "بینراوەکە".

یەعقوب (یاکوب): ناوێکی عیبرییە بەڵام ماناکەی جێگەی مشتومڕە، ڕایەک دەڵێ یەعقوب واتە "خوایە بیپارێزە "، ڕایەکی تر پێی وایە واتە "دوای کەوە، وەدووکەوتوو"

تێبینی:

* ئاوی وەستاو بەرهەمێکی هاوبەشی نێوان شانۆی جوو و شانۆی دەوڵەت بووە و ڕۆژی ١٢ی سێپتامبەری ٢٠٠٢ و لە دەرهێنانی لاش نۆرێن یەکەمین نواندنی کراوە. هەروەها پێشتر لاش نۆرێن لە ئەڵمانیا کاری لە هەمان شانۆنامەدا کردووە.

* ئەو ئەکتەرانەی ڕۆڵیان لە نواندنەکەی ستۆکهۆڵمدا بینیوە:

یودیس : Eva Millberg

دانێل : Etienne Glaser

ئێما : Sharlotta Larsson

یوسف : Stefan Sauk

ماتییاس : Bengt CW Carlsson

سۆفیا : Annika Hallin

یوناس : Per Burell

# دیمەنی یەکەم

سێ پیاو و سێ ژن لەسەر مێزێکی لاکێشەییی گەورە دانیشتوون. سفرەیەکی سپی، فەخفوری، پەرداخ، پاشماوەی خواردن.. هتد. سفرەکە بۆ حەوت کەس ڕاخراوە. هەر ئێستا لە خواردن بوونەتەوە. ژوورەکە زۆر گەورە و تاریکە. ڕووناکی تەنیا لەسەر مێزەکەیە.

دوای سێ دەقیقە بێدەنگییەکی تەواو

**ماتیاس:**

(بە زەردەخەنەوە) ئەرێ بۆچی بێدەنگ دانیشتووین؟

**دانێل:**

هیچمان نییە بیڵێین.

**یودیس:**

من دنیایەک شتم هەیە بیڵێم.

**دانێل:**

مەیڵێ.

**یودیس:**

دەتوانم بڵێم.....

**ماتیاس:**

(دەمی بە دەسەسرێ کاخەز دەسرێ، دایدەنێ)

ئەوە بۆچی هیچ مارکەیەک بە دەسەسرەکانەوە نییە؟

**دانێل:**

وام دەزانی دەڵێی زۆر خۆش بوو.

**ماتیاس:**

زۆر خۆش بوو.

**ئێما:**

بەڕاست خۆش بوو؟

**یودیس:**

هەر زۆر.

**ماتیاس:**

ئا، منیش وام گوت.

**سۆفیا:**

هەر زۆر زۆر.

**ماتیاس:**

منیش هەر پێم وایە.

**یوسف:**

ئا، وا بوو.

**دانێل:**

ئێمە چیمان خوارد؟

**ئێما:**

تەنیا خواردن.. سوپاس.

**دانێل:**

بیرم نییە چیم خوارد. بەڵام بیرمە خواردم.

**ماتیياس:**

ئێمه دەبێ سوپاستان بکەین.

**یودیس:**

گەر بشمرم ناتوانم پارووپەکی تر بخۆم.

**یوسف:**

نا، منیش نا.

(وچان)

**ئێما:**

لەبەرچی بێ جووڵە دانیشتووین.. چاوەڕێی پەنیر دەکەین؟

**سۆفیا:**

پەنیری چی؟

**ئێما:**

پەنیر.

**یودیس:**

چ جوان کردووتە.

**دانێل:**

دەبوو ببینن موبەقەکە چۆن دەنوێنێ. بچنە موبەقەکە و بزانن چ موبەقێکە. چیی تر موبەقێکی هاکەزایی نییە. هەر مەزەندە ناکرێ. لە موبەقی ڕێستۆرانتێک دەچێ لە بانکۆک. ناچێتە ئەقڵەوە چۆن تاقە کەسێک ئەو هەموو تروتفاقی موبەقەی لە ماوەیەکی ئاوها ڕێژەییی کورتدا بەکار هێنابێ بۆ دروستکردنی دوو خواردن بۆ شەش کەس. من کاتێ لە موبەقم قاپەکان

دەشۆم و هەموو ئەو شتانەی بەکارم هێناون، بەوپەڕی خێرایی دەیانخەمەوە شوێنی خۆیان. گەر کەسێک سێ دەقیقە بەر لەوەی تەواو بم بێتە موبەقەکەوە، هەست ناکات هیچ کەس لەوێ بووبێ، بگرە تەنیا وەک میوانێکی کاتی دەبینرێم. بە ئێمام گوت باشترین شت ئەوە بوو ڕووتوقووت بوایە کاتێ پێوەندیی بە کۆمپانیایەکی هێنانی خواردن[1]ەوە کردووە. ئەوسا دەمانتوانی لە کۆڵ هەموو ئەم شتانە ببینەوە.

(بە هێمنی دەدوێ وەک ئەوەی هەست بە جۆرێک لە خۆبەدەستەوەدان بکات)

**ماتیاس:**

چۆنیت؟

**دانێل:**

وەک سەرنج دەدەیت نەختێک ڕەنجاو. من ئەو هەستە خێرا و سادەیەم پێ خۆشە کە دامدەگرێ کاتێ بەیانییان هەڵدەستم لە خەو و دەمەوێ بەرچایی بکەم، خۆم دەکەم بە موبەقێکی گەورەدا بە کەلوپەلی کارکردەییەوە کە هەموو شتێک تێیدا لە شوێنی خۆیدا بێت. حەز ناکەم لەو کاتەدا هێڵنجم بێت.

**ماتیاس:**

من لە یوسفم پرسی.

**دانێل:**

وام زانی لە منت پرسی.

---

(١) Catering بردن و گواستنەوەی خواردن بەتایبەتی بۆ ئاهەنگە تایبەتییەکان.

**ماتیياس:**

نەء، لە یوسفم پرسی.

**دانێل:**

بۆچی؟

**ماتیياس:**

بۆ ئەوەی بزانم چۆنە.

**یوسف:**

چۆنیت؟ باشە. ئەی تۆ؟

**دانێل:**

بۆچی لە یوسف دەپرسیت چۆنە؟ بۆچی لە من ناپرسیت چۆنم؟

**ماتیياس:**

لەبەرئەوەی دەزانم.

**یودیس:**

بۆچی تۆ ناوت یوسفە؟

**یوسف:**

لەبەرئەوەی دایک و باوکم ئەو ناوەیان ناوم. دایک و باوکم ئەو ناوەیان لێ ناوم. ئەوان لێیان ناوم.

(وچان)

**ئێما:**

هاوینەکە چۆن بوو؟

**یودیس:**

کام هاوین؟

**یوسف:**

باش بوو؟

**ماتیياس:**

مەبەستت لەمە چییە؟

**یودیس:**

ئێمە لە بێرگێن بێلسێن[٢] بووین.. ئەی ئێوە لە کوێ بوون؟

**سۆفیا:**

لە ئەڵمانیا بوون؟

**یودیس:**

ئا، لەو وڵاتە سەیر و سەمەرەیە بووین.

**ماتیياس:**

ئا، diesem eigenartigen Land[٣]

**دانێل:**

لەحزەیەک بەیارمەتی. تۆزێ ڕاوەستە. چیت گوت؟ گوتت ئێوە لە بێرگێن بێلسێن بوون؟ پشووی هاوینتان لە بێرگێن بێلسێن بەسەر برد؟

---

(٢) Bergrn Belsen ئۆردووگایەکی ئەڵمانی قڕکردنی جووە دیلەکان لە سەردەمی نازییەتدا، دەکەوێتە ٢٠ کیلۆمەتری باکوری ڕۆئاوای Celle لە ڕۆئاوای ئەڵمانیا. ئەوە یەکەم ئۆردووگا بوو کە دوای شەڕ لەلایەن هاوپەیمانانەوە دۆزرایەوە.

نووسەر

(٣) دیالۆگەکە بەئەڵمانییە واتە: ئەم وڵاتە سەیر و سەمەرەیە، ئەو وڵاتە بێگانەیە.

و. کوردی

**ماتیياس:**

چی؟ گوتت چی؟

**دانێل:**

گوتم: "پشووی هاوینتان له بێرگێن بێلسێن بەسەر برد؟"

**ماتیياس:**

بێگومان نەء. سەردانمان کرد. بە ئۆتۆبانەکەی نزیک هانۆڤەردا چووین تا سەردانی مۆزەخانەکە بکەین کاتێ بۆ پشووی هاوینەمان بەرەو فەرەنسا، بەرەو پرۆڤێنس نزیک لە گویای بەرەوخوار دەبووینەوە. ئێمە لەوێ پشووی هاوینەمان بردە سەر.

**یودیس:**

ڤاوکیوس، پرۆڤانس.

**ماتیياس:**

ئێمە هەموو کات هەر دەچین بۆ ئەوێ.

**یودیس:**

نزیکی ئەڤیگنون.

**ماتیياس:**

بە ئەڵمانیادا رۆیشتین، بە tel Neuch[٤] ، Bern[٥] و بەنێوەکاندا Dolomit[٦].

(٤) شارێکە لە کۆمۆنێکی رۆژئاوای سویسرا.

(٥) پایەتەختی سویسرا.

(٦) بەشێکە لە چیای ئەلپاکان کە دەکەوێتە باکوری رۆهەڵاتی ئیتاڵیاوە شوێنێکی گەشتیارییە بەتایبەتی بۆ خلیسکێنەی سەر بەفر... لە سەردەمی شەڕی =

**سۆفیا:**

هەمووان لە هاویندا لە فرەنسا بوون؟

**یوسف:**

هەر هەموو؟

**سۆفیا:**

هەموو ئەوانەی قسەمان لەگەڵ کردن کە ئاخۆ هاوین لە کوێ بوون، دەرکەوت لە فرەنسا بوون.

**یوسف:**

ئێمە نا.

**سۆفیا:**

ئێمە نا.

**یوسف:**

ئەوە پار بوو، یان پێرار... بیرم نییە.

**ماتیياس:**

زۆر نزیک لە ئەڤیگنونەوە[٧] نا.

**یودیس:**

زۆر نزیک نا، نا، بەڵام زۆر دووریش نا.

---

=یەکەمی جیهانیدا ئەو چیایە بەرەیەکی شەڕ بووە و تا ئێستا گەشتیاران پاشماوەی کەلوپەلی شەڕی لێ دەبینن. بەم دواییيە لاشەی سەربازێک کە تەنیا پێڵاو و جلەکانی و مشتێک چلوچێوی لێ مابووەوە، لەو چیایەدا دۆزرايەوە.

و. کوردی

(٧) Avignon: شارێکە لە باشووری رۆهەڵاتی فرەنسا.

**سۆفیا:**

ئەوە بووە دوو ساڵ لەمەوبەر؟

**یوسف:**

ئەی پاشان؟

**ماتییاس:**

چەند میلێک لە دەرەوەی هانۆڤەر کاتێ تابلۆکەمان بینی لەسەری نووسرابوو بێرگێن، ئیتر من بە ژنەکەم، بەیودیسم گوت لە ڕێگەی ئۆتۆبانەکە لابدات و ڕێگەکە بەرەو بێرگێن قەدبڕ کات. ئەوە خودی هەمان ئەو ناوچە سەرەکییەیە کە دەکەوێتە نزیک هانۆڤەر، بەشێوەیەکی ڕێژەیی لێی نزیک، لەبەرئەوەی ئێمەش بەشێوەیەکی ڕێژەیی نزیک بووین و کاتێکی باشمان بەدەستەوە بوو، ئیتر چاوێکمان پێدا گێڕا.

**یودیس:**

ماتییاس، تۆ داوات لێ کردم، تۆ پێت نەگوتم. خۆ ماتییاس پێم ناڵێ چی بکەم و چی نەکەم. ئەو ئاوهایی نییە. ئەو گەر شتێکی بوێ داوام لێ دەکات.

**دانێل:**

داوای چی؟

**یودیس:**

ئا... شتێک کە خۆی بیەوێ بیکەم... بەهەرحاڵ پێم وایە... پێم وایە شتگەلێک کە دەیەوێ بیانکەم.

**یوسف:**

ئەو وای کرد؟ لە ئۆتۆبانەکە لای دا و چووە سەر ئەو ڕێگە

فەرعییەی کە دەچووەوە سەر بێرگێن بێلسێن؟

**ماتییاس:**

ئا، وای کرد.

**یودیس:**

ئا، وام کرد.

**دانێل:**

هەی شێرەژن. هێند دەمێکە دەیناسم کە هەر بیرم نییە.

**یودیس:**

بەڵام تەنیا فۆتۆ و نووسین و نەخشە و پۆستەر و مۆدێلێکی گەورەی جارانی ئۆردگاکە کە ئەوکات چۆن بووە و چەند پارچەیەکی کەم جل.

**ئێما:**

بۆ گەورە و بچووک؟

**یودیس:**

بۆ بچووک و گەورە.

**دانێل:**

چیت لە خۆت رادەبینی؟ قسەم بۆ بکە، چیت لە خۆت رادەبینی؟

**یودیس:**

کە بمتوانیایە شتێک بکەم.

**دانێل:**

تۆیش کردت.

**یودیس:**

نازانم. نازانم چیم لە خۆم رادەبینی. ئەوە پێشنیازی ماتییاس بوو.

**ماتییاس:**

بۆ ساتێک بەو ناوەدا گەڕاین... خەڵک دەڵێن ئەوێ قوونی دنیایە، کەچی سەرقەبرانێکە.

**دانێل:**

هەردووکیانە.

**یودیس:**

یەکەم شەو لە لیبیک[٨] نووستین. ترومبێلەکەمان لە شوێنێکی گەورەی ڕاوەستانی ترومبێل لە گەڕەکێکی وێرانەدا کە نەختێک چەپەک کەوتبوو، ڕاگرت. هەر کەسێک بیویستایە دەیتوانی سندووقی ترومبێلەکە بشکێنێ و هەموو جانتاکانمان، هەموو ئەو شتانەی پێمان بوو بەرێت.

**یوسف:**

ئێمە لە ماڵەکەمدا بووین.

**سۆفیا:**

یەک شتمان نەکرد. بەدرێژاییی هاوین یەک عەبابەسەرمان نەبینی. (بۆ ئێما) ئەی ئێوە؟

**ئێما:**

ببوورە؟ ئێمە؟

---

(٨) Lubeck: شارێکی بەندەرە لە باکوری ئەڵمانیا.

**یوسف:**

ئا. ئێوە هاوین چیتان کرد؟

**ئێما:**

ئێمە... ئێمە... ئێمە چیمان کرد؟

**یودیس:**

ئەوە بۆیە وا دوور دیاربوو چونکە ئێـمـە کەوتبـووینە دوای دوو ترومـبێلی سـەربازیی ئینگلیـزییـەوە کە بە درێژاییی ڕێگە سـی کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا دەڕۆیشتن.

**دانێل:**

بەڕاستتە؟ بیرت ناکەوێتەوە؟

**ئێما:**

چی؟

**دانێل:**

هاوین چیمان کرد؟

**ئێما:**

هەڵبەت بیرم دێتەوە.

**یودیس:**

هەڵبەت بیری دێتەوە.

**دانێل:**

دەی چیمان کرد؟ توو شەیتان چیمان کرد؟

**ئێما:**

ئا، ئێمە...

ناوی چی بوو؟

**دانێل:**

ئا؟ (وچانی درێژ) برێتاگنێ[٩]... ویستت بڵێی برێتاگنێ؟

**ئێما:**

ئا... ڕێک.

**دانێل:**

سێ هەفتە لە برێتاگنێ بووین کە دەکەوێتە لێوارە ئەتلانتیکییەکەی فرەنسـاوە لە ناوچەیەکدا ناوی Raquenesە، لەوێ لە ئوتێلێک دابەزین، بەڵام ئێمە تاقە میوان بووین، پاشان پێنج ڕۆژ لە نیویۆرک بووین، لەوێش لە ئوتێلێکی تر بووین کە ناوی والدرۆف ئاستوریا بوو.

هەر زۆر گران بوو، بانگەشە بۆکراو و پیس و پۆخڵ. من ئەمەم بۆ باس کردیت چونکە پێ دەچوو بیرت چووبێتەوە. زۆر خۆشمان بوو. گەر ئەمەشت بیر چووەتەوە.

**ئێما:**

بیرم نەچووەتەوە. هەڵبەت بیرم نەچووەتەوە. تەنیا بیرم ناکەوێتەوە. بۆچی دەبێ بیرم چووبێتەوە؟

**یودیس:**

من بەردەوام شتم بیر دەچێتەوە.

**ئێما:**

ئاخر خۆ من لەوێ بووم.

(٩) Bretagne: نیوە دوورگەیەکە دەکەوێتە باکوری ڕۆئاوای فرەنسـاوە، هەروەها هەرێمێکە لە فرەنسا.

**دانێل:**

نازانم. نازانم تۆ بۆچی شتەکانت بیر دەچنەوە. نازانم تۆ بۆچی شتەکانت بیر دێنەوە. من نازانم تۆ بۆچی هەرگیز کلیلەکانت نادۆزیتەوە؟

**ماتییاس:**

ڕەنگە ئەو حەز نەکات بگەڕێتەوە.

**دانێل:**

بۆی هەیە. چاکەتەکەی دڕاوە.

**یوسف:**

ئا وایە. نەختێک دڕاوە.

(هەمووان تەماشای دەرگەکە دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ بڵێن)

**ماتییاس:**

گەر مرۆڤ بیزانیایە بۆچی دەبێ شتەکان بکات ئەوسا ڕەنگە نەیکردنایە. مرۆڤ شت دەکا تا بزانێ بۆچی ناتوانێ نەیانکات.

**سۆفیا:**

دڕاوە.

**یوسف:**

ئا، وایە. نیگەران مەبە.

**سۆفیا:**

نابم. نیگەران نابم. بۆچی نیگەران بم؟

**یوسف:**

نازانم.

**ماتیاس:**

من ئێستا هەنگاوێک بۆ پێشەوە دەنێم.

**دانێل:**

من هەر بەتەواوی هۆشیارم بەوەی بۆچی شتەکان دەکەم، دەیانکەم بۆ ئەوەی هەرگیزاوهەرگیز تەواو نەبن.

**ئێما:**

(دەست دەبا بۆ ئەو قاپەی کە خواردنی تێدا ماوە) لێ گەڕێم ئەمە هەر لێرەدا بێ؟

**یودیس:**

ئەو خۆ دەستی لێ نەداوە.

**ئێما:**

دەزانم.

**دانێل:**

ئەو هەردەم دەستی لێ دەدا بەڵام دەمی بۆ نابات.

**یودیس:**

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابوو خۆشە.

**ئێما:**

دەبێ بدرێتە ئەو کەسانەی کە نییانە.

**سۆفیا:**

ئەرێ ئێرە وەک دۆزەخ گەرم نییە؟ دەڵێی کوورەی تەرم سووتاندنە.

**یودیس:**

نا، من سەرمامە.

**سۆفیا:**

سەرماتە؟ چۆن؟

**یودیس:**

وابزانم.

**ئێما:**

ئەوە لەبەرئەوەیە زۆر لاوازیت. مرۆڤ دەتوانێ لێتەوە تەماشا بکا و ئەودیوت ببینێ. تۆ تەنک و شەفافیت. تۆ دەڵێی دەزوولەی ڕووناکیت لە کونی کلیلی دەرگەیەکدا.

**سۆفیا:**

من هەموو کات دەست دەکەمە پێکەنین کاتێ شتێک ڕاستەوخۆ کارم تێ بکا. کاتێ براکەم نێژرا، لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیدا قاقا پێ کەنیم لەبەرئەوەی بیرم لەوە کردەوە ئەو چەند پێکەنیناوییە کە خۆی دەبوو خەیاڵم لای ئەوە بووایە بچم لەوێ دانیشم و ببینم چۆن هەمووان لە پرسەدان. کاتێ بیرم لەوە کردەوە کەوتمە پێکەنین، پاشان نەمتوانی پێکەنینەکەم ڕاگرم. دەزانم دەبوو ئەو پێی وابێ شتێکی پێکەنیناوییە گەر بیتوانیایە ببینێ چۆن هەمووان لەوێ دانیشتوون و مرومۆچ و غەمگین دەنوێنن. ئەو یاسای دەخوێند. نازیست بوو. ئێوەش لە فەرەنسا هەر ئاوها بوون؟

**ئێما:**

بێگومان. بیگومان هەر ئاوها بووین.

**یوسف:**

کەشوهەوا چۆن بوو؟

**دانێل:**

شێرپەنجەخولّقێن نەبوو.

**ماتیاس:**

krebserregend [١٠]

**ئێما:**

بەلاّم ئێمە مەلەمان کرد.. لە ئەتلانتیکدا.

**دانێل:**

سێ دەقیقە.

**ئێما:**

لە گوێ زەریا سەیرانمان کرد. من سەرکەوتمە سەرەوە بۆ گوندەکە و مریشک و تەماتە و نان و شەرابم کڕی... شتێک وەک ئەوەی مرۆڤ دەیکا.

**دانێل:**

سێ دەقیقەی خایاند. سێ دەقیقە دیار نەما. نەدەچووە ئەقلّەوە.

**ئێما:**

سەگێکی پیری نەخۆش لەوێ بوو دەسپەڕی پێوە دەکردم، تەواوێک تەنیا بەو ناوەدا دەهات و دەچوو. کەس خۆی نەدەکرد

(١٠) وشەکە ئەلّمانییە واتە شێرپەنجە خولّقێن.

و. کوردی

به ساحێبی. ناتوانم بیرم بچێتەوە. تا ڕادەیەک هەموو کات خەیاڵم لایەتی.

**یودیس:**

دانیشتنی سەر ئەم کورسییانە هەر زۆر خۆشە.

**دانێل:**

ئەمە شتێکە کە مانای هەیە.

**یودیس:**

مرۆڤ لەسەریان خاو دەبێتەوە.

**دانێل:**

ئەمە شتێکە کە مانای هەیە.

**یودیس:**

مرۆ لەسەریان ڕۆ دەچێ. مرۆ هەست دەکا هێور دەبێتەوە. (لەسەر کورسییەکە دەخزێ)

**دانێل:**

بونیام لینگ دەکاتەوە. ئەمە ئەوەیە کە مانای هەیە.

**یودیس:**

ئا... زۆر زەحمەتە کورسی بدۆزیتەوە کە هەم جوان بن بۆ سەیرکردن و هەمیش تەواو ئیسراحەت بن بۆ لەسەر دانیشتن. دەبێ تا ڕادەیەک بیر بکرێتەوە بەر لەوەی بڕیار بدرێ ئاخۆ ئەوە ئەو کورسییانەن حەز دەکەیت تەماشایان بکەیت یان ئەوانەن کە حەز دەکەیت لەسەریان دانیشیت و زیاتر دڵت بە درێژییەکەیان خۆشە.

**سۆفیا:**

چی دەکا؟

**دانێل:**

(دوای وچانێک) ئەرێ هەر من دەبێ وەڵامی هەمـــــوو ئەو پرسیارانە بدەمەوە کە دەکرێن؟ نازانم. نازانم ئەو بۆچی لێرەیە. نازانم من بۆچی لێرەم. ئەرێ من بۆچی لێرەم؟

**ماتییاس:**

ئەو تا ڕادەیەک دەمێکە لێرە دوورە.

**دانێل:**

٣٥ ساڵ....

**سۆفیا:**

کێ؟

**یودیس:**

من ناوم یودیسە.

**ئێما:**

من پێم وایە دەستی دەشوا. هەر کاتێ نازانرێ لە کوێیە، دەستی دەشوا.

**دانێل:**

من هیچ تێ ناگەم تۆ بۆچی داوەتت کردووە.

**ئێما:**

من داوەتم نەکردووە.

**دانێل:**

ئەی بۆچی لێرەیە؟

**ئێما:**

ئەو ئیتر هاتووە.

**دانێل:**

باشە چۆن؟

**ئێما:**

کاتێ ئەو تەرخوون و خەرتەلە فرەنسییەم کە لە پۆنت–ئاڤین کڕیبوومان، بەسەر مریشکەکەدا دەساوی، لە زەنگی تەلەفۆنی دەرگەی دەرەوە درا. چوومە هۆڵەکە و پرسیم کێیە. ئەو گوتی نازانێ، ئەوسا زانیم کێیە. گوتی تۆ گوتووتە دەبێ یەکتر ببینن و کوپێک قاوە لە قاوەخانەیەک بخۆنەوە. پرسیاری کرد ئاخۆ درەنگ نەکەوتووە یان ڕۆژەکەی لێ هەڵە نەبووە و قاوەخانەکەش دەکەوێتە کوێوە. ئەوە دە دەقیقەی خایاند. تۆ شتی وات کردووە؟

**دانێل:**

بە دڵنیاییەوە. جارێک لە داهاتوودا وام کردووە، نەک ئەم ئێوارەیە. ئەو هیچ قاوەشی نەخواردەوە. ئەو تەنیا دانیشت و کوپەکەی دەبرد بۆ دەمی و وای دەنواند قاوە دەخواتەوە.

**ئێما:**

ئەی گەر دەتزانی قاوەخۆر نییە بۆچی پێت گوتووە یەکتر ببینن و قاوە بخۆنەوە؟

**یودیس:**

مەسەلەکە قاوە نییە. شتێکی ترە.

**ماتییاس:**

نزیکایەتی، پێوەندی... نزیکایەتیی ئینسانی.

**دانێل:**

ئەو نە قاوە دەخواتەوە و نە چا و نە هیچ شتێکی تر. ئەمە کێشەکەیە، ئەمە کێشەکەیەتی. تۆ سەرنجی ئەوەت نەداوە؟ گەر بتتوانیایە ببینیت ئەوە چۆن چۆنییە، ئەوسا ئەوە بۆ من زۆر شت بوو. گەر من بمتوانیایە ببینم تۆ دەبینیت ئەوە چۆن چۆنییە، ئەوسا ئەوە بۆ من زۆر شت بوو. گەر تۆ سەرنجت بدایە ئەوە چۆن چۆنییە، گەر بمتوانیایە ببینم تۆ سەرنج دەدەیت ئەوە چۆن چۆنییە. ئەمە چ بێ مانایە.

**ئێما:**

ئەو خۆشی دەوێیت.

**دانێل:**

من پێم وابوو تۆ خۆشت دەوێم.

**ماتییاس:**

من ماتییاسم... ناوم میشێلە. کاتێ شازدە ساڵان بووم چوار مانگ لە گوندێکدا کە ناوی دۆرفمارک، نزیک بێرگێن بێلسێن بوو، ئیشم کرد. بە قەد یازدە تانجی و هێندەی بیست و شەش ئەسپی ڕاو دەجوولاّم. باوک و دایکم ناردیانم بۆ ئەڵمانیا تا مێژووی خۆم ببینم.

**ئێما:**

ئەو ستایشت دەکا. دەتوانرێ ببینرێ کە چۆن گەلێک بێ ئەندازە ستایشت دەکا و ڕێزت دەگرێ. ئەو ستایشی...

ستایشی... وزەت... ستایشی... ستایشی... ئەعساب ساردیت... ستایشی ئامانجداری.. ستایشی خۆبەشتزانی... ستایشی.. ستایشی خێزانەکەت.. نازانم چۆن گوزارشت بکەم، ئەو کاتێ تەماشات دەکا نازانێ دەبێ قوڕی کوێ بەسەری خۆیدا بکا.

**دانێل:**

کاتێ تەماشای من دەکا؟

**ئێما:**

ئەو نازانێ دەبێ چی بکا.

**دانێل:**

منیش.

**سۆفیا:**

ئەو جوانە... ئەو بەجۆرێک لە جۆرەکان کەسێکی نائاساییە.

**دانێل:**

تۆیش هەر وایت. (وچان) تەمەنت چەندە؟

**سۆفیا:**

من زۆر ئەو گەنجە نیم کە مەزەندە دەکەیت.

**دانێل:**

بۆ نا؟

**سۆفیا:**

ئەی چ بڵێم؟

**دانێل:**

نازانم.

**یودیس:**

لەم ڕۆژانەدا لە گالێریان لە ستریۆپلان ئەوم بینی. من لە مەلەوانگەی ستوریّ بووم و بۆ ماوەی سەعاتێک مەلەم کرد، پاشان ماساج و ساونا. ئەو لە ناوەڕاستی گوزەرگەکەدا ڕاوەستابوو، لای ئەو فولکەیەی کە دەتوانریّ لێیەوە، لە خوارەوە لە کتێبەکانی کتێبفرۆشییەکەی هێدێنگرێن بنۆڕدریّ، دەچووە پێشەوە بۆ لای خەڵکە نەدیو و نەناسەکە، پێشی لیّ دەگرتن و دەستێکی بۆ پان دەکردنەوە کە بەڵکو شتێک پارەی بدەنیّ تا کارتێکی تەلەفۆنی پیّ بکڕیّ و تەلەفۆنێکی زۆر گرینگی پیّ بکا.

**ئێما:**

بە دڵنیاییەوە تەلەفۆنت بۆ دەکا.

**دانێل:**

کیّ؟

**ئێما:**

یوناس. یوناسی برات.

**دانێل:**

یوناس؟ (وچانێکی کورت) من وەک برایەک خۆشم دەویّ. بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکەم.. ماندوو دەبم بەڵام دەری ناخەم. تەنانەت بۆ خۆیشم.

(بێدەنگی)

**یوسف:**

(شەراب بۆ ئەو کەسانە تیّ دەکا کە نزیکین، پاشان تەماشای

دانێل دەکا، دوای ئەوەی هەست دەکا دانێل دووی چکۆڵەترین جووڵە کەوتووە) حەزت لە چییە؟

**دانێل:**

من؟ (بێ جووڵە) شتێک گەنجتر... کەسێک کە ڕقی لێم نەبێ و هەموو شتێکی هەر لەگەڵ ڕوودانیاندا بەخێرایی بیر نەچێتەوە. کەسێک کە ئاگای لە براکەم بێ و ئەو خۆشەویستییەی بداتێ کە هەرگیز نەیبینیوە و ئەو خۆشەویستییەی پێ بدا کە نییە.

**یوسف:**

مەبەستم حەزت لە چییە بۆ خواردنەوە.

**دانێل:**

خواردنەوە؟

**یوسف:**

ئا، دەتەوێ چی بخۆیتەوە؟

**دانێل:**

چی بخۆمەوە؟ وام زانی پرسیارم لێ دەکەیت چیم دەوێ.

**یوسف:**

نەء. تەنیا پرسیارم لێ کردیت حەز دەکەیت چی بخۆیتەوە. بۆچی دەبێ لەبارەی شتی ترەوە پرسیارت لێ بکەم؟

**دانێل:**

وام زانی. دەی تۆ هەر وایت. من هەردەم پرسیارەکانت بەجۆرێکی جیاواز دەبیستم لەوەی کە تۆ پرسیارم لەبارەوە لێ دەکەیت. نازانم حەزم لە چییە. پێم وایە بێ مانایە پەی ببەم

بەوەی حەزم لە چییە.

**یوسف:**

بەڵام ئەوە هەڵەیە.

**دانێل:**

ئاشکرایە ئەوە هەڵە بووە. چ پاساوێک نییە پرسیارم لێ بکەیت حەزم لە چییە. من توندڕەوانە قایلم بەوەی کە هەمە، زۆر سوپاس. زۆر زۆر سوپاس.

**ئێما:**

قایل دیاریت.

**یوسف:**

توندڕەوانە؟

**دانێل:**

قایل، بەڵێ. توندڕەوانە قایلم بەوەی هەمە. لەمە تێ ناگەیت؟ ئەوە تەنیا پێوەندیی نییە بەوەوە کە من خاوەنی لانی زۆری هەموو ئەو شتانەم کە دەکرا بیانخوازم، کە من ڕۆژێک لە ڕۆژان خواستوومن یان پێم وابووە خواستوومن لەبەر ئەوە وەک بەدیهاتوو دەبینرێن یان لەبەرئەوەی خواستن هەن مرۆ نازانێ بەر لەوە بەدی هاتوون بۆیە دەست لە بەدیهێنانیان هەڵدەگرێ، بەڵکو مەسەلەکە بەر لە هەر شتێک پێوەندیی بەوەوە هەیە من لەو جۆرە کەسانە نیم ئازاری خۆم و خەڵکانی تر بدەم و وەک ئەوەی زۆر کەس دەیکەن، خەم بۆ ئەو شتانە بخۆم کە نیمن و لە ڕاستیشدا شتی زۆر نین، بەڵکو بەوە دڵخۆشم بیر لەو شتانە بکەمەوە کە بەڕاستی هەمن و دەمەوێ هەمبن. من یوناسیش

لەسەر ئەو شتانە حیساب دەکەم کە هەمن. بێ چەند و چوون. بۆچی وا نەکەم؟ کەس نییە پێویستی بە شتێک نەبێ کە سەرنجی خۆی پێ ڕاکێشێ بۆ ئەوەی چەندێکیش ژیانی باش بەڕێوە بچێ، هێشتا هەر خوا نییە. یوناس ئەمەیە بۆ من. ئەو وەیادهێنانەوەیەکی خوایە. بەڵام ئەو تەنیا وەیادهێنانەوەیەکی خوا نییە ، بەڵکو براشمە.

**ئێما:**

(بێدەنگ) بیبڕەوە.

**دانێل:**

من خۆشم دەوێ. وەک برایەک خۆشم دەوێ. وەک برام خۆشم دەوێ. من قەت کەسی ترم نەبووە. بۆچی بیبڕمەوە؟ چی ببڕمەوە؟

**سۆفیا:**

هیچتان لە نیویۆرک بینی؟

**ئێما:**

نیویۆرک؟

**ماتیاس:**

ئێستا ئیتر چەنە لەبارەی نیویۆرکەوە دەست پێ دەکا.

**دانێل:**

هەڵبەت بۆم گێڕایتەوە ئێمە لە نیویۆرک بووین، تۆ و من. هەڵبەت شتمان بینی. خۆ نەمردووین. (پێ دەکەنێ)

/بێجگە لە سۆفیا هەمووان پێ دەکەنن/

**سۆفیا:**

من کەوتمە گومانەوە.

**ماتییاس:**

ئێمە نەمردووین؟

**دانێل:**

نەء، بۆچی مردبین؟

**یودیس:**

هەر بەڕاستی ناتوانین شتێکی دڵنیا لەبارەی ئەوەوە بڵێین.

**ئێما:**

من نەمردووم.

**یودیس:**

منیش نەمردووم.

**دانێل:**

ڕەنگە مردبین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هیچمان لە نیویۆرک نەبینیبێت.

**سۆفیا:**

نواندنێکی باش... پیەسێک؟

**دانێل:**

مەبەستت چی بوو؟

**ئێما:**

نا، دانێل کاتی بۆ ئەوە نییە.

**یوسف:**

پێم وانییە حاڵی حازر چ پیەسێکی وا باش هەبێت شایستەی ئەوە بێت ببینرێت.

**سۆفیا:**

نییە؟ ئاخۆ چ ڕاڤەکردنێکی ئەقڵانیانەت بۆ ئەمە هەیە؟

**دانێل:**

دانێل یەک دنیا کۆبوونەوەی حیجزکراوی هەر لە سەعات هەشتی بەیانییەوە بۆ یازدەی شەو هەبوو کە هەموو کاتەکانی ئەوی تەخشان و پەخشان دەکرد لە نووسینگە جیاوازەکانی مادیسون ئاڤینیو و لینکون سینتەر و هەتا لەبەر دەروازەی ئوتێلەکەی خۆیشیدا، والدروف ئاستوریادا، ئەو ئوتێلە بەناوبانگەی جیهان کە سی ساڵ لەمەوبەر باشترین ڕۆژ و باشترین میوان و باشترین کارمەندەکانی خۆی، ئەگەر هەیبووبن، بینیوە. پێوەندی کردن پێیانەوە وەک پێوەندی گرتن بە قالۆنچەکانەوە زەحمەت بوو. ئێمە ناچار بووین لەوێ دابەزین چونکە خاوەن سەهمە ئەمەریکییەکانمان لەوێ ناونووسیان کردبووین تا یان سووکایەتیمان پێ بکەن یاخۆ کارمان تێ بکەن. بێ لەوەش من لەوێ بووم تا پسپۆڕێکی ئەمەریکایی پەیدا کەم بۆ ئەرکێکی تا ڕادەیەک ئینجیلییانەی دەوروتەسلیم لە سەودا و مامەڵەیەکی باج کە حەوت ساڵە درێژەی هەیە. من پارێزەرم.

**ئێما:**

مێترۆپۆلیت دەکەوێتە بەرامبەر لینکۆڵن سێنتەرەوە.

**دانێل:**

تەواو نا. تا ڕادەیەک ئەوە هۆکارێکی جیابوونەوەیە.

**یوسف:**

هیوادارم.

**دانێل:**

بە ژوور نووسینگەی پارێزەرییەکەوە لە لینکۆڵن سێنتەر کە ئێمە سەردانمان کرد تا خواردنەوەیەکی بچووکی بەخێرهاتنی لێ بخۆینەوە، باریشنیکۆڤ[11] شوقەیەکی بچووکی هەیە.

**یوسف:**

چەند بچووک؟

**سۆفیا:**

کێ؟

**ئێما:**

جولیارد سکولیش[12] دەکەوێتە ئەوێوە... بیر بکەوە گەر جێسیکا لەوێ بیخوێندایە.

**سۆفیا:**

بینیت ئەو سۆیا ژاپۆنییەی ئێمە بەکاری دەهێنین گەمەی لە

(١١) Mikhail Baryshnikov سەرمازانێکی ڕووسییە، ساڵی ١٩٤٨ لەدایک بووە، یەکێکە لە هونەرمەندە هەرە گەورەکانی دنیای هاوچەرخ، لە ساڵی ١٩٧٤ەوە لە ئەمەریکا و کەنەدا چالاکیی هەیە. نووسەر

(١٢) Juilierd School: یەکێکە لە خوێندنگە باڵاکانی مۆسیقا لە جیهاندا، ساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە و لە نیویۆرکە. نووسەر

جێندا[١٣] تێدا کراوە؟

**یوسف:**

تۆ دەتزانی مرۆڤ لە جووتبوونێکی ئاساییدا ١٥٠٠ کالۆری سەرف دەکا؟

**یودیس:**

من جێسیکام خۆش دەوێ.

**یوسف:**

گوتتان ستۆمپ[١٤] ؟

**دانێل:**

نەء.

**یوسف:**

نەتانگوت ستومپ؟

**دانێل:**

نەء.

**ئێما:**

نەء.

**دانێل:**

نەء. تۆ ساڵێک لەمەوبەر، ساڵی ٢٠٠٠ رێک هەمان پرسیارت

(١٣) Jen: ئەوەی لە خانەکانی لەشدا هەیە و لە دایک و باوکەوە بۆ منداڵ دەگوێزرێتەوە. و. کوردی

(١٤) Stomp: گرووپێکی سەما لە نیویۆرک کە نواندنی سەیروسەمەرەیان کردووە وەک لاقکردن بە بەرمیلە نەوتدا، خۆهەڵواسین بە نمای خانووەوە یاخۆ گرتنی سوتووی دەنکە شخارتە بەدەستەوە. نووسەر

کرد، هەروەها ساڵی پێشتر، ١٩٩٩یش. ئەوە لە سەدەی بیستدا بوو. تۆ پرسیارت کرد ئاخۆ ئێمە ستومپمان بینیوە. نەء، ئێمە ستومپمان نەبینیوە. توو شەیتان بۆ دەبێ ئێمە ستومپمان بینیبێ؟ ئەو شتە نەفرەتییە چییە وا دەکا ئەوەندە ستومپت بەلاوە گرینگ بێت؟ تۆ بینیوتە؟

**ماتیاس:**

من بیرم نییە چیم بینیوە.

**سۆفیا:**

ئەو نەیبینیوە. بەپێچەوانەوە من بینیومە، لە لەندەن.

**ئێما:**

خۆ ئێمە لە نیویۆرک بووین.

**یوسف:**

من وام نەگوتووە، من وام نەگوتووە، من نەمبینیوە ئێوە بڵێن ستومپتان بینیوە.

**یودیس:**

ئەوە لەبەرئەوەیە بیرت دێتەوە؟

**یوسف:**

یەکێک گوتی ئەو زۆر باش بوو.

**سۆفیا:**

من بووم.

**یوسف:**

نازانم ئاخۆ ئێستا باش بێت.

**ئێما:**

من بیری سەدەی بیست دەکەم. تۆ بیری ناکەیت؟

**دانێل:**

نەء، بێگومان بیری ناکەم.

**ئێما:**

بیری ئەوە دەکەم کە شەوان لە سەرەوە دانیشم و تەماشای شەڕی کەنداو، Seinfeld، sushi، jil Sanders و کلینتۆن بکەم... خوایە چەند بیری دەکەم. ئەرێ دوای ئەو کێ دەبێتە سەرۆک؟

**دانێل:**

بەپێچەوانەوە... بەپێچەوانەوە ئێمە لە سێ کتێبفرۆشی بووین، لە ناویاندا لە ستراندس کە خۆی بەوەوە بادەدا ئەوان هەشت میل کتێبیان لە هۆڵەکانیاندا هەیە، بڕێکی زۆریش کتێبی ئەمەریکایی چێشت لێنان، کتوپڕ ئەوەم بیر هاتەوە، وەک مینیفلاشێک کاتێ یەکێک لەو کتێبانەم لە موبەقەکەدا بینی بە ساردێل و خەرتەلەی فرەنسی پیس بووبوو. تۆ ئەوانەت بۆ چین؟ قوونی خۆتیان پێ دەسڕیت؟ ناتوانیت بخوێنیتەوە؟ چ عەیبێکی نەفرەتیت تێدایە؟

**یوسف:**

ئەو کتێبی چێشت لێنانەتان لە کوێ بوون؟

**ماتیياس:**

تۆ تا ڕادەیەک شەڕانگێز نیت؟

**دانێل:**

نەء.

**ئێما:**

(پێ دەکەنێ) بیر دەکەمەوە لە... لە کاتێ جێسیکا ساوا بوو هێندە زۆر گووی دەکرد ناومان نابوو مەکینە خەرتەلە بچووکەکە.

**یودیس:**

(هەڵدەلەرزێ) ساوا خراپترین وشەیە کە گوێم لێ بووبێ.

**ئێما:**

منیش.

**یودیس:**

من رقم لە منداڵی زیندووە.

**سۆفیا:**

قاتێکی جوانە. ئەوەیە کە دەبوو هەتبووایە. لە نیویۆرک کڕیوتە؟

**دانێل:**

سوپاس. نەء، سوپاس. نەء، سوپاس. نەء، سوپاس. نەء.

**سۆفیا:**

لە نیویۆرک نەتکڕیوە؟

**دانێل:**

بۆچی دەبێ لە نیویۆرک کڕیبێتم؟

**سۆفیا:**

ئاخر تۆ لەوێ بوویت.

**دانێل:**

زۆرجار. پێم وایە. حەزم لێیەتی. زۆرجار لەوێ بووم. دواجار لێی ماندوو بووم.

**یودیس:**

ئەوە Boss[١٥] ە؟

**دانێل:**

Boss؟

**یودیس:**

قاتەکە. ڕەشەکە. ئەوەی لەبەرتایە.

**سۆفیا:**

ڕەش دیارە.

**دانێل:**

نەء. ڕەش دیار نییە.

**یودیس:**

دیار نییە؟

**دانێل:**

ڕەش نییە. ناکرێ ڕەش بێ. ناکرێ وەک مارکەی بووس بنوێنێ. من قەت مارکەی بووسم نەکڕیوە. من تا ئەو دەمەی لەوپەڕی هۆشیاریدا بم، هەرگیز ناتوانم شتێک بکڕم بووسی پێوە بێ. تا ئەو دەمەی یەک نەخت بیرەوەریم هەبێ، تا ئەو دەمەی لە ژیاندا بم، تا ئەو دەمەی ژیانم کۆتاییی دێ یەک شتی بووس ناکڕم.

---

(١٥) Hugo Boss 1885 - 1948، ساڵی ١٩٢٤ کارخانەیەکی جلوبەرگی دامەزراند. هەر لەو ساڵەوە کەوتە جلوبەرگ ناردن بۆ حزبی نازی NSDAP واتە -Na tioalsozialistiache Deutsche Arbeterpartei و خۆیشی لە ساڵی ١٩٣٢دا بووە ئەندام تێیدا. لە ساڵانی شەڕدا و لەو کارخانەیەدا بە تۆپزیی ئیشی بە نزیکەی ١٢٠٠ کەس دەکرد. نووسەر

خێزانی باوکی Boss، خودی سەرە زلەکە، هیدرا[١٦] کە، هۆگۆ بووس، ئەوەی کە بە فەرمانی راینهارد هیدریچ[١٧]... ئەو پیانیستە ئەڵمانییە ئەفسووناوییە ، جلکی سەربازیی ئەفسەرانی ئێس ئێسی داهێنا و درووی.

**یودیس:**

من ئەوەم نەدەزانی.

**دانێل:**

من دەمزانی.

**یوسف:**

من نەمدەزانی.

**ئێما:**

من نەمدەزانی.

**دانێل:**

من دەمزانی. ئەم بەیانییە سکرتێرەکەم پێی گوتم یەکێک لە وەکیلەکانم تەلەفۆنی کردووە و گوتوویەتی ئەمڕۆ سەعات ١٥ ناتوانێ بێت چونکە دەسگیر کراوە لەبەرئەوەی بە مەستی چووەتە سەر کوڕە دوو ساڵانەکەی و خنکاندوویەتی. ئەو دەبوو

(١٦) Hydra: دەعبایەکی میتۆلۆجییە، چەند سەرێکی هەیە و خاوەن جەستەیەکی مارئاسایە. و. کوردی

(١٧)Reinhard Heydrich (1904 - 1942): لە ساڵی ١٩٣٦ەوە بەڕێوەبەری دەزگای پۆلیسی نهێنیی نازییەکان بوو، ساڵی ١٩٣٩ بووە وەزیری ئاسایش. چیکۆسلۆڤاکییەکان تەقەیان لێ کرد و کوشتییان، لە تۆڵەی ئەوەدا ئەڵمانەکان گوندی Lidiceیان تارومار کرد. نووسەر

دووشــەم بەر لە چوار رۆژ ســەعـات ١٥ بـۆ كـێـشـەیەكـی تەواو جیاواز بهاتایە.

**یودیس:**

ئیـمـە كـە هـەمـوو تەواوی مـووبـەقـەكـە پڕە لە Krupp ، Miele و Siemens[١٨] ، گسكێكی كارەبایی میێلێشمان هەیە.

**ماتییاس:**

پوورزایەكم هەیە مێردەكەی ڤێلایەكی لە Wannsee[١٩] كڕیوە.

**یوسف:**

من دەبوو گسكێكی نوێی كارەباییم بكڕیایە.

**ئێما:**

ئەمـڕۆ كـراســێكی Philip Starck م تاقـی كـردەوە. وەک تیــوب وابوو. مرۆڤ دەیتوانی تا ڕادەیەک هەموو شتێكی پێوە بكات.

**سۆفیا:**

هـەر زۆر كـــەشـــخـــەن... ئەو جـــلانـە... مـــەبـەســـتم لـە جلـە سـەربـازییـەكـانی ئێس ئێسـە... هـەڵبـەت جـوانن، مـرۆڤ دەتوانـێ هەرچییەكی دەوێ پێیانەوە بیڵێ...

---

(١٨) ناوی سی ماركەی شمەک. و. كوردی

(١٩) Wannsee (Wannseekonferenz) لە مـانـگی كانوونی دووەمـی سـاڵی ١٩٤٢دا و لە ڤـێـلایەكی ناوچەی Wannseeی كـەنـاری شـاری بەرلین، كـۆنفـرانسـێک بەسـترا و تێیـدا نازییـەكان پلانـی یەكلاكـردنەوەی یەكـجارەكـیی كـێشـەی جـووەكـانیـان داڕشـت، واتە ئەو پلانی قـڕكـردنەی كـە ئەمـڕۆ بە جـینۆسـاید دەناسرێت. سـەرۆكی كۆنفرانسەكە بەڕێوەبەری پۆلیسـی نهێنیی (گێستاپۆ)، راینهارت هیدریچ بوو. نووسەر

**دانێل:**

کەشخەن؟

**ئێما:**

دەبوو بمکڕیایە؟

**یودیس:**

ئا، بۆ نا؟ گەر حەزت لێ کردبوو.

**ئێما:**

حـــەزم لێ نەکــردبوو. هـەر زۆر گــەنجــانە بـوو. ئاخـــر من زۆر بەتەمەنم.

**یودیس:**

ئێستا ئیتر ئەوە هیچ گرینگ نییە.

**ئێما:**

بیرم لەوە کردووەتەوە خۆم فێری زەریاوانی بکەم.

**ماتیياس:**

ئێمە لە کوێین؟

**ماتیياس:**

بەم زووانە دەمرم. دەبێ بەم زووانە بمرم. بەم زووانە دەمرم من. بەم زووانە من دەمـرم. بەم زووانە من مـردووم. دەبێ بەم زووانە بمرم. بـەم زووانە مـن دەمـــرم. بەم زووانـە دەمـــرم من. مـن بەم زووانە دەمرم. من دەمرم. من مردووم.

**دانێل:**

من دەبینم ئێوە ١٠٠ ملیۆنتان لە داهاتی ئاگەداریینامە[٢٠] دا لە کیس چووە.

**یوسف:**

ئێمە نا. خاوەن سەهمەکان. من خاوەن سەهم نیم. من سەرنووسیارم.

**دانێل:**

من پارێزەرم.

**ئێما:**

من سەرنووسیاری کتێبی منداڵانم.

**ماتییاس:**

من دەروونناسم.

**یودیس:**

من نازانم تۆ چیت.

**سۆفیا:**

من رۆژنامەنووسم... هیوادارم بەم زووانە ببمە بەرهەمهێنەری تەلەڤزیۆنی.

**ماتییاس:**

گوتت چی؟

---

(٢٠) Annons: مەبەست لە ئاگەداری و بانگەواز و هەر شتێکە بۆ ئاگەداری لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەکرێتەوە. و. کوردی

**سۆفیا:**

من رۆژنامەنووسم... هیوادارم بەم زووانە ببمە بەرهەمهێنەری تەلەڤزیۆنی.

**ماتیاس:**

گوتت چی؟

**سۆفیا:**

من رۆژنامەنووسم... هیوادارم بەم زووانە ببمە بەرهەمهێنەری تەلەڤزیۆنی.

**ماتیاس:**

نا، تۆ.

**یودیس:**

من؟

**ماتیاس:**

گوتت چی؟

**یودیس:**

من نازانم تۆ کێیت.

**ماتیاس:**

گوتت چی؟ نازانیت من کێم؟

**یودیس:**

ئاشکرایە دەزانم. ئاشکرایە دەزانم تۆ کێیت. مەبەستم ئەوەیە بڵێم نازانم خۆم کێم.

**دانێل:**

هەر بەڕاستی ئەمە پێوەندی بەوەوە نییە تۆ کێیت، بەڵکو پێوەندی بەوەوە هەیە ئەوانی تر پێیان وایە تۆ کێیت.

**ئێما:**

ئەی دایکت کێ بوو؟

**ماتییاس:**

نازانیت من کێم؟ ئەوەندە دوور ڕۆیشتیت.

**دانێل:**

ئەم پێڵاوانە هی من نین، هی کەسێکی ترن.

**ماتییاس:**

(ئاماژە بۆ یودیس دەکا) تەماشام بکە.

**یودیس:**

بۆچی؟

**ماتییاس:**

تەماشام بکە. من مێردی تۆم. من نۆزدە ساڵە دەتناسم. بیست ساڵە مێردی تۆم.

**یودیس:**

دەزانم. چ دەمێکە.

**ماتییاس:**

باشە، ئۆکەی.

**یودیس:**

چ ترسناکانە دەمێکە...

**ماتیياس:**

چاکە، ئۆکەی.

**یودیس:**

زۆر دەمێکە... چەند دەمێکە؟

**ماتیياس:**

بیست ساڵە. بەڵام ئەو ماوەیە قەت قەت هەست ناکرێ دەمێکە...

ئازیزم.. خۆشەویستم.. ئازیزم.

**یودیس:**

سوپاس. ببوورە.

**ماتیياس:**

نا. من دەبێ سوپاست بکەم.

**یودیس:**

سوپاس، خۆشەویستم.

**ماتیياس:**

هیچ قسەی ناوێ. من دەبێ سوپاست بکەم.

**یودیس:**

سوپاس، ئازیزم.

**ماتیياس:**

هیچ قسەی ناوێ، من دەبێ سوپاست بکەم.

**یودیس:**

سوپاس، ئازیزم.

**ماتیياس:**

من دەبێ سوپاست بکەم.

**یودیس:**

سوپاس ئازیزم.

**دانێل:**

ئەو دەبێ سوپاست بکا.

**ماتیياس:**

دەیکەم.

**یودیس:**

سوپاس ئازیزم.

**ماتیياس:**

هیچ قسەی ناوێ. من دەبێ سوپاست بکەم.

**یودیس:**

من زۆر غەمبارم ئێمە جیا بووینەتەوە. من زۆر خەمبارم ئێمە لای یەکتر نەماین. من زۆر خەمبارم مەسەلەکە هێندە خەمگینە کە ئێمە یەکترمان بەجێ هێشت. من زۆر دڵتەنگم ئەوەی دەبوو بۆ هەموو کات بەیەکەوەمان گرێ بدا، بۆ هەموو کات لە یەکتری جیا کردینەوە.

**ماتیياس:**

ئا... ئا، وابوو... ئێمە.. ئێمە.... وابوو.

**یودیس:**

من زۆر خەمگینم کە ئێمە دەرەقەت نەهاتین. من زۆر خەمگینم کە ئێمە مردووین...

**ماتیياس:**

ئا، منیش. منیش خەمبارم.

**سۆفیا:**

(خۆی بەرەو لای یوسف دەچەمێنێتەوە) پیر دیاریت.

**یوسف:**

بەڕاست؟

**سۆفیا:**

وا دیاریت؟

**یوسف:**

چی؟

**سۆفیا:**

پیر. پیر دیاریت؟

**یوسف:**

ئا. ڕەنگە. ژیانێکی درێژ...

**یودیس:**

ئەوە پێوەندیی بەوەوە هەیە مرۆڤ چۆن دەیبینێ.

**سۆفیا:**

تۆ پێویستت بەوەیە عەلەفی زیاتر بخۆیت.

**یوسف:**

ڕێک وایە. عەلەفی زۆر کەمم لە ژیانمدا خواردووە. ئێستا ئیتر درەنگە. ئەم بەیانییە بۆم دەرکەوت ئیتر درەنگە.

**یودیس:**

(هەمــووان جگە لەو چاویان لێک ناوە) ئێــمــە وا ڕاهاتووین هەردەم لە ئوتێلێکی نایاب لە Etienne Les Orgue دابەزین کە لە لوگـــــیس دی فــــرانس دۆزیمانەوە، بەو ئوتێلە زۆر خۆشانەیشەوە لە فرەنسا کە ناوی قەدیس کلایرایە و دەکەوێتە جــێگەیەکــەوە لە ناوچەی Alpes de Hawtes ، بەڵام کــاتێ چووین، هەر هەمووی قەپات بوو، بە داخەوە، یەک تاقە ژوور بە بەتاڵی نەمابوو. لەبەرئەوە ناچار بووین شوێنێکی تر بدۆزینەوە. ئەوەش زۆر ئاسان نەبوو. ڕۆیشتین و هەر ڕۆیشتین و ئیدی دنیا تاریک دادەهات و تا دەهات زیاتر ئومێدبڕاو و برسی و شەکەت دەبووین. بەڵام دواجار گەیشتینە جێگەیەک ناوی لیورسە، دەکەوێتە نزیکەی سێ یان چوار میل دوور لە قەدیس کلایراوە، کەمێک ژوورتر لە چیاکەدا، گوندێکی بچووکی زۆر خۆش، لەوێ لە ئوتێلێکدا کە ناوی Seminaireیە، ژوورێکمان دەس کەوت. بەڵام قەت لە چاو قەدیس کلایرادا ئەو خۆشە نەبوو. تەواو ژینگەیەکی تر بوو. زۆر ناخۆش بوو. بیری قەدیس کلایرامان دەکرد. لەوێ مرۆڤ دەیتوانی بەیانییان لە دەرەوە دانیشێ و لەژێر مـەگنۆلیـاکـاندا[٢١] بەرچایی بکا و پاشـان مـەلـەیەک لە مـەلەوانگەکـەدا بکا. بەڵام لە Les Seminaire تەنیا میوانی ئەڵمانیی لێ بوون. دەوڵەمەند، لووتبەرز و خۆ بەشتزان وەک

(٢١) Platan: دار و دەوەنێکە کە گوڵێکی سپیی جوان و بۆنخۆش دەگرێت و بۆ ڕازاندنەوەی باخچەکان بەکار دەهێنرێ. بە عەرەبی مغنولیا و بەئینگلیزییش هەر magnoliaی پێ دەگوترێت. فەرهەنگی کەمالنامە: مامۆستا کەمال جەلال غەریب.

ئەوەی گــەڕابنـەوە تا بیــرەوەرییــە خــۆشــەكــانی ڕۆژانـی داگیـركارییان بژێننەوە. سـەرنجم دا بەردەوام خەریكی خۆیانن تا تێ گەیشتم تەنیا میـوانانی ئەڵمانی لەوێن و كـەسی تر نا. یاسـای نەزمی ئەڵمـانی، وشـەی ئـەڵمانی، جلوبەرگی ئەڵمـانی، ترومـبـێلی ئەڵمـانی، تابلۆی هێڵی ئاسنیی ئەڵمـانی. خـواردنی ئەڵمـانی. خـۆڵەمـێـشی ئـەڵمـانی. سـەعـاتی ئەڵمـانی. فـیلمی ئەڵمـانی، مـۆسـیـقـای ئـەڵمـانی، ئەڵمـانی ئەڵمـانیی و هـەندێك ئەڵمـانـی ئیسـپـانـی. مـەلەوانگەی ئەڵمـانی. سـابوونی ئەڵمـانی. یاریی منداڵانەی ئـەڵمـانی. جگەرەی ئەڵمـانی. لیسـتی خـواردنی ئەڵمانی. بیـرەوەریی ئەڵمانی. دەرمانی ئەڵمانی. هەسـتت دەكرد وەك بلێی مرۆ پەڵەی پیسی جێ هێشـتبێ یان هـەرچییـەكی تر كـە بـە مـرۆڤـەوە دەلكێ. كـاتێ بەیـەكـێكیـان دەگـەیشـتـیت وا تەمـاشـایان دەكردیت وەك ئەوەی ژنە خـواوەند بیت. ئەرێ ئێوە لە لیورس بوون؟

/وردە وردە چاویان دەكەنەوە وەك ئەوەی بكەونەوە قسە/

**یوسف:**

من لە لیورس لەدایك بووم. یەكەمین سێ ساڵی ژیانم لە لیورس بەسـەربرد. یەكـەمین كـچی ڕەگەزگۆڕاوم لە لـیورس هەبوو. ئەو سمێڵی هەبوو. هیچ پارەیەكمان نەبوو ئەگینا لە لیورس ڕامان دەكرد.

**دانێل:**

من تەنانەت نـاتوانم بەناو ئەڵمـانیـادا سـەفـەر بكەم. چـەندێكیش بكرێ كەمتر لێی بمێنمەوە.

**ماتیاس:**

گاڵتە دەکەیت.

**دانێل:**

پێت وایە؟ (وچانێکی کورت) هەر بە جیدی پێت وایە گاڵتە دەکەم؟

**ماتیاس:**

نازانم. نازانم چیم پێ وابێ. نازانم جیاوازییان چییە.

**دانێل:**

لە چی؟ لە گاڵتە یان لە جیدی؟

**ماتیاس:**

لە تۆ. کاتێ گاڵتە دەکەیت یان کاتێ بە جیدیتە.

**دانێل:**

هەڵبەت ئەوە پێوەندی بە کاردانەوەی تۆوە هەیە.

**یودیس:**

ئیساک ستێرن(٢٢) ناخوازێ لە ئەڵمانیا مۆسیقا بژەنێ.. بەڵام بەخۆشحاڵییەوە گەنجە خاوەن بەهرە مۆسیقاییەکان فێری مۆسیقا دەکات... ئێستا ئەو مردووە.

**ئێما:**

وایە.

---

(٢٢) Isaac Stern (1920 -2001): ڤیۆلینژەنێکی رووس- ئەمەریکایی و خاوەن ناوبانگێکی جیهانییە. نووسەر

**دانێل:**

وەکو تر، ئاخۆ چ پێوەندییەکت لەگەڵ یەعقوبدا هەیە؟

**یوسف:**

من؟ نەء. ناتوانم.

**ماتییاس:**

منیش.

**یودیس:**

بۆ بونیام دەتوانێ چ پێوەندییەکی لەگەڵ یەعقوبدا هەبێ؟

**دانێل:**

مرۆ دەبێ پێوەندی لەگەڵ یەعقوبدا هەبێ.

**یودیس:**

پێوەندی چییە؟ مەبەستت لە پێوەندی چییە؟

**ئێما:**

کێ پێوەندی لەگەڵ یەعقوبدا هەیە؟

**دانێل:**

من. من پێوەندیم لەگەڵ یەعقوبدا هەیە. گەر ئێستا ئەوە ناو بنرێ پێوەندی.

**یوسف:**

من نا. من خاڵی کۆتاییم لە پێوەندیم لەگەڵ یەعقوبدا دانا. هەر تەواو خاڵم دانا... ئاشکرایە خاڵی زۆری کۆتاییم لە ژیانمدا کە هیچم بە هیچ نەکردووە، داناوە، بەڵام ئەمەیان خراپترین و ڕەنگە لە یەک کاتدا ئاسانترین خاڵیان بووبێ. خراپترین و

قورسترین و پێویستتر. خراپترین و تاقە شتێکی گونجاو.

**یودیس:**

یەعقوب هەستی بەمە کرد؟ هەستی بەهیچ کرد؟

**یوسف:**

نەء، پێوەندیمان ڕێک وەک پێوەندیمان بەر لەوەی کۆتایی پێ بهێنم وایە. من تەنیا ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم کە بۆچی ئەو ماوە درێژە نەفرەتییە چاوەڕێم کرد تا ئەو بڕیارە بدەم. ئێستا بەهەمان شێوە وەک جاران ئەوە خەمبارم دەکا. (بۆ سۆفیا) ئەو... کاتێ تەمەنی چوار ساڵ بوو،[٢٣] guinea pig، کەروێشکی تاقیگە بوو. تەنیا چوار ساڵ. ئەو تەمەنی تەنیا چوار ساڵ بوو کە بووە ئەوە. ئەوە چەندی خایاند نازانم. مەبەستم ئەوەیە، نازانم تەمەنی چەند بوو کاتێ ئەوە کۆتایی هات. کاتێ پرسیارم لێ دەکرد ئەو هەردەم پێ دەکەنی.

**یودیس:**

باشە بۆچی؟

**دانێل:**

ئەی چی بکردایە؟

**یودیس:**

وایە.

**یوسف:**

نازانم.

---

(٢٣) وشەیەکی ئەڵمانییە واتە کەروێشک. و. کوردی

**دانێل:**

تۆ نازانیت.

**یوسف:**

نەء.

**دانێل:**

بەوە دڵخۆش بە.

**یوسف:**

شێوازی ئەو لە هامشۆکردن لەگەڵمدا بەسانایی بۆ ئەوە بووە سووکایەتیم پێ بکات – چەند بریندارکەر باشتر. شێوازی ئەو بۆ هامشۆکردن، هاوڕێیەتیی تاقی کەوە ، ئەوەی ئەو پێی دەڵێ هاوڕێیەتی – ئەو دەڵێ هاوڕێیەتی نییە، تاقە شتێک هەبێ خەڵکانێکن کە هەمان ئەزموونی هاوبەشیان هەیە و خەڵکانێکی تریش کە هەمان شتیان نییە – شێوازی ئەو بۆ هەوڵدان بۆ دروستکردنی پێوەندی، ئەوەی ئەو پێی دەڵێ پێوەندی، واتە گوێ مەدەرە بەهاکانی کەسێتیی بەرامبەر، مەبەستم لەوەیە، پێوەندیی بۆ ئەو، گوێنەدانە بە بەهاکانی کەسێتیی ئەو کەسەی پێی وایە هاوڕێیەتیم شایستەی هاوڕێیەتیکردنییەتی. مامەڵەیەکی هاوڕێیانە سووکایەتیکردنە. مرۆڤ دەبێ خۆی لێ لابدا ئەوسا مرۆڤ لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچووە. ئەو عەزابی خۆی و خەڵکانی تر دەدا کەواتە هەیە. کاتێ پرسیارێکی لێ دەکەیت وەڵامت ناداتەوە– کەواتە هەیە. کاتێ پرسیاری لێ دەکەم بۆ وا دەکا، وەڵام ناداتەوە و کاتێکیش وەڵام ناداتەوە دەڵێ: ئەوەی دەمێنێتەوە هاوڕێیەکی تەواوە. من دەڵێم: بەڵێ، بەڵام هەڵبەت من

تەواو سـەرڕاست دەمـێنمـەوە، کـەچی لـەگـەڵ ئەوەشـدا تۆ بەردەوامیت لە سووکایەتی پێکردنم. ئەو دەڵێ، ئا، ئەوە کێشـەی خۆتە. ئەو هامشۆی لەگەڵ خـەڵکانێکدا نییە نەتوانێت برینداریان بکات. خـەڵک خۆشـیان ناوێ. خێزانەکەشی خـۆشی ناوێت. ئەوە تەنیـا منـم خـۆشم دەوێ. مـاوەیەک لەمـەوبەر ژنـەکەی پێشـووی و کوڕەکەی پێشوویم ناسی... ئێستا دەبێ ئەوە بگێڕمـەوە کە ڕووی دا. (وچان) مـاوەیەک لـەمـەوبەر ژنەکـەی پێـشـووی و کـوڕەکـەی پێـشـوویم ناسی، دیارییـەکم دایە کـوڕەکـەی کـە دە سـاڵی پڕ دەکـردەوە چونکە سـاڵی پڕ دەکـردەوە. قـوتوویەک شـیـعـری موگناتیسی بوو کە لە گرینویچ ڤیلاج کڕیبووم و مرۆڤ دەیتوانی شیعریان لێ دروست بکا و بەدەرگەی سەلاجەدا هەڵیان واسێ. لەم ڕۆژانەدا هەمدیس ڕووم بوو بە ڕوویانەوە و پرسیارم لێ کرد ئاخۆ چ شیـعرێکی نووسیوە. گوتی: ئا. شیـعرێک. لێم پرسی: ئافـەرم. شیـعـرەکە چی دەڵێت. وەڵامی دامـەوە: دەڵێت: من زۆر ناشیرینم. گوتم: گوتت چی. گوتی: من زۆر ناشیرینم. گوێم لێ بوو ئەوە هەمان ئەو شتە بوو کە باوکی پێی گوتبوو.

**ماتییاس:**

ئاوها.

**یوسف:**

مرۆ وەڵامی چی ئەوە دەداتەوە؟

**دانێل:**

بۆ دەیویست وەڵامی بدەیتەوە؟

**یوسف:**

مەبەستم ئەوەیە مرۆ کاردانەوەی چۆن دەبێ.

**دانێل:**

دەی کاردانەوەت چۆن بوو؟

**یوسف:**

ئا... نازانم.

**ماتیاس:**

ئەو دەبوو یارمەتیی لە کەسێک وەرگرتایە.

**یودیس:**

لە کێ؟

**ماتیاس:**

ئا، بەر لەوەی گەورە ببێ.

**یوسف:**

ئەو گەورە بوو. ئەو ٦٣ ساڵ بوو.

**سۆفیا:**

من ئازاری خۆم دەدەم کەواتە هەم.

**دانێل:**

حەزت لەوەیە؟ دەتەوێ عەزابم بدەیت؟

**ماتیاس:**

دەبێ؟

**ئێما:**

بەم زووانە دەبێتە دوو ساڵ.

**یودیس:**

ئەوە تۆ بە مریشکەکەدا هەڵمیزاویت ؟

**یوسف:**

بەڵێ؟

**یودیس:**

ئەوە تۆ پێشتر چوویتە موبەقەکە و دەورییە مریشکە برژاوەکەت لە سەلاجەکە دەرهێنا و لەسەر قوڵکەی قاپشۆرییەکە داتنا و بەسەریدا هەڵمیزایت؟

**یوسف:**

کام سەلاجە؟

**یودیس:**

لە موبەقەکە.

**یوسف:**

کەی؟

**یودیس:**

چەند سەعاتێک لەمەوبەر.

**یوسف:**

من؟ باشە بۆچی؟

**یودیس:**

نازانم.

**ماتییاس:**

ڕەنگە حەزت بەچارەی ئێمە نەبێت.

**یودیس:**

ڕەنگە بتەوێ تۆڵە بکەیتەوە. ڕەنگە تۆ پڕ بیت لە حەزی تۆڵە، لە

ئارەزووی تۆڵە.

**ماتیاس:**

ئا، ئەوە وشەیەکی باشترە.

**یودیس:**

سوپاس.

**ئێما:**

وام زانی تۆ بوویت. کەسێک بوو زۆر لە تۆ دەچوو.

**سۆفیا:**

دەتوانم شتێک بپرسم؟

**دانێل:**

فەرموو بپرسە.

**سۆفیا:**

یوسف گوتی کەسێکی وەک من ناناسێ، تەنیا بیستوویەتی.
ئاخۆ کەروێشکی تاقیگەیی....

**ئێما:**

ئێوە قەت یەکتان نەبینیوە؟

**سۆفیا:**

نەء، قەت هیچ کام لە هاوڕێکانیم نەناسیوە.

**یوسف:**

Guinea-pig, dummy[٢٤]

---

(٢٤) گێلە، کەروێشکی تاقیگەیی.

**سۆفیا:**

کەی ئەو چوار ساڵان بووە؟ بە چ شێوەیەک ئەو وا بووە؟ ئاخۆ چەند کەسێک سەرپەرشتیی منداڵەکەیان لە نێوان خۆیاندا لە ئەستۆ گرتووە یان چۆن؟

**یودیس:**

ئەوە باسی چی دەکا؟ ئەرێ کەس هەیە تێ بگا بزانێ دەڵێ چی؟ بە ئەڵمانی قسە دەکا؟

**سۆفیا:**

لە کوێ وا بووە؟

**دانێل:**

لە جێگەیەکی بچووک لە پۆڵەندا.

(وچان)

**سۆفیا:**

ئاوها.

**یودیس:**

ئێمە لەبارەی ئەوەوە نادوێین.

**ماتییاس:**

نەء.

**یودیس:**

ئێمە لەبارەی ئەوەوە نادوێین.

**ئێما:**

تەنیا بەبێ وشە.

**ماتيياس:**

پێویستمان بەوە نییە.

**دانێل:**

ئێمە لەبارەی شتێکی ترەوە دەدوێین.

**ماتيياس:**

ئا، کاتێ ئێمە لەبارەی ئەوەوە نادوێین. (وچانێکی کورت) من......

**دانێل:**

چی؟

**هەموو:**

چی؟

**ماتيياس:**

چی؟

**ئێما:**

تۆ دەبێ شتێک بڵێیت.

**یوسف:**

کاتی خۆت وەربگرە.

**ماتيياس:**

نازانم... نازانم دەبێ چی بڵێم.

**ئێما:**

ناتەوێ.

**دانێل:**

نەء. (وچانێکی کورت) بەلایدا تێ دەپەڕم بەڵام هەرگیز ناوێرم

ڕاوەستم. هەرگیز ناوێرم ڕاوەستم لەبەرئەوەی باوک و نەنکم لە باوکەوە لە ژوورەوە دەمــردن. هەسـتێکم هەیە لە... لەوەی کە هەرگیز لەوە زیاتر نامەوێ لەوێوە بێم.

**ئێما:**

نەء، بەڵام ئێمەش شتی وامان نەکردووە.

**دانێل:**

(تەماشا دەکا چۆن ئێما سەیری دیوارەکەی بەرامبەری دەکا کە جێگە ئاسەواری خۆڵەمێشیی تۆپێکی تێنسی پێوەیە کە جێسیکای کچیان کاتێ تەمەنی شازدە ساڵان بووە – چوار ساڵ بەر لەوەی ئەوان بمرن – خۆکوژیی کردووە. جارێکیان کاتێ بچکۆلە بووە، ڕەنگە حەوت ساڵان بووبێ، تۆپەکەی هەڵداوە. ئێما دەبینێ چۆن تۆپەکە لە دیوارەکە دەدا و پاشان دیار نامێنێ. دەبینێ جێسیکا بەڕاکردنەوە دێ. دانێل دەستێکی ڕووەو ئێما هەڵدەبڕێ، وەک ئەوەی هەمان وێنە ببینێ و بیەوێ خۆی لە تۆپەکە لابدا) شەرابی زیاترت دەوێ؟

**ئێما:**

(شادمان) بەڵێ سوپاس بەخۆشحاڵییەوە.

**دانێل:**

(هەمدیس دەست هەڵدەبڕێ، توند، بەبێ بوتڵە شەرابەکە)

**ئێما:**

یەکەم جار خۆم لێی بدەم؟

(یودیس پێ دەکەنێ)

**دانێل:**

(لا بۆ یوسف دەکاتەوە) ساڵی داهاتوو جارێک لە جاران رەنگە لەگەڵم بێیت بۆ ئۆرشەلیم. بۆ خۆمان لە قاوەخانەیەکی لای ڤیا دۆلۆرۆساوە دادەنیشین و تەماشا دەکەین چۆن ئەوانەی بە زیندوویی ماون، دانیشتوون و قاپوچکەی گەورە بە دۆندرمەی زەبەلاحی ئیتاڵییەوە دەخۆن.

**یوسف:**

ئا. (وچانێکی کورت) باشە بۆ ئەوە دەخۆن؟

**یودیس:**

بۆ ئەوەی قەرەبووی هەموو ئەو شیرینییانە بکەنەوە کە بە منداڵی لێی مەحرووم بوون.

**دانێل:**

ئەوان دەتوانن هەرچەندێکیان دەوێ بخۆن. (هەڵدەستێ) ئێستا من دەڕۆم و ئەو دێنم. بمەوێ و نەمەوێ دەیهێنم.

**سۆفیا:**

ئەی من، بۆچی من بۆم نییە لەگەڵت بێم؟

**یوسف:**

کێ گوتوویەتی تۆ بۆت نییە لەگەڵی بچیت؟

/پێڵاو و گۆرەوییەکانی دادەکەنێ. لەلایەکی کورسییەکە دایاندەنێ. پاشان دەچێتە دەرەوە/

/تاریکی. ڕووناکی/

**یوناس:**

(لەسەر کورسییەکەی کەمێک، ڕەنگە مەتر و نیوێک دوور لە مێزەکە، دادەنیشێ)

**سۆفیا:**

ئاخۆ کەس بینیویەتی......

**یودیس:**

گوێم لێ نییە دەڵێی چی؟

**سۆفیا:**

ئاخۆ کەس...

**یودیس:**

گوێم لێ نییە دەڵێی چی. دەتوانیت بەرزتر بدوێیت؟

**ئێما:**

بەرزتر.

**سۆفیا:**

ئاخۆ کەس بینیویەتی.......

**یوسف:**

بەڵێ. ئێمە بینیومانە.

**ئێما:**

چی؟

**یودیس:**

چۆن بوو؟

**ماتیياس:**

چۆن بوو؟ پێتان باش بوو؟

**یوسف:**

سۆفیا پێی باش بوو. ئەو پێی وا بوو زۆر باشە.

**دانێل:**

بەهەرحاڵ هەڵبەت دەمانەوێ ببینین.

**ئێما:**

منیش دەمەوێ ببینم.(وچانێکی کورت) هەر بەڕاستی دەمەوێ؟

**دانێل:**

خەڵکانێک لەوێن؟ چەند خەڵکێک؟ چەند خەڵکێک لەوێن؟ چەند کەسن؟ لە یازدە کەس زیاترن؟

**ماتیياس:**

یوسف.. ئەی تۆ پێت باش بوو؟

**یوسف:**

چیم پێ باش بوو؟ پێم باش و پێم خراپیش بوو. هەڵبەت من تا ڕادەیەک دوودڵم.

**ماتیياس:**

ئەرێ بۆ؟

**یوسف:**

لەوانەیە لەوەم خواردبێ. بەڵام پێم وانییە حەزم لێی بووبێ.

**یودیس:**

کەس نییە حەز بکا جێڤرێنەکە تام بکا؟

**سۆفیا:**

با، ڕەنگە من حەز بکەم.

**ئێما:**

ئەو شتە چییە؟

**یودیس:**

پەنیرە. ناوی "بانون"ە. لە پرۆڤێنس خواردمان. ئێمە دڵنیابووین لەوەی تەنیا لەوێ دەست دەکەوێت. بەڵام پاشان تەواو بە ڕێککەوت دۆزیمەوە، یان بەهەرحاڵ شتێکی وەک ئەو، لە دوکانێکی پەنیر لە جادەی ئۆدێن، ئەوە جادەیەکە لە ستۆکهۆڵم. هەر تەواو بەڕێککەوت. هەر هیچ بۆ بانون نەدەگەڕام. پێم وابوو ئەوە تەنیا لە پرۆڤێنس هەیە. من بەدوای Gruyereدا دەگەڕام، ئەوسا بینیم شتێک...... پۆستەری پەنیرێک هەڵواسرابوو لەسەری نووسرابوو بانون.

**ماتیاس:**

بە زوویی چەنەچەن لەبارەی پەنیرە نەفرەتییەکانییەوە دەبڕێتەوە.

**یودیس:**

بەڵام ئەمە سەوزە نەک قاوەیی. ئەوەی ئێمە لە پرۆڤێنس دەمانخوارد قاوەیی بوو، بەهەرحاڵ لە گەڵای قاوەییەوە پێچرابوو. دەبێ بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕەنگیان کردبێ، تا ڕادەیەک بۆ ناوەوە. ڕەنگە پەنیرەکە خۆیشی قاوەیی بێت. ڕەنگە تەنیا ڕەنگی گەڵاکان وەک پێست چووبێتە ناو پەنیرەکەوە. نازانم. ڕۆحیش هەر پێستە. ڕۆح بە پێست دەورە دراوە. پێستی ڕۆحدار.

**سۆفیا:**

ئەوە شتێکی زۆر ئیرۆتیکییە.

**دانێل:**

پەنیرەکە؟

**سۆفیا:**

نەء، پیەسەکە... ئەوەی ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین.

**یودیس:**

ئازیزم گوێم لێیە چی دەڵێیت.

/کاتێ ئەو دەڵێ "ئیرۆتیک" یوناس کاردانەوە دەنوێنێ. ئەو بەدرێژاییی کات دانیشتووە و چاوی لێک ناوە. ڕادەچڵەکێ و شەرم دەیگرێ. تەماشای ئەوانی تر دەکا، وەک منداڵێک ڕوخسار دەگۆڕێ/

**دانێل:**

چۆن؟

**یوسف:**

من پێم وایە ئەو وشەیە هەر زۆر بەکار دەهێنرێت. هەموو کات و بەردەوام. مرۆڤ لە هەموو جێگەیەک دەیبیستێ. لەناو هەندێک چین و توێژدا. من هیچ ئەسبێست پاککەرەوەیەکم نەبینیوە بڵێ شتێک ئیرۆتیکییە.

**سۆفیا:**

تۆ خەیاڵت بۆ وشەی حەز دەڕوا.

**یوسف:**

بەڕاست؟

**سۆفیا:**

بەڕاست.

**دانێل:**

بە چ شێوەیەک ئەوە ئیرۆتیکییە؟

**سۆفیا:**

نازانم. ناتوانم ئاماژەی بۆ بکەم. لەوێدایە. تەنیا لەوێدایە. لە کەشوهەوادایە. لە ئەتمۆسفێردایە. لە هەوای دەوروبەردایە. لە گۆکردنێکی کۆنکرێتیدا نییە. بەڵام لە خودی کەشوهەوادایە. کەشوهەوا لە ژینگەدا. ڕەنگە لە قەنەفە و جلوبەرگەکاندا بێ. تا ڕادەیەک دەکرێ لەبەر بکرێ. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ نائاشنایە. سەیرە. ژن و پیاوێک بەرامبەرمان دانیشتبوون کە ئێمە نەماندەناسین.. ببوورە، مەبەستم بوو بڵێم یەکترمان نەدەناسی. بەهەرحاڵ مەزەندە دەکەم یەکتریان نەدەناسی. خەڵکانێک کە یەکتر دەناسن زۆر بە یەک غەریبن، زۆر بە یەک غەریبن کاتێک یەکتر دەناسن. دوای دیمەنی یەکەم کاتێ ئەو دووانە هەستان تا بچنە دەرەوە، ژنەکە ئاوڕی بۆ پیاوەکە دایەوە و لێی پرسی: ژنتان هێناوە ؟ پیاوەکە گوتی نەء. پاشان چوونە دەرەوە. پیاوەکە یەکەم جار ڕۆیشت و ژنەیش بەدوایدا. دوای دیمەنی دووەم کاتێ ئەو دووانە هەستان بچنە دەرەوە، لە وچانەکەدا ژنەکە لە پیاوەکەی پرسی: ئێوە هۆمۆسێکسوێلن؟ پیاوەکە گوتی نەء، پاشان پیاوەکە چووە دەرەوە. کاتێ پیەسەکە کۆتایی هات و دەبوو بۆ دواجار بچنە دەرەوە، ژنەکە گوتی: حەز دەکەن لەگەڵمدا بۆ ماڵەوە بێنەوە؟ پیاوەکە گوتی: نەء. وای گوت و تێی تەقاند.

**دانێل:**

ژنەکە ناوی چی بوو؟

**سۆفیا:**

نازانم.

**ماتییاس:**

پیاوەکە هەر ئەوەندەی گوت؟ تەنیا گوتی: نەء؟

**سۆفیا:**

ئا، پیاوەکە سێ جار گوتی نەء.

**یوناس:**

وشەی ئیرۆتیک ئیرۆتیکییە؟

**دانێل:**

چەند دیمەن بوو؟

**سۆفیا:**

سێ دیمەن و دوو وچان. ئەوە لە کۆتاییی دیمەنی سێدا بوو، کاتێ کۆتاییی هات و بینەران لە چەپڵەلێدان بوونەوە، ژنەکە لە پیاوەکەی پرسی ئاخۆ حەز دەکا لەگەڵیدا بۆ ماڵەوە بچێتەوە.

**یوناس:**

باشە بۆ چەپڵەیان لێ دا؟

**سۆفیا:**

ڕەنگە لەبەرئەوەی تەواو بوو.

**یوسف:**

ئێ ئێ.

**دانێل:**

ژنەکە جوان بوو؟

**سۆفیا:**

نازانم. ناتوانم وەڵامی ئەوە بدەمەوە. هەر بەڕاستی ناتوانم وەڵامی ئەوە بدەمەوە. ئاخر من ژنم.

**یوسف:**

ژنێک ناتوانێ ئەوە بنرخێنێ ئاخۆ ژنێکی تر جوانە یان نا؟

**سۆفیا:**

ئا، وەک ژنێک دەتوانێ، بەڵام وەک پیاوێک نا. زۆربەی ژنان خاوەن نیگای پیاوانەن.

**یوناس:**

ناکرێ موهەریجێک ئیرۆتیکی بێت... بەڵام بێگومان دەتوانێت شتی ئیرۆتیکی بکات. خۆهەڵدانە ناو حەوزێک قوڕاوەوە هەڵبەت شتێکی ئیرۆتیکییە... بەڵام من حەزم لەوە نییە کاتێک کەسێک خۆی قوڕاوی دەکات. مرۆ دەبێ بتوانێ لە حەوزەکەدا و هەمدیس لە هەمان کاتدا تەواوێک بە خاوێنی ڕاوەستێ. من حەز دەکەم هەموو شتێک بەرەو پاش بڕوات.

**دانێل:**

یوناس.

**یوناس:**

ئەوە وەک ئەوە وایە سیگارێکی بێ دووکەڵ بکێشیت. وەک ئەوە وایە خواردنەکە لەسەر مۆمێک گەرم بکەیتەوە، لەسەر مۆمێکی داگیرساو.

**دانێل:**

یوناس.

**یوناس:**

وەک ئەوە وایە دوا یاریی پاڵەوانێتییەکی تۆپی پێ بەبێ بینەر بکرێت.

**دانێل:**

یوناس.

**یوسف:**

چ وێنەیەکە.

**دانێل:**

(وچانێکی کورت) گوێت لێیە چی دەڵێم؟

**یوناس:**

ئا.

**دانێل:**

یوناس.

**یوناس:**

ئا. ئا، ئا، ئا، ئا، ئا، ئا، ئا. ئا. ئا

**دانێل:**

یوناس.

**یوناس:**

ئا. ئا. ئا. ئا. من ئەوەتام. هەموو من. هەر هەموو پاکێتەکە. Das ganze[٢٥] پاکێت.

(٢٥) ئەڵمانییە: واتە هەموو.

**دانێل:**

یوناس.

**یوناس:**

ئا. ئا. ئا. ئا. ئا.

**دانێل:**

بێ زەحمەت دەتوانیت لە خوراندنی گۆنات ببیتەوە. بێ زەحمەت دەتوانیت لە خوراندنی ڕوخسارت بەدرێژاییی کات ببیتەوە. دەتوانیت لە خوراندنی ڕوخسارت بەو شێوەیە ببیتەوە. تۆ بەردەوام ڕوخسارت دەخورێنیت. تۆ خەریکیت ڕوخسار بەخۆتەوە ناهێڵیت.

**یوناس:**

بەڕاست؟ ئا، وایە. باشە بۆچی وا دەکەم؟

**دانێل:**

هەوڵ بدە واز لەو خووە بێنە. هەوڵێک بدە. خۆت کۆ بکەوە. سەرنجت چڕ بکەوە. هەوڵ بدە هەوڵێک بدەیت خۆت خڕ بکەیتەوە.

**یوناس:**

بۆچی وا بکەم؟ بۆچی بۆچی بۆچی بۆچی؟ بۆچی وا بکەم؟ من هەڵبەت لای ئێوە زۆر خۆشم لێ دەگوزەرێت.

**دانێل:**

نازانم.

**یوناس:**

من من من من من. من هەموو رۆژێ هەموو ڕۆژێ هەموو رۆژێ

کە تێ دەپەڕێ شێتتر دەبم. ئەرێ من نەخۆش نیم؟

**دانێل:**

نەء.

**یوناس:**

پێت وانییە نەخۆش بم؟

**دانێل:**

نەء. ئەوی ڕاستی بێت نازانم. تۆ ڕاهاتوویت وا بیت.

**یوناس:**

پێم بڵێ پێم بڵێ پێم بڵێ گەر ئەمجارە روخسارم خوراند. بەدەنگی بەرز پێم بڵێ. لێم بدە. قاپەکە بکێشە بە دەموچاومدا. سڵ مەکەوە. مەترسە گەر بە قاپەکە بە دەموچاومدا بکێشیت.

**دانێل:**

ئۆڵ ڕایت... وەک ئەوەی کە بەمنداڵی دەمکرد.

**یوناس:**

ڕێک بەو شێوەیە. کەی حەز دەکەیت بڕۆین و قاوەیەک بخۆینەوە؟ زۆر خۆشە کاتێ وا بکەین... گەر کاتت هەیە، بەڵام هەڵبەت تۆ زۆر شتت هەیە بیانکەیت.. زۆر کەس حەز دەکەن بەرگری لە خۆت بکەیت.

**دانێل:**

ئا... ئەوە راستە.

**یوناس:**

ئا. ئەوە دەبێت بێ ئەندازە بێزارکەر بێت کەسێک بەردەوام

دەموچاوی بخورێنێت، سەرەوە و خوارەوە و پێشەوە و دواوە. وا دیارە ئێـــوە تەنیـــا دەتانـەوێ ئاســـوودە و بـێ خـــەم بـە جلـە جوانەکانتانەوە دانیشن و قسـە لەبارەی بابەتی سە سە سە سە سـە سـەرنجـڕاکـێشـەوە بکەن. کێ ئـەوانەی ئاوها لـێـرە لێـرە داناون؟ ئێستا ئیتر من بێدەنگ دەبم. بەڵێن دەدەم. یەک وشەی تر ناڵێم. ئیتر بێدەنگ دەبم. لەبارەی کەسێکەوە خوێندمـەوە کە دەڕپێ کـورتەکـەی کـردووەتە بەری بوکســەرە[٢٦] مـردووەکـەی. Boxershorts. ئیـتـر من هیـچی تر ناڵێم. یەک وشـەی تـر ناڵێم. یەک دانەش ناڵێم. بێگومـان نەء. ئیـتـر بێـدەنگ دەبم. (دەسـتی دەنێـتـە سـەر دەمی و بەردەوام دەبـێ لە قـسـەکـردن) ئیـتـر من هیـچی تر ناڵێم. ئیتر من گوێ بۆ ئەوەی لـە دڵتـانـدایە دەگرم و شتتان لێوە فێر دەبم.

**سۆفیا:**

دوو ددان لەو دوورەوە کەوتوون.

**دانێل:**

هـی من نین. هـی کەسێکە بیری چوون.

**یوسف:**

پاشان دەتوانیت بۆ قاوەخانەکەیان بهێنیت.

**یوناس:**

چارلی هاوڕێم دەناسن؟ چارلی دێ ڤـیـتـۆ. ئەو کـەسـێکی شـەرمنە. ڕانەهـاتووە لەنێو خـەڵکانی نەدیو و نەناسـدا بێت. تا

(٢٦) Boxer: سەگێکی گەورە و بەهێز و کەم تووکە و لمۆزێکی پانی هەیە.

و. کوردی

ڕادەیەک هەرگیز ناچێتە دەرەوە. نایەوێ سەفەر بۆ هیچ جێگەیەک بکات. رقی لە سەفەرە. ئەو یارمەتیی کەسێک دەدا. لەگەڵ کەمئەندامێکدا دەچێتە دەرەوە کە پێویستی بەوەیە بچێتە دەرەوە و خەڵکانی تر بناسێت. شتێکی خزمەتگوزارییە(٢٧).

**یودیس:**

ماتییاس تامی پەنیرەکە بکە. هەر زۆر خۆشە.

**سۆفیا:**

دوای دیمەنی یەکەم ئەو ژنەی باسم کرد، ئەوەی تەواوێک بەرامبەرم لە تەنیشت ئەو پیاوەوە کە ژنی نەهێنابوو، دانیشتبوو، دەمتوانی گەردنی ژنەکە ببینم، جاروباریش تەواوی ڕوخساری، دەم و لووتی. پەرداخێکی لەگەڵ خۆیدا بۆ هۆڵەکە هێنا.

**دانێل:**

پەرداخێک؟ پەرداخ بۆچی؟

**سۆفیا:**

تەنیا پەرداخێکی هاکەزایی. پەرداخێکی سپیی باغە بەدەسکێکی بچووکەوە. پەرداخەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنایە هۆڵەکەوە. من سەرنجیم دەدا لەبەرئەوەی دەمویست بزانم ئاخۆ بە کێیدا دەڕژێ. پەرداخەکەی بەدەستی ڕاست بوو.

**دانێل:**

ئەی بەدەستی چەپی چی دەکرد؟

---

(٢٧) ideellt: ئایدیالی، نابازرگانی، خێرخوایی، خزمەتگوزاری. و. کوردی

**سۆفیا:**

بەدەستی چەپی خەریکی ناوگەڵی بوو. هەڵیدەگلۆفی. توند. خاو. پێکەوە توند و خاو، وەک ئەڤوکادۆیەکی[٢٨] تا ڕادەیەک زۆر گەییو. پانتۆڵێکی گاباردینی خۆڵەمێشیی بەلاقی دەڵب و زریزەوە لە پێشەوە لە پێ دابوو. زریزەکەی راکێشابوو و پێمووایە خێرا خێرا خەریکی ناوگەڵی بوو. ئەوە تا ڕادەیەک شتێکی ناخۆش بوو. بۆ ساتێکی کەم خەریک بوو، پاشان کۆڵی دا. ئەوسا بەخەیاڵمدا هات ئیتر دەبێ پەرداخەکە هەڵگێڕێتەوە و بیڕێژێ بەخۆیدا. قاوەکە بڕێژێ بە خۆیدا. پرچی ڕێک بڕیو و تا ڕادەیەک بەرز بۆ ژوور سەری.

**یوسف:**

هەڵبەت دارگوێزەکە وشک بووە.

**دانێل:**

ئەو ژنە وشکی کردووە؟

**سۆفیا:**

بەڵام ئەو نەیکردووە.

**دانێل:**

نەیکردووە؟

**سۆفیا:**

نەء، نەء، ئەو نەیکردووە.

---

(٢٨) Avocado: میوەیەکی توێکڵی سەوزی قاوەییی باوی گۆشتنە و ناوکێکی گەورەی هەیە. و. کوردی

**یوسف:**

هەی بە نەفرەت بیت ئەوە باسی چی دەکەیت؟

**ماتیاس:**

یوناس... چۆنیت؟

/یوناس بەتوندی کاردانەوەی بەرامبەر هەموو شتێک و بەرامبەر هەموو وشەیەک هەیە کە دەگوترێن. وشەکان ڕێک دزە دەکەنە ناوییەوە و کاری لێ دەکەن. کاتێ سۆفیا لەبارەی ژنی شانۆکەوە دەدوێ، ئەم دەم دادەچەقێنێ و وەک بەشەختەبوویەک دادەنیشێت/

**ماتیاس:**

یوناس؟

/یوناس وەڵام ناداتەوە. یودیس بەنەرمی دەستی لێ دەدا/

**ماتیاس:**

ئەلۆ.

**ئێما:**

یوناس؟

**یودیس:**

ئەلۆ.

**ماتیاس:**

یوناس؟

**یوناس:**

یوناس؟ ئەلۆ.

**دانێل:**

یوناس. قوزەڵقورت.

**یوناس:**

ئا، ئەوە منم؟ ئەوە منم کە ناوم یوناسە؟

**ماتییاس:**

ئا.

**یوناس:**

ئا، ئەوەتام.

**ماتییاس:**

ئا. خۆتیت.

**یودیس:**

یوناسی ئازیز.

**یوناس:**

سووک و ئاسان بڵێم من ڕانەهاتووم گوێم لە ناوی خۆم بێت. سووک و ئاسان من ڕانەهاتووم گوێم لە ناوی خۆم بێ کاتێ گۆ دەکرێ. مەبەستم لەوەیە گەر کەسێک ناوم بێنێ ئەوا من گوێم لێی نابێ کاتێ ناوم دێنێ.

**یودیس:**

ئێمە گوتمان. ئێمە ناوی تۆمان گوت.

**یوناس:**

گوێم لێ نەبوو. مەبەستم ئەوەیە گوێم لێ بوو ئا. دەتوانم

ئێسپرێسۆیەک[٢٩] بخۆمەوە، ئێسپرێسۆیەکی نەبینراو. ئا. (وا دەنوێنێ دەیخواتەوە) زۆر نایابە. ئاوها دەیگرم بەو شێوەیەی کە دەبێ بگیرێت. دەیخۆمەوە، تامی دەکەم نەختێک بە پارێزەوە قومی لێ دەدەم. هاورێکەم داوەت دەکەم. خەڵکانێک هەبوون کاتێک من و ئەو لە باخەکە دادەنیشتین، پێی پێ دەکەنین. خەڵکانێک هەبوون کاتێک من و ئەو دەچووین بۆ باخەکە، وا خۆیان نەدەنواند دەیبینن. وایان دەنواند وەک ئەوەی ئەو هەر بوونی نەبێ. خەڵکانێک دادەنیشتن و لێی ورد دەبوونەوە وەک ئەوەی ئەو بوونی نەبێ. من دەبێ بڵێم تا خەڵکی زیاتر بناسم زیاتر ئەوم خۆش دەوێ. زۆر نایابە. کاتێ ئێسپرێسۆ دەخۆمەوە پێویستە ئەوە بڵێم کە پێویستە بیڵێم. زۆر نایابە. ئاوها دەیگرم. هەموو چاوەکان ڕوویان لە منە. پێویستە ئەوە بڵێم. ئەوە هاورێکەمە دەدوێ. پێویستە ئەوە بڵێم. بونیام بەباشی گوێی لێیە چۆن هەموو چاوەکان ڕوویان لە یوناسە. دەبێ ئەوە بڵێم. بونیام بەرەو بارەکە دەچێ و بێدەربەستانە دەڵێ: دەکرێ ئێسپرێسۆیەک بخۆمەوە؟ دەتوانم ئێسپرێسۆیەکی دەبڵ بخۆمەوە؟ دەتوانم ئێسپرێسۆیەکی سێ قات بخۆمەوە. ئەویش دەتوانێ. پێویستە بڵێم.

**ئێما:**

زۆر دەمێکە ئێمە یەکمان بینیوە.

**هەموو:**

ئا، ئا، ئا وایە.

(٢٩)espresso: قاوەیەکی زۆر خەستی ئیتاڵییە. و. کوردی

**یوناس:**

ئا... ئا...، ئا... ئەوە کەی بوو؟ کەی بوو؟ کەی بوو ئێمە یەکترمان بینی؟ کەی بوو؟ دەی کەی؟ کەی؟ دەکرێ ئەوە کەی بێت؟ دەکرێ ئەوە کەی بوو؟ کەس دەزانێ؟ کێ دەزانێ؟ کێ دەزانێ ئەوە کەی بوو؟ ئەوە کـــەی بوو؟ دەی کــەی؟ کێ دەزانێ؟ ئەوە کــەی بوو؟ (وچان) کەی؟

**ئێما:**

ئەوە زۆر دەمێکە.

**یوناس:**

کەی زۆر دەمێکە؟ ئەوە کەی بوو؟

**ئێما:**

ئا.

**یوناس:**

ئا.

**ماتییاس:**

سەعاتەکەی من وەستاوە. یارمەتی.

**یوناس:**

بەڵام من ئەوەتام. ئەوەتام. هەمــوو من. هەمــوو پاکـێـتــەکـە. پێویستە ئەوە بڵێم. (وچانێکی کورت) هەست دەکەم زۆر گێژم. چ قەیدی دەکا؟ (سادە و زۆر ئاسایی پێ دەکەنێ) خۆ نەخۆش نیم... نەخۆشم؟

**یودیس:**

دە نا. بۆ دەبێ نەخۆش بیت؟

**یوناس:**

من؟

**یودیس:**

ئا.

**یوناس:**

چونکە ئەوەی ڕووی دا... چونکە ئەو شتەی ڕووی دا و من بیرم نەماوە وای لێ کردم نەخۆش بکەوم... وای لێ کردم تووش ببم.

**یودیس:**

پێت وایە؟

**یوناس:**

نازانم دەبێ چیم پێ وابێ... یودیس. نازانم دەبێ چیم پێ وابێ. تۆ میهرەبانیت. میهرەبان پێچەوانەی شەڕانگێزە.

**ماتییاس:**

چۆنیت... مەبەستم لە تۆیە. لە هاویندا چیت کرد؟

**ئێما:**

ئەم هاوینە یان هاوینێک لە هاوینەکان؟

**یوناس:**

گەر بمزانیایە بۆچی ئاوها بێ ئەندازە کەوتوومەتە ژێر کاریگەری ئەو کەسەوە و ئاخۆ چی دەکا و چی کردووە ، ئەوسا دەمتوانی ئەوە بگێڕمەوە. ئا، وایە (وچان) ئا، وایە. وایە، وایە. من لەسەر مانگ گسکم داوە. لە تەلەفزیۆندا بینیم باسی ئەوەیان بۆ دەکردم کە زبڵێکی ئێجگار زۆر لە فەزادا هەیە، لەو

جێگەیدا هەیە کە ئێمە پێی دەڵێین فەزا. بە هەمان ئەو زۆرییەی کە زبڵ لە هیمالایا، لە شاخەکە هەیە، لەسەر مانگیش هەیە. پێم وایە دەبێ دەست لە یەخەی فەزا بەردەین، هەروەها لە یەخەی منیش.

**یودیس:**

بە ڕۆژ چی دەکەیت؟

**یوناس:**

شتی هاکەزایی. وەک بڵێی هەوڵ دەدەم شت نەڵێم.

**یودیس:**

بۆچی؟

**یوناس:**

ئا. شتی هاکەزایی. من ئێستا ئارام و هۆشیار دەدوێم. هەست دەکەم دەقە بە دەقە ئاسایی دەبمەوە. ئەوە باشترە. ئێستا باشە؟ (لەسەر دەستی دادەنیشێ) نەختێک بەملا و لادا دەچم. وەک بڵێی نەختێک خواردن دەکڕم کە دەبێ بیبەمەوە ماڵەوە. دەچمەوە ماڵەوە و دەیخۆم. شتی زل زل.

**ئێما:**

منداڵەکان پێیان خۆش بوو کە دەهاتیت.

**یوناس:**

ئا، بەڵام ئەوان دەژین؟

**ئێما:**

پێم وایە.. پێم وایە یەکێکیان دەژی.

**یوناس:**

چەند خۆشە.

**یودیس:**

دەچیتە دەرەوە و پیاسە بکەیت؟

**یوناس:**

نەء. پارەم نییە.

**دانێل:**

پارەت نییە پیاسە بکەیت؟

**سۆفیا:**

سوعبەتچییە.

**ئێما:**

ئا، هەر زۆر قسە خۆشە.

**دانێل:**

هەی نەفرەت، مەبەستت چییە لەوەی دەڵێیت پارەت نییە پیاسە بکەیت؟

**یوناس:**

هەڵبەت من مووچەی خانەنشینیم هەیە. بەڵام زۆر نییە. ئەوە بە ناشکوری نایڵێم.

**دانێل:**

دەتوانیت نەختێک پارەم لێ وەرگریت و بڕۆیتە دەرەوە و بۆ خۆت پیاسەیەک بکەیت.

**یودیس:**

ئەی زیاتر؟ زیاتر تۆ چی دەکەیت؟ (بەنێوان پەنجەکانی وردە نان لەسەر سفرەکە کۆ دەکاتەوە)

**یوناس:**

ئێستا باسی ئەوە بکەین؟ من خەریکم کتێبێک لەبارەی خۆمەوە دەنووسم. بەر لەوەی چاپ ببێ هەموان بیریان چووەتەوە. من پێویستە بڵێم. ناوم برۆنو بێتلێهێمە[٣٠]. پێویستە بڵێم. لە راستیدا ئەوە منم لەو خوارەوەم و بە ناوێکی ترەوە لە کۆسۆڤۆ دانوستاندن لەگەڵ ئەواندا دەکەم. من دانوستانکەرە نهێنییەکەم. من دانوستانکەرە تێگەیشتووەکەم. ئاخۆ بە شێوەیەک لە شێوەکان ناوی نهێنی لەگەڵ تێگەیشتوودا[٣١] دێتەوە؟

**یوسف:**

(نەختێک وردە شت کە لە کۆلوی گەچ دەچێت لەسەر سفرە سپییەکە دەتەکێنێ)

**یوناس:**

ئارام دانیشە. هیچ نییە، درەنگ یان زوو ئەم ئاوتیسمە[٣٢] بەرت دەدات.

**دانێل:**

ئەرێ ئەوە چی دەکەیت؟ گەر سوتووە ئەوا مەیتەکێنە چونکە بە

---

(٣٠) Bruno Bettelheim (1903 -1990): یەکێک لە هەرە ناودارترین دەروونناسانی منداڵ. دوای ساڵێک دیلیی لە کەمپەکانی جینۆساید لە Buchenwald و Da-chau دا، کۆچ بۆ ئەمەریکا دەکات. نووسەر

(٣١) جیناسێکی زمانیی هاوبەش لە نێوان هەردوو وشەی kognitiv وinkognito ی سوێدیدا هەیە کە بەکوردی ئەو جیناسە بزر دەبێ و جیاواز لە یەکتر گۆ دەکرێن. و. کوردی

(٣٢) Autism: نەخۆشییەکی دەروونییە کە مرۆڤ تەواو تەنیا دەخاتەوە و لە دەوروبەر دایدەبڕێ. و. کوردی

سـفرەکـەوە دەنووسـێ. لـە جیـاتیی ئەوە یـان فـووی لـێ بـکە یان هەر وازی لێ بێنە.

**یوناس:**

بێگومـان ئەوە بەشـێک لە ڕووکاری کـەسـایەتیی مـنـە دەتەکێ و دەکـەوێت. بەو زووانـە دەبینرێ ئەوە کـێیـە. ئیـتر نـاکرێ حـەشـار بدرێت. ئەوە دەمامکەکەی منە کە دەکەوێ... کە خۆی بەدەستەوە دەدات. مەبەسـتم لەوەیە ئەوان دەڵێن دەبێ خـەڵکانی بەحەوسەڵە جـڵـەوی ئـەرز بگرنـە دەسـت... ئا، هـەڵبـەت ئەوە پێنج دەقـیـقـە بەرزتر دەبێت.

**دانێل:**

ئاخـۆ پێت وایە وردە خـواردنەکە لـە ئەرزەکەدا بێت زۆر بـاشـترە لەوەی لەسەر مێزەکە بێت؟

**یوسف:**

ئا، بەڵام جار بە جەهەنەم.

**دانێل:**

لەسەر مێزەکە لانی کەم کەس نییـە پێی پێدا بنێ و زیاتر بڵاوی بکاتەوە چونکە بە پێ پیانانی زیاتر ورد دەبێ و پاشان بەو تۆزە ورد بووەوە کە بە بنی پێتـەوە دەنووسـێت بەمـلا و لادا دەڕۆیت. گەر لەسـەر مێزەکە بێت ئەو شتە ڕوو نادات.

**یوسف:**

بەڵێ. ئۆکەی.

**دانێل:**

یوسف، تۆ خـەریکیت پیر دەبیت. من ئەوە دەبینـم. پێشتـر ئەوەم

نەبینیوە. بەڵام ئێستا دەیبینم.

**یوسف:**

ئیتر کاتییەتی.

**دانێل:**

سەیرە. لەوەوبەر سەرنجم نەداوە. باشە سۆفیا پێی وانییە خەریکیت پیر دەبیت؟

**یوسف:**

لە خۆی بپرسە.

**دانێل:**

نا، بێگومان شتی وا ناکەم. تەمەنت چەندە؟

**یوسف:**

ئا ئێستا... ئێستا چل و نۆم.

**ماتیياس:**

دەزانیت ژنەکەم لوولۆکە خوێناوییەکەی سووری مانگانەی فڕێ دەداتە ئاودەستەکەوە بەبێ ئەوەی ئاوی پێدا بکا. حەز دەکا بیبینم. پێی خۆشە خوێنەکەی ببینم. خوێن. خوێن لەوێدایە وەک بەڵگەیەک بۆ تاوانبارکردنم. حەز دەکا خوێنەکە ببینم، ئەو تاوانبارم دەکا. ئەو هیچ ناڵێت. لێ دەگەڕێ خوێنەکە لەوێدا بمێنێت. خوێنەکە لە ئاسنێکی قاوەیی دەچێت. لە شوکولاتەیەکی کۆن دەچێت. لە خوێن ناچێت. لێ دەگەڕێم لەوێدا بێت. دەچمە ئاودەستەکەی تر. ئاودەستی هۆڵەکە.

**دانێل:**

چل و نۆ؟ کەواتە گەر ئینسانییانە حوکم بدرێ ئەوا دوای یازدە

ساڵی تر دەبیتە شەست.

**یوسف:**

ئا، ڕەنگە.

**دانێل:**

من تەنیا پەنجا و شەشم و خاوەن سەهمی کۆمپانیایەکی بەناوبانگی پارێزەرییشم.

**یوسف:**

بەم زووانە دەبمە پەنجا. قەتیش ئەو کتێبە خراپە لەبارەی خۆمەوە نانووسم کە پلانم داناوە وەک زۆر خەڵکی تر بەر لەوەی ببمە پەنجا ساڵ، بینووسم.

**ماتییاس:**

بەڵام خۆ کتێبێکی تر هەر دەنووسیت.

**یوسف:**

(تووڕە) باشە بۆچی؟ توو دۆزەخ بۆچی دەبێ کتێبێکی تر بنووسم گەر ئەو کتێبە نەنووسم کە پلانم داناوە بینووسم؟ توو دۆزەخ بۆچی دەبێ کتێبێکی تر بنووسم؟

**یوناس:**

ببوورە.

**یودیس:**

باشە بۆ؟

**دانێل:**

بۆچی داوای لێبووردن دەکەیت؟

**یوناس:**

پێم وابوو دەبێ کەسێک داوای لێبووردن بکات.

**یودیس:**

سوپاس.

**یوسف:**

بەڕاست پێت وابوو.

**ئێما:**

چیتان کرد؟

**سۆفیا:**

ببوورە؟

**ئێما:**

لە هاویندا.

**سۆفیا:**

ئێمە؟ کام ئێمە؟ باشە کەی؟

**یودیس:**

کام هاوین؟

**دانێل:**

ئێمە تەنیا لە موبەق بووین تا شەرابی زیاتر بهێنین.

**ئێما:**

هاوینی پار. (تەماشای دەوروبەر دەکا، بیربڵاوانە زەردەخەنە دەیگرێ) من پێم وابوو ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە پار، هاوینی پار چیمان کردووە.

**یودیس:**

نەء، دەبێ ئەوە پێنج ساڵ لەمەوبەر بێ. ئێستاش هەمدیس یەکتر دەبینینەوە. زۆر خۆشە. چەند لەو کاتە دەچن کە بینیومن. تۆ باشیت؟

**یوناس:**

خراپم بەڵام دڵم خۆشە.

**ئێما:**

ئەو هاوینەی تێ پەڕی. ئەو هاوینەی کە ڕۆیشت.

**دانێل:**

من پێم وابوو باسی ئەوە دەکەین کە من و سۆفیا لە موبەق چیمان کردووە. (بۆ سۆفیا) تۆیش پێت وانەبوو؟

**سۆفیا:**

نازانم... نازانم چیم پێ وابوو.

**دانێل:**

ئێما، تۆ پێت وانەبوو ئێمە لە موبەق شتێکمان کردووە؟

**ئێما:**

لە موبەق؟

**دانێل:**

پێت وایە ئێمە لە موبەق چیمان کردبێ؟

**ئێما:**

نازانم.

**دانێل:**

ئێما ئێستا ڕاستگۆ بە. بڵێ پێت وابوو ئێمە لە موبەق چیمان دەکرد؟

**ئێما:**

ڕاستگۆی چی بم؟ من نازانم تۆ باسی چی دەکەیت.

**دانێل:**

پێت وابوو ئێمە چیمان دەکرد؟ جوانبوون بەس نییە. پێت وابوو ئێمە چی دەکەین؟

**ئێما:**

گسکتان دەدا.

**ماتییاس:**

(توندوتیژانە پێ دەکەنێ. قاقای پێکەنینێکی زۆر بەرز کە قەت تەواو نابێ)

**دانێل:**

نا، گسکمان نەدەدا.

**ئێما:**

نا... پێم وابوو باسی ئەوە دەکەین کە هەمووان هاوینی پار چیمان کردووە...

**دانێل:**

(تووڕە) ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کردووە. ئەوان پێشتر باسی ئەوەیان کردووە. ئەوان گوتیان لە خانووەکەیان بوون لە گۆتلاند. ئێمە پێشتر قسەمان لەمە کردووە. ئەوە بڕاوەتەوە.

ئەوان هەردەم هاوینان لە خانووەکەیان بوون لە گۆتلاند. هیچ جێگەیەکی تریان نییە ڕووی تێ بکەن. (وچانێکی کورت) چیتە؟

**ئێما:**

چۆن دەکرێ لەوێ بووبن؟

**دانێل:**

ئا، چۆن دەکرێ ئێمە لەوێ بووبین کە بووین.

**یوناس:**

ئەمە چەند جوانە. ئێستا بیری لێ دەکەمەوە.

**یوسف:**

ئێمە لە خانووەکەمان بووین لە گۆتلاند.

**یوناس:**

دەکرێ ئەم جلە کۆنانەی ئێرە بۆ خۆم بێ؟

**دانێل:**

دیارە. بۆ خۆت.

**ئێما:**

ئەوانە هەر تەواو تازەن.

**یوناس:**

بردمن.

**دانێل:**

چیت لەو دەسکێشە کرد کە وەک دیاریی جێژنی لەدایکبوون دام پێت؟

**یوناس:**

پرسیاری چیت کرد؟

**دانێل:**

دەسکێشەکە... کە وەک دیاریی جێژنی لەدایکبوون دام پێت. چیت لێ کردووە؟

**یوناس:**

نازانم... نازانم.

**دانێل:**

نازانیت؟

**یوناس:**

نەء... باوکم دەڵێ چی؟

**دانێل:**

هیچ. ئەو مردووە.

**یوناس:**

لەگەڵ ئەوەشدا لێم توورە دەبێ. سەدی حەفتا لێم توورە دەبێ.

**یودیس:**

کاتێ تەمەنم ٢١ ساڵان بوو تووشی گرفتارییەکی بێ پارەیی بووم – ئەو کات قوتابی بووم. یاسام دەخوێند و تێرمینی دووەمیش تووشی کێشەی ئەوە بووم پارە بۆ کرێی شوقەکەم دابنێم. ئەوسا تەلەفۆنم بۆ باوکم کرد و پرسیارم کرد ئاخۆ دەتوانێ بە شێوەیەکی کاتی یارمەتیم بدا. دەزانن چی کرد؟

**ئێما و سۆفیا:**

نەء.

**یودیس:**

یەک زەرف پارەی مۆنۆپۆلی بۆ ناردم.

**ئێما:**

چەند بوو؟

**یودیس:**

سی هەزار.

**ئێما:**

ئەوەندە زۆر.

**یودیس:**

ئا، ئا بەڵام پارەکەم دایەوە.

**یوناس:**

بمبوورە، تۆ نەتگوت مردووە؟

**دانێل:**

ئەو مردووە.

**یوناس:**

تۆ گوتت باو باو باو باو باوکم مردووە؟

**دانێل:**

مردووە و بەردێنراوە. مەبەستم ئەوەیە نێژراوە.

**یوناس:**

بۆچی مردووە؟

**دانێل:**

لەبەرئەوەی.. لەبەرئەوەی مەبەستت لەوە چییە؟

**یوناس:**

باشە چۆن مردووە؟

**دانێل:**

خۆت باش دەزانیت. خۆت باش تێ دەگەیت. خۆت باش حاڵی دەبیت. خۆت باش تێ دەگەیت، خۆت باش حاڵی دەبیت. تۆ لەمە تێ ناگەیت؟

**یوناس:**

ئا وایە، وایە، وایە، وایە
وایە، وایە، وایە، وایە،
وایە، وایە، وایە ئا.

**یوسف:**

ئێمە لە خانووەکەمان بووین لە گۆتلاند. ئەمە ئەوەیە کە هەوڵ دەدەم بیڵێم. گەر ئێستا ڕاست بیرم بێتەوە، لەوێ بوو ئەمە ڕووی دا. هەڵبەت ئەوە هیچ گرنگ نییە. ئێمە وەک ڕاهاتبووین لەوێ بین، نزیکەی چوار هەفتە لەوێ بووین. ئیدی لەوەندە زیاتر برمان نەدەکرد. ئەوە سێیەمین هاوینی دوای کڕینی خانووەکەمان بوو. هەموو کات حەزمان دەکرد لەوێ بین. زۆر خۆشمان لێ دەگوزەرا. هەستمان دەکرد تا بڵێی هێمن و ئارامین. بەڵێ، دوای ئەوەی خانووەکەمان کڕی، هەستمان دەکرد هەر بەڕاستی بۆ ماڵی خۆمان هاتووینەتەوە... مەبەست

چییـه له گـەڕانەوە بۆ مـاڵەوە. ئەوە هەسـتـێکی غـەریبـە. وەک گـەڕانەوە وایـە بۆ لای شـتـێک لەم دنیـایەدا... هەڵبـەت کـاتێ خـانووەکەمان کڕی کەلاوەیەک بوو بۆ خۆی. گەورە نەبوو. هەر بەڕاسـتی سێ کـەلاوە بـوو کـە ئێـمـە خـاوەخـاو و بـە پارێزەوە کەوتینە نۆژەنکردنەوەی. هەر هیچ پەلەمان نەبوو. پێمـان وابوو لە ئەبەدییـەتدا دەژین. بەڵام ئێمـە فریا کەوتبـووین تا ڕادەیەک خۆشەویسـتـییـەکی زۆر، دڵسـۆزی و پارەیەکی بێ ئەندازە زۆری تێدا خـەرج کـەین. ئەرز و بنمـیـچـەکەیمان گـۆڕی، دەسـتـمـان بە دیوارەکـانیدا هێنا، خـاوێنمـان کـردەوە، پـەنجـەرەی نوێمـان بۆ دانا و شـتومـەکی مـوبەقی تەواو تازەمـان لە کـەلاوەیەکیدا دانا، لەو جێگەیەدا کە پلانمان دانابوو یەکەم جار ئاوەدان ببێـتەوە و بچینە ناوی لە کاتێکدا خەریکی نۆژەنکردنەکەی دووانەکەی تر دەبین. نەمامێکی ئەڵمانی و دارگوێزێکی تەمەن حەوت ساڵەمان ڕواند و بـەوردی نازانم چەند تـەڵانی گـوڵ، چەند دارگـێـلاس و دارهەڵووژەش. من بە خۆشحـاڵییـەوە دارئەکاکیایەکیشم ڕواند چونکە سـێـبـەرێکی جـوان لـە ڕووناکی دەدا، دوورتریش چەند دارهەنجیرێک. گوڵێکی ناوەڕاستی هاوینەی فینلاندیشمـان لە هاوڕێیـەکی مـیـهـرەبانـەوە... لە ژنێکی فـینلاندی کـە ناوی...... کـاتارینا بوو، دەسـتکەوت. من بیـرم لەوە کـردبووەوە دوو گـوڵە هەنگوینیش بـڕوێنم کـە دەشێ شـەش حـەوت مـەتر بـاڵا بکەن. ئێـمـە قـسـەمـان لەوە دەکـرد هەوڵ بدەین دوای چەند سـاڵێک بگوێزینـەوە بۆ ئـەوێ و لەوێ بـژین... بەڵام مـن بیـسـت سـاڵ لە سـۆفـیـا گـەورەتر بووم. ئەوێمـان هەبـوو وەک بنکەیەک بۆ

چالاکییەکەمان... ئەوەی کە ئێستا بووەتە... پیری. بەڵام هاوینی پار، ئەم هاوینە... کتێبی هاننا ئارێندت[٣٣] و هایدگەرم پێ بوو... ئەم هاوینە شتێک ڕووی دا کە هێندە ڕاچڵەکێنەر بوو هەر باس ناکرێ. بەهەرحاڵ گەر بیر لەوە بکرێتەوە ئێمە تا ئێستا چەند کەم توانیومانە کەڵک لەوە وەربگرین، لە ڕاستیدا شتێکی ڕاچڵەکێنەرە لە ئارامی و سادەییی خۆیدا. لەو حەکایەتانە دەچێ کە لەبارەی بلەرزەکانەوە دەبیسترێن کە یەکێک دانیشتووە و لە نمای پەنجەرەیەکەوە لە دەرەوە، لە بیابان دەنۆڕێ و ئیتر کتوپڕ هەموو شتێک دەلەرێتەوە و پەنجەرەکە زرمە دەکا و هەموو شتێک لە ماڵەکەدا تێکوپێک دەشکێ. ئەوە چی بوو ڕووی دا؟ ئەوەی ڕووی دا ئەوەیە کە ئێمە هەستکردنمان بەو شتە بزر کردووە. کتوپڕ. سەرسەختانە. بەحاڵ تێ دەگەین چ ڕووی داوە. هەستمان بە هەموو شتێک بزر کردووە. هەردووکمان لە یەک کاتدا هەستمان بە هەموو شتێک بزر کردبوو، بەڵام هەریەکەمان بۆ خۆی... مەبەستم لەوەیە... بەبێ ئەوەی ئەوی ترمان ئەوەی زانیبێ. ئەمە ئەو شتەیە کە بونیام لێی دەترسێ. ئەوەی گەر مرۆڤ ببینێ ئەوی تر هەست بەهەمان شت دەکا، شتێکی مسۆگەر و بێ ئەملا و

(٣٣) Hanna Arendt (1906 -1975): ژنە فەیلەسووفی جوولەکەی ئەڵمانی. ساڵی ١٩٣٣ دوای دەسەڵاتگرتنە دەستی ئەڵمانیا لەلایەن نازییەکانەوە، بەرەو پاریس هەڵهات و ساڵی ١٩٤١یش لە ئەمەریکا گیرسایەوە. فەلسەفەی ئارێندت خاوەن کارەکتەرێکی بوونگەرایانەیە بەتایبەتی بوونگەراییەکی سیاسیی بەتەرکیزکردنە سەر تۆتالیتاریزم کە خۆی لە نازیزم و ستالینیزمدا مانیفێستێرە کردووە. و. کوردی

ئەولا. هەستکردنمان بە جێگە و خانووەکە تێدا مرد. من پێم وابوو بە تەنیا خۆم ئەوەم ئەزموون کردووە و زۆر خەمگین بووم کاتێ لەوە تێگەیشتم حەز ناکەم هیچ بڵێم، بەڵکو هیوادارم تێ پەڕێ، هیوادارم ئەوە تەنیا تارماییەک بووبێ. بەڵام شەوێکیان سێ رۆژ دواتر کە ئێمە لە باخچەکە دانیشتبووین و پاستامان دەخوارد، سۆفیا لای بۆ کردمەوە و بە ئارامی گوتی.

**سۆفیا:**

من ئیتر حەزم لێرە نییە.

**یوسف:**

نا.

**سۆفیا:**

مەبەستم خانووەکەیە. ئیتر حەزم لێی نییە.

**یوسف:**

نا، دەزانم.

**سۆفیا:**

حەز ناکەم لێرە بم.

**یوسف:**

منیش حەز ناکەم. هەستم پێی بزر کردووە.

**سۆفیا:**

هەستم پێی بزر کردووە.

**یوسف:**

منیش.

**سۆفیا:**

نازانم ئەگەر هەر بەڕاستی حەزم لێی بووبێ. هەرگیز باوەڕ ناکەم حەزم لێی بووبێ. تەنیا هەوڵم داوە قەناعەت بە خۆم بکەم حەزم لێیەتی.

**یوسف:**

منیش.

**سۆفیا:**

پێم وایە حەزم لەو بیرۆکە نایابە بووە کە ئێمە پێکەوە شتێکمان هەبێ. ئەمەش تەنیا شتێکە پێکەوە هەمانبێ... شتێک کە هەوڵمان داوە پێکەوە دروستی بکەین.

**یوسف:**

ئا.

**سۆفیا:**

ئێستا.

**یوسف:**

منیش حەزم بەوە بووە. چی بکەین؟

**یوناس:**

(جێی هێشتوون. لە دوایانەوەیە، ئەرزەکە هەڵدەکۆڵێ وەک ئەوەی زەوی بێت، پێ دەچێ چاڵێکی هەڵکەندبێ و ڕوخسارێکی تێدا دۆزیبێتەوە)

**سۆفیا:**

نازانم.

**یوسف:**

بیفرۆشین؟

**سۆفیا:**

ئا . دەیفرۆشین. دەبێ بیفرۆشین.

**یوسف:**

ئا ، پێویستە بیفرۆشین.

**ماتییاس:**

مرۆڤ دەگۆڕێت.

**یوسف:**

بەڕاست دەگۆڕێت؟ ڕێک بەپێچەوانەوە نییە؟

**یودیس:**

هەڵبەت ئێوە حەزتان لە خانووەکەتان بوو. ئێوە حەزتان لێی بوو.

**سۆفیا:**

ئا ، حەزمان لێی بوو.

**یوسف:**

ئا ، حەزمان لێی بوو. پێمان وابوو حەزمان لێیەتی.

**یودیس:**

جگە لە خانووە نەفرەتییەکەتان لە گۆتلاند هەرگیز قسەتان لەبارەی شتی ترەوە نەکردووە.

**سۆفیا:**

دیارە.

**یوسف:**

ئاشکرایە قسەمان لەبارەی خانووەکەوە کردووە.

**سۆفیا:**

ئاخر حەزمان لێی بوو.

**دانێل:**

(تەمـــاشـــای یونـاس دەکـا کـە لـەســـەر ئەژنـۆ دانیـشــتــووە و بەدەسـتـەکـانی ئەرزەکـە هەڵدەکـۆڵێ) توو دۆزەخ ئەوە خـەریکی چیت؟

**یوناس:**

تەنیا حەز دەکەم تەماشای بابە بکەم.. ببینم بزانم چۆنە.

**دانێل:**

واز لەوە بێنە. وەرە دانیشە.

**ئێما:**

ئەو پیەسە چی بوو کە ئەوان پێشتر باسیان لێوە دەکرد؟

**یودیس:**

هەر بەڕاستی نازانم. ئەوە زۆر دەمێکە.

**ئێما:**

گوێم لێ نەبوو گوتت چی.

**یودیس:**

هەر بەڕاستی منیش.

**ئێما:**

باش دیار بوو؟

**یودیس:**

نازانم. خۆ هەر ناشزانم ئەوە چییە. نازانم ئاخۆ بینیومە یان نا چونکە نازانم ئەو شتە چییە. تەنانەت ناشزانم بۆ کوێ چووە.

**ئێما:**

هەروەها منیش نازانم. ئەوە زۆر دەمێکە.

**یوناس:**

(بە چرپە بۆ ئێما دەدوێ) بابە سڵاوی هەیە.

**ئێما:**

سوپاس... سڵاوی لێ بکە.

**یوناس:**

دەڵێ بیرت دەکا.

**ئێما:**

منیش بیری دەکەم.

**یوناس:**

پێی بڵێم بیری دەکەیت؟

**ئێما:**

ئا.

**یوناس:**

ئێما سڵاوی هەیە، دەڵێ بیرت دەکا.

**دانێل:**

هیچی لەبارەی نووسینگەکەوە نەگوت؟

**یودیس:**

کام نووسینگە؟

**دانێل:**

کۆمپانیاکە... کۆمپانیای پارێزەرییەکە.

**یوناس:**

یەک وشەی لەو بارەیەوە نەگوت.

یەک وشەی نەگوت.

**یوسف:**

هۆگۆ بووس.

**دانێل:**

ئەوانە هی من نین. دەبێ کەسێک بیری چووبن.

**ئێما:**

وەکو تر، دایکت چۆنە؟

**یودیس:**

دایکی من؟ (وچانێکی کورت) دایکی من؟

**ئێما:**

ئا. چۆنە؟

**یودیس:**

مردووە. بۆ نازانیت؟

**ئێما:**

مردووە؟

**یودیس:**

ئا.

**ئێما:**

چۆن؟

**یودیس:**

له ئەپریلدا مرد. ئەپریلی.... ١٩

**ئێما:**

ئا، وایە، وایە، وایە...

ئا، وایە، وایە، وایە.

**یوناس:**

ئا، وایە، وایە.

ئا، وایە.

**هەموو:**

(جگە له دانێل دەڵێن)

ئا وایە، ئا وایە، وایە، وایە، وایە، وایە، وایە....

ئا، وایە، ئا وایە، وایە، وایە وایە وایە، ئا وایە.

**دانێل:**

(ئارام) بەسە.

**یوناس:**

ئا، وایە، ئا وایە...

ئا، وایە...

ئا... وایە... ئا.

**دانێل:**

(کەمێک توندتر) بەسە.

**یوناس:**

ئا گیناو، ئا گیناو...

ئا گیناو.

**هەموو:**

(جگە لە دانێل دەڵێن) گیناو، ئا گیناو.

/بیست جار وا دەڵێن. لە نزایەک دەچێ کە گۆکردنی بەرز و نزم دەبێتەوە/

**دانێل:**

/هەڵدەستێتە سەرپێ. بێدەنگی باڵ دەکێشێ/

**یوسف:**

ئەم مانگە چ مانگێکە؟

**ماتیاس:**

ئەمە؟

**یوسف:**

ئا.

**ماتیاس:**

سێپتەمبەرە؟

**یوسف:**

(دوای ساتێکی کەم) سێپتەمبەر؟ (وچانێکی کورت) ئاه.

**ئێما:**

بمبوورن. بمبوورن... چۆن دەکرێ ئەوەم بیر چێتەوە؟

**یودیس:**

ئا... ئەو بە شێوەیەک لە شێوەکان مردووە... ئەو دەمێکە مردووە. دەمێکە.

**ئێما:**

ئەو خەڵکی هەنگاریا بوو. لە مردن رزگاری بوو.

**یودیس:**

تا ئێستا....

**ماتییاس:**

ئا، بەڵام ئەوە دەمێکە.

**یودیس:**

ئەوە لەبەرئەوەیە ئەو کاریگەرییە قووڵەی لەسەر جێ هێشتووین. ئەو ئەمی ڕزگار کرد.

**یوسف:**

لە ئەڵمانیا ئەوان نازانن والینبێری[٣٤] کێیە.

**ماتییاس:**

مەبەستت لەوە چییە؟

---

(٣٤) Raoul wallenberg 1912 -1947(؟) بەئەرک وەرگرتن لە سوێد و ئەمەریکا، پرۆسەی کاری ڕزگارکردنی لەنێو جووەکاندا دامەزراند، مەزەندە دەکرێ لەو پرۆسەیەدا زیاتر لە سەد هەزار کەسی لە ئۆردووگاکانی مەرگ ڕزگار کردبێت. وا پێ دەچێ بە دیلی لای رووسەکان مردبێ. لە ئەمەریکا و ئیسرائیل مێدالی هاووڵاتیی شەرەفی پێ دراوە. نووسەر

**یوسف:**

ئەوە راستە، بە دڵنیاییەوە وایە، بەهەرحاڵ ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لە بەرلین قسەم لەگەڵ کردن، نەیاندەناسی.

**ئێما:**

نازانم باسی چی دەکەن... ئەوانە قەت لەوێوە نەهاتوون... ئەوانەی کە لەوێوە هاتوون.

**یودیس:**

نا. ئێمە ناچار کراین لەوێ چاوەڕێ بکەین... لەگەڵ ئەواندا... بەڵام لە دەرەوە، کەم و زۆر بەدەستی بەتاڵ... قەت بە هیچ پڕ نەبووەوە... بەڵام من تێنەگەیشتم... بەڵام من تێنەگەیشتم هەر بەڕاستی لە کوێم، ئاوها ئیدی من لەوێ بووم، لە دەرەوە چاوەڕێم دەکرد... لە کاتێکدا کە پیر دەبووم... نازانم چەند ساڵ... چەند ساڵ نییە، ساڵانێکی زۆر زۆر...، هەموو ئەو ساڵانە... کە ڕاوەستابووم و چاوەڕێی ئەوم[٣٥] دەکرد... تەنیا منداڵێک بووم، پاشان بوومە کچێکی گەنج و پاشانیش ژنێکی گەنج، دواتر بوومە پیرێژنێک.. بەڵام قەت نەمزانی لە کوێم... نەمزانی جیهان لە دەرەوە بوونی نییە... تەنیا تارماییەکان، تەنیا تارماییەکان دەهاتنە دەرێ، تەنیا تارماییەکان بە پێی پیادە دەهاتنە دەرێ و دەکەوتن بەسەرمدا و تێ دەپەڕین، بەبێ کۆتایی، گەلێک و گەلێک، هەرگاڤ گەلێک و گەلێک و کاتێ دەمگرتن بەچاوانێکی مردوو تەماشایان دەکردم.

(٣٥) ڕاناوەکە بۆ مێ بەکار هاتووە. و. کوردی

**دانێل:**

قسەکردن لەبارەی ئەڵمانیاوە....

**ئێما:**

دانێل، ئێمە باسی هەنگاریا دەکەین.

**دانێل:**

هەنگاریا، پۆڵەندا، چیکۆسلۆڤاکیا، سۆڤێت، فەرەنسا، هۆڵەندا.... ئێ چییە؟ بەهەرحاڵ ئێمە لەبارەی ئەڵمانیاوە قسە دەکەین. من لەبارەی ئەڵمانیاوە قسە دەکەم و دەزانم پێشتر ئەمەم گوتووە... دەزانم من زۆرجار ئەمەم گوتووە بە جۆرێک کە بیرم چووەتەوە کێ یەکەم جار ئەو قسەیەی کردووە، بەڵام من وا دیسان دەیکەمەوە.

**یودیس:**

من کێ بووم؟ من لەدایک بووم تا مەرگ ببەزێنم. من تەنانەت منداڵیش نەبووم. من فرمێسکەکانی ئەوم گریاند، چونکە ئەو نەیدەتوانی بگری.

**دانێل:**

من دەڵێم ئەڵمانەکان هەرگیز ناتوانن لە جوولەکەکان خۆش بن چونکە نزیکەی شەش ملیۆن کەسیان لە ئێمە کوشت. ئەوان چ ئاگا و چ نائاگا پێیان وایە بێگومان دەبێ هەڵەیەک لە ئێمەدا هەبووبێ کە وا لێ گەڕاون ئاوها بەو زۆرییە و بەو شەڕانگێزی و ئەعساب ساردییەوە بکوژرێین. دەبێ بەشێوەیەکی گشتی هەڵەی خۆیان بێ کوژراون. ئەگینا نەدەبوو بکوژرێن. هیچ گرینگ نییە مرۆ چەند ئەمپول جینۆسایدی لە منداڵی تەمەن دە

سالآن دەدا. کام منداڵ هەوڵ دەدا لە جوولەکەیەکی کوژراو تێ بگا؟ ئەو ئەڵمانانە جا ئەگەر ئەڵمان بن یان نا، ئاوها بیر دەکەنەوە، گەر بەشێوەیەکی گشتی بیر بکەنەوە. کاتێکیش ئەم بیرە دەکەنەوە کە بزانن ئاخۆ فریا دەکەون بەئاگا بن لەوەی چەند زوو خێراتر لە بیری بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان ئەمە تەنیا بۆ دەرفەتێکی تر هەڵدەگرن. لە بیرکردن جینۆسایدە لە پشوودا.

**ماتییاس:**

من پێم وایە تۆ ڕاست دەکەیت.

**دانێل:**

پێت وایە؟ باشە بۆچی پێت وایە؟

**یودیس:**

شەوێکیان لە مانگی ئابدا ئەو هات بۆ ترێلێبۆری، ترێلێبۆری شارێکی بچووکە لە سوێد.

**ماتییاس:**

ئا، بۆ ئەوەی میکانیزمێکی وەک ئەمە... میکانیزمی لە بیرکردنێکی وەک ئەمە... شتێکی گشتگیرە. ئەمە چ داهێنراوێکی ئەڵمانی نییە. بگرە شتێکی گەردوونییە. پێوەندە بە هەموو ئێمەوە. ئەی ئێمە هەموومان پسپۆڕێکی سەرسوڕهێنەر نین لە خستنی گوناهە دڵنەخوازەکانی خۆمان و مامەڵە شەڕانگێزەکانمان لە ئەستۆی قوربانییەکانمان... چەندێکیش مرۆ خراپتر مامەڵەی کەسێک دەکات، ئەوا ئەو کەسەی مامەڵە دزێوەکەی بەرامبەر دەکرێ، گوناهبارترە،

بەپلەی یەکەمیش گەر چارەنووسی مرۆ لە دەستی خۆیدا بێت. کەواتە ئەمە ئەوەیە کە رۆژنامەکانی ئێوە زۆر سەرکەوتووانە دەیکەن کاتێ خەریکی ڕاوەدوونان و بەگیرهێنانی سیاسەتوان و دەسەڵاتدارانن.

**یوسف:**

نەفرەت، ئەوە هەر جێی بەراورد نییە.

**ماتییاس:**

بێگومـــــان نا. منیش بەراوردم نەکـــــردووە. (بێ ئەندازە شەڕانگێزانە) هەوڵ مەدە. هەوڵ لەگەڵ مندا مەدە.

**یوسف:**

هەوڵی چی؟

**ماتییاس:**

هەوڵ لەگەڵ مندا مەدە. من قسەم لەبارەی میکانیزمێکی وەک ئەوەوە کـــرد. تۆ لەوە بەدەر نیت. تۆ مـــووچەکـــەت لەوەوە وەردەگریت.

**ئێما:**

ئێمە هەر تەواو سووک و باریک بووینە میللەتێک کە زۆر کەس ویستیان بمانکوژن.

**یودیس:**

نەک تەنیا ویستیان.

**ئێما:**

نەء.

**یودیس:**

سەبارەت بە بەراوردکاری کە بووە شتێکی تەواو گونجاو، لەم ڕۆژانەدا کۆسێرییەکم[٣٦] لە ڕۆژنامەکەتدا خوێندەوە تێیدا کۆسۆرەکە[٣٧] بەراوردێکی لە نێوان بنەبڕکردنی هێلکەشەیتانۆکە لە باخچەکەی و ئاوشویتزدا[٣٨] کردبوو.

**یوناس:**

ئا وایە وایە، ئا وایە ئا.
ئا وایە، وایە وایە وایە، ئا
وایە وایە وایە ئا وایە ئا
منیش وا دەڵێم، وا دەڵێم. ئا وایە.

**یودیس:**

ئەو گوتی دڕدۆنگە لەوەی ئاخۆ لە "دادگەییی سروشتی نۆرینبێرگ"دا چ حوکمێک دەدرێ.

**یوسف:**

دەزانم. من شەرمەزارم. ئەوە سەروتاری من نەبوو، بەڵام لەگەڵ

(٣٦) Kåseri: وتاری ئاسان و بەپێکەنینەوە گێڕانەوە. و. کوردی

(٣٧) Kåsör: نووسەری وتاری ڕەخنەگرانە و پێکەنینهێن. و. کوردی

(٣٨) Auschwitz: ناوێکی ئەڵمانییە بۆ شاری Oswiecimی پۆڵەندا، ساڵی ١٩٤٠ نازییەکان یەکێک لە بەدناوترین ئۆردووگاکانی جینۆسایدیان لێ دامەزراند و تێیدا زیاتر لە دوو ملیۆن کەس کە زۆربەی زۆریان جوولەکە بوون، قەتڵوعام کرد. ساڵی ١٩٤٥ و دوای شەڕ، تەنیا پێنج هەزار کەس بە زیندوویی لەو ئۆردووگایەدا مابوونەوە. لە بەردەم دەرگەی چوونە ژوورەوەی ئۆردووگاکەدا نووسراوە (کار ئازادیی دەخوڵقێنێ.) ئێستا ئەو جێگەیە مۆزەخانەیە. نووسەر و و. کوردی

ئەوەشدا شەرمەزارم.

**یودیس:**

شەرمەزاریت؟ باشە بۆ؟

**دانێل:**

باشە بۆ؟

**ماتیياس:**

شەرمەزارت؟

**یودیس:**

باشە بۆ؟

**یوسف:**

نازانم.

**یودیس:**

مرۆ هەردەم شتێکی هەیە کە درەنگ یان زوو لێی شەرمەزار بێت.

**یوسف:**

شەرمەزارم... نازانم، سووک و ئاسان ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت جوولەکە نیم.

**دانێل:**

چ شتێک هەیە مایەی شەرمەزاریت بێت؟

**یوسف:**

لەبەرئەوەی ناتوانم هاوبەشی بەدبەختییەکانتان بم، هاوبەشی

مێژووتان، هاوبەشی برینی مێژووییتان و ئەو گوڕ و زرنگییە ببم کە وای لێ کردن بە زیندوویی بمێننەوە.

**یودیس:**

ئەوە هیچ برینێکی مێژوویی نییە، ئەوە شتێکە دەمێنێتەوە کاتێک هیچ شتێکی تر نییە بمێنێتەوە. ئەوە چۆڵەوانییە زیندووەکەیە.

**یوسف:**

ئێوە لە تاریکیدا یەکتر دەدۆزنەوە، لە تاریکیدا یەکتر دەناسنەوە.

**ئێما:**

ئەوە ئێستا ئێمە بە جیدی قسە دەکەین؟

**یودیس:**

ئاخرییەکەی.

**یوسف:**

نا، من هەست دەکەم تەواو گۆشەگیرم، نزیکەی حیساب بۆنەکراو، غەریب. وەک غەریبێک، شتێکی ناخۆشە. هەستێکی ناخۆشە. من تەنیا پەڕە کاغەزێکی سپیی شت تێدا نەنووسراوم. بۆم نییە و ناتوانم بەشدار بم. لە زمانەکە تێ ناگەم. لەم ولاتە نیم. ئەوەی ئێوە دەیڵێن بۆ من شتێکی تەواو جیاواز دەگەیەنێ، بەڵام هیچ ئاگام لەوە نییە ئاخۆ ئەو شتە چییە. لەودیو ئەو شتانەوەی ئێوە دەیڵێن زمانێکی تر هەیە کە من لەوێ.... کە من لەوێدا هیچ مانا یان بەهایەکم نییە، مەبەستم لەوەیە ئێوە چەند میهرەبان و دڵگەورەن. سادە و

ساکار من لەوێدا نیم. مەبەستم لەوەیە، من دەبێ کۆڵ بدەم لەوەی هەوڵ بدەم لە پاڵ هەندێ سنووردا تێ بگەم. لەودیو ئەو سنوورەوە من چ مافێکم نییە هیچ بڵێم. مافی بێدەنگبوونیشم نییە. تەنیا ئێوە هەن. لەوێ ژیانی من کۆتاییی دێت. ئەوە وڵاتی ئێوەیە لە هەوا، لەو هەوایەی کە بە دووکەڵی مردووەکانتان قانگ دراوە.. لەم ڕۆژانەدا بیرم لەوە دەکردەوە، کاتێ زانیم تەنیا دوو کەس لە بنەماڵەی ئێلفریدێ جێلینێک[٣٩] بە زیندوویی لە ئاوشویتز ماونەتەوە، یەکێکیان دایکی بووە... سەبارەت بە کۆسێرییەکە تەنیا دەتوانم بڵێم کە ئەوە لە لاپەڕەی کولتووردا بڵاو نەکرابووەوە. ئەوە بەشێکی تری ڕۆژنامەکە بوو. ئێمە چ هاوکارییەکمان لەگەڵ ئەو بەشەدا نییە.

**دانێل:**

ئەوە لەبەرئەوەیە کە ئێوە هیچ بەرپرسیارییەکتان نییە؟

**سۆفیا:**

یوسف تۆ پێویست ناکا زۆر تین بدەیتە خۆت. بەوەشەوە ئەوان هەرگیز وەرت ناگرن.

/یوناس دەکەوێتە گریان/

**ماتییاس:**

من پزیشکی دەروونیم.

**ئێما:**

من بەڕێوەبەری چاپخانەم.

---

(٣٩) Elfriede Jelinek: ژنە نووسەری نەمسایی،ساڵی ١٩٤٦ لەدایک بووە، خەڵاتی نۆبڵی ساڵی ٢٠٠٤ی ئەدەبییاتی وەرگرتووە. و. کوردی

**دانێل:**

نەخێر، تۆ بەڕێوەبەری کتێبی منداڵانیت لە چاپخانەیەکدا.

**یودیس:**

من پارێزەرم، من لە نووسینگەکەی تۆدا کار دەکەم.

**دانێل:**

بەڵام تۆ قوزت هەیە، تۆ پارێزەریت بە قوزەوە.

**یودیس:**

جا چییە؟ ئەوە کێشەیە؟ مەبەستم لەوەیە ڕێی گرتووە؟

**دانێل:**

نەء.

**یودیس:**

شەوانە هی تۆیە و بە ڕۆژیش بۆ من.

**دانێل:**

مەبەستم لەوەیە تۆ پارێزەری مافەکانی خێزانیت، نەک من. تۆ پارێزەرێکی دڵڕەق و بێ دەربەستی مافەکانی خێزانیت. من ڕۆژانە بە خەڵکانێک دەگەم کە بێ تاوان یان تاوانبارن بە ئەنجامدانی تاوانگەلی تا ڕادەیەک ترسناک. مەبەستم ئەوەیە من ڕۆژانە یەکێک دووان لەوانە یان زۆریان دەبینم. هەرگیز لە یەک کاتدا نا، هەردەم یەک لە دوای یەک. هەندێک جار ڕۆژانە زیاد لە پێنج شەشێکیان. هەموو ڕۆژێک بەرامبەریان دادەنیشم و گوێ دەگرم بۆ ئەو شتانەی ئەوان دەیڵێن و لە ڕاستیدا هەوڵ دەدەم ئەو شتانە ببیستم کە ئەوان دەیڵێن، ئەو قسانە فلتەر

دەکەم کـە ئـەوان دەیانەوێ بیـبـیـسـتم، ئەوەی ئـەوان بێ تاوانن، ئەوەی ئـەوان بێ تـاوانن لە هـەمـــوو شـــتـــێک. ئەوەی کـــە هـیچ گوناهـی ئەوان نەبووە. هیچ گوناهیان نەبووە. خۆ گەر شتێکیش رووی دابێ ئەوا تەنیا رووی داوە و تەواو. ئەوان تەنیا کـەرەستە بوون و وروورژێنراون. دەروونیـان رێک لەو سـاتەوەختـەدا ئـامـادە نەبووە، مـەسـتـیـیـەکی سـایکۆپاتی داگیـری کردوون. گـەر ئەوان ئەو تـاوانەیان ئـەنجـام دابێ، ئەوا ئەوان ئـەو تاوانەیـان ئەنجـام نەداوە. کەسێکی تر ئەنجامی داوە. خۆم دەزانم لەبارەی چییەوە دەدوێم. من پـارێزەرم. من ئەوەنـدە دەمـێکە پارێزەرم هـەر بیـرم نیـیـە. خـوێندنی بـالای یـاسـام تەواو کـردووە. لەسـەر چۆک بە تێکسـتـەکانی یاسـادا رۆیشـتـووم[٤٠]. مـرۆ دەتوانـێ وا بڵێ؟ بە ئاشـکرا. رۆیـشـتن لەسـەر چۆک بـە تێکسـتـەکـانـی یاسـادا. هەبوونـی تێکسـتـەکانی یاسـا لە قـووندا، چونکە لەسـەر چۆک بەسـەریاندا رۆیشـتووم. پەرەگرافـەکانی یاسام وەک گونی فیل جـویون، پێنج دانـەیان لە گـوێچکەم دەرهـاتن و هەڵمـهێنانەوە. سـەردەمـێکی نـایاب بوو. بـاشـتـرین سـاتی ژیانم بوو. رەنگە باشـتـرین سـاتی ژیـانم بووبێ. قـەت بیـرم ناچێـتـەوە. ئەوە باشترین ساتی ژیانم بوو. باشترین ساتی ژیانی کەسێک بوو. ئەوە لەبەرئـەوەیە قـەت بیـرم ناچێتـەوە. ئەوە بەر لەوە بوو ئێـمـا بنـاسم. شـەش سـاڵ بوو بـەر لەوەی ئێـمـا بناسم. هـێـشـتـا نەبووبوومـە باوک. پاشان ئێمـام ناسی و دوو منداڵم خستنەوە. یەکێکیـان مـرد. لەو سـاڵەدا خـوێندنی بـالای زانکۆم تەواو کـرد.

(٤٠) ئاماژەیە بۆ خۆماندووکردن و شەکەتبوون لە بوارێکدا. و. کوردی

خوێندنی بالای یاسا. من پارێزەرم. پارێزەری دادگەی تاوانم. ناوم چییە؟ من یەکێک لە خاوەن سەهمەکانی کۆمپانیایەکی گەورەی پارێزەریم. بۆ خۆمان بە یاساوە خەریکین. نووسینگە سەرەکییەکەمان لە بیرگێر یارلسگاتانە، ئەوە جادەیەکە لە ستۆکهۆڵم. کرێیەکی زەندەقبەر دەدەین. ناو شارە و گرانبەهایە. بە دەیان ڕێستورانتی نایاب لەو نزیکانەوەیە. پێویستت بە پارێزەر هەیە؟ وەرە بۆ لام. من پارێزەرم.

**یوسف:**

من هیچم پێویست نییە.

**دانێل:**

هەمووان درەنگ یان زوو پێویستییان بە پارێزەرێک دەبێ. من پارێزەرم. من پارێزەرێکم کە دەتوانێ چاوەڕێ بکات. باوکم مردووە. ئەویش هەر پارێزەر بوو. ڕێک هەروەک من. ئەویش هەر دەیتوانی چاوەڕێ بکات. من پارێزەرم.

**سۆفیا:**

من رۆژنامەنووسم. پێنجشەم سەفەر دەکەم بۆ ریگا[٤١]. دەمەوێ ریپۆرتاجێک بکەم لەسەر دوو خانەی منداڵان لە ریگا... خانەی یەکەمیان چوار میل لە دەرەوەی ریگایە.

**یوسف:**

بەلام لەگەڵ گەنجێکی کەمئەندامدا نەیەیتەوە، لەگەڵ یەکێک لەو گەنجانەی کە سوێیان بۆ خۆشەویستی بووەتەوە.

---

(٤١) Riga: پایەتەختی لێتلاند.

**یوناس:**

من...... من ئەو سوێدییەم کە ڕێگەچارە تۆکمەکەی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بە خەیاڵدا هات. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ماڵپەڕەکەم بکەن: دەبلیو دەبلیو دەبلیو نوختە یوناس نوختە دڵەلەرزە نوختە ئێس ئێ، ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست کلیک بکەن. من ئاوها بۆ مەسەلەکە چووم: سووریا، لبنان، میسر.......

**دانێل:**

ئا، وایە. تۆ دەروونناسیت.

**یوناس:**

نا، ئەمڕۆ نا.

**دانێل:**

نا، ماتییاس. تۆ دەروونناسیت.

**ماتییاس:**

ئا، من لێی دەترسم.

**دانێل:**

زۆر نایابە. دەبێ لێی بترسیت.

**ماتییاس:**

بۆچی؟ بۆچی دەبێ لەوە بترسم؟

**دانێل:**

خۆت گوتت لێی دەترسم... نەک من.

**ماتییاس:**

تۆ گوتت ئەوە باشە.

**دانێل:**

چی باشە؟

**ماتییاس:**

تۆ گـوتت، باشـە، باشــە کـە من دەترسـم. لە ڕاسـتـیـدا ئەوەی کـاردانـەوەی پێ نـیـشــاندام ئەوە بوو... کـە تۆ گـوتت باشــە من دەترسـم. بۆچی پێت وایە ئەوە بـاشـە کـە مـن دەترسم؟ من پێم وایە باش نییە کە دەترسم.

**دانێل:**

من گــوتم ئەوە باشـــە کــە تۆ دەترســیت بۆ ئەوەی نـەڵێـیت تۆ دەترسیت ئەگەر بیانوویەکت بۆ ئەوە نەبێت، ئـەوسا دەتگوت من لەوە ناترسم.

**ماتییاس:**

من لەوە ناترسم. من تێ ناگەم.

**دانێل:**

منیش. (وچانێکی کورت) تێ ناگەم تۆ لە چی تێ ناگەیت؟

**ماتییاس:**

مەبەستم ئەوەیە تێ ناگەم تۆ دەڵێیت چی.

**دانێل:**

هەر هیچ؟

**ماتییاس:**

نەء.

**دانێل:**

دەی باشە من چی بکەم؟

**ماتیياس:**

من هەموو کات دەترسم. هەموو ژیانم تاقە تێکۆشانێک بووە بۆ تێکوپێکشکاندنی ترس.

**یوسف:**

پێنجشەم سەفەر دەکەیت؟

**سۆفیا:**

ئا.

**یوسف:**

وام زانی هەینی سەفەر دەکەیت.

**سۆفیا:**

نا، پێنجشەم. هەینی سەفەرم کردووە. هەینی من لێرە نیم. ئەوسا بۆ خۆت ڕۆژێکی ترت بەدەستەوەیە تێیدا هەست بکەیت ئازاد و سەربەخۆیت. ئاگات لەوە بێت. ژیان زۆر کورتە، زوو بەزوو چیی تر ئێمە نین. بەهەرحاڵ تۆ نیت.

**یوناس:**

ژیان درێژە. خۆشەویستی گرینگترین شتی سەر ئەم زەوییە نییە.

**سۆفیا:**

کرم لە دەمتەوە دێنە دەرێ. تۆ ڕشاویتەوە؟ تۆ منت ڕشاندووەتەوە؟

**دانێل:**

گوتت چی؟

**سۆفیا:**

ڕۆژێکی ترت بەدەستەوەیە لە کۆڵت ببمەوە.

**دانێل:**

ئێ ئێ. کەی دەگەڕێیتەوە؟

**سۆفیا:**

باڵەفڕەکە سەعات ١٦:٤٥ لە ریگاوە دەکەوێتە ڕێ و سەعات ١٦:٤٥ دەگاتە ستۆکهۆڵم.

**یودیس:**

ئەوە لەبەر جیاوازیی کاتە؟

**سۆفیا:**

وابزانم.

**دانێل:**

بەڵێ وایە. بەڵێ. تۆ ڕۆژنامەنووسیت. لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەدا کار دەکەیت. تۆ لە هەمان ڕۆژنامە ڕۆژانەکەی یوسفدا کار دەکەیت. لەوێ بوو تۆ ئەوت ناسی؟

**سۆفیا:**

نەء. لەوێ بوو ئەو منی ناسی. ئێمە سێ ساڵە بەیەکەوەین... ئەوە دەمێکە ، زۆر دەمێکە.

**دانێل:**

ڕێک وایە.

**سۆفیا:**

بەڵام من ئیتر لەوێ کار ناکەم. من ئێستا لە تەلەڤزیۆنم... لە

تەلەڤزیۆنم... لە تەلەڤزیۆنم... لە دەستەی نووسەرانی دەنگوباسی تەلەڤزیۆنم... زیاتر لەگەڵ بەدواچووندا کار دەکەم... بونیام دەبێ لە جێگەیەک کار بکا.

**دانێل:**

لە جێگەیەکیش تەواو بێت.

**سۆفیا:**

ئا. بە دڵنیاییەوە لە ماوەی دوو ساڵدا دەبمە سەرنووسیار.

**دانێل:**

ئەگەر یوسف وازی لێ هێنایت، ئەوسا تەلەفۆنم بۆ بکە.

**یودیس:**

منداڵەکان دەنوون؟

**ئێما:**

پرسیار لە من دەکەیت؟

**یودیس:**

ئا. پرسیم ئاخۆ منداڵەکان دەنوون. دەنوون؟ منداڵەکان نوستوون؟

**ئێما:**

منداڵەکان.... ئا... بەڵێ دەنوون.. ئێستا ئەوان دەنوون... خەویان لێ کەوتووە... من خەواندمن... دەتوانرێ نزیکەی هەست بکرێ ئەوان دەنوون... مەبەستم ئەوەیە، خۆم هەست بەوە دەکەم... هەندێک جاریش دادەنیشم... هەندێک جاریش دادەنیشم لای... لای... ئۆف خوایە...

**دانێل:**

چی؟

/ئێما تەماشای دانێل دەکا وەک ئەوەی نەزانێ ئەو کێیە/

**دانێل:**

چی؟ تۆ چیتە؟ (وچانێکی کورت) ئەلۆ.

**ئێما:**

ناتوانم... ناتوانم بیرم بێتەوە ناوی چییە...

**دانێل:**

کێ؟

**ئێما:**

ناوی چییە....، کچەکە... ناوی چییە... ناتوانم ناویم بیر بکەوێتەوە، هەر تەواو بیرم چووتەوە.

**دانێل:**

توو دۆزەخ چیتە؟

**یودیس:**

ڕەنگە تەمەن بێت.

**ئێما:**

بیرم چووەوە، هەر نەما و تەواو. ڕاوەستە... لێ گەڕێ بیر بکەمەوە.

/وچان/

**ئێما:**

ئەرێ ناوی چی بوو...

**دانێل:**

ئێـمــه چـاوەڕێن. (وچانێکی کـورت) ئێـمــه چاوەڕێین تـا ناوی منداڵەکەتت بیر بکەوێتەوە.

/وچان/

**ئێما:**

نا. (وچان) بمبـوورن. ناتوانم بیـرم بکەوێتــەوە. /وچان/ ئەرێ چیمە؟ ئەوە چییە کە....

**ماتییاس:**

شـتی وا ڕوو دەدا. دەکرێ لە هەمـووان ڕوو بدا. بە دڵنیـاییـیـەوە خـەیاڵت لای شـتـی گـرینگتـرە. (دیسـان پێ دەکـەنێ بەهـەمـان توندی و درێژیی جـاری پێـشـوو. کـەس کـاردانەوەی بەرامـبـەر پێکەنینەکەی نییە)

**دانێل:**

بە دڵنیـاییـیــەوە تۆ خـەیاڵت لای شــتـێکی گـرینگتـرە لە ناوی منداڵەکەت.

**سۆفیا:**

هەڵبەت ئەوە دواین شتێکە کە دەبێ بونیام بیری بچێتەوە.

**ئێما:**

ئێمە دایەنێکمان هەیە.

**دانێل:**

ناوی چییە؟

**ئێما:**

مییا.

**دانێل:**

دەبێ لەو بپرسین. ڕەنگە ئەو بزانێ کچەکەت ناوی چییە.

**ئێما:**

ئێمە بەیانییان زوو دەچینە دەرەوە و ئێوارە درەنگ دەگەڕێینەوە. بە زۆری لە دەرەوە نان دەخۆین. هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵ هاوسێکانماندا نییە. تەنیا کاتێک لە ئەسانسۆرەکەدا یەک دەبینین سڵاو لەیەک دەکەین. دەرگەی ئاسانسۆرەکە بۆ یەک دەکەینەوە. شتێک لەبارەی کەشوهەواوە دەڵێن. هەمووان دەڵێن من لە دوکان و بانق و دایرەی پۆست کەسێکی میهرەبانم. کەس نایەوێ شتێکی زیاتر لەوەی کە دەیبینێ لەبارەمەوە بزانێ. ئەوان نازانن ئیشم چییە. نازانن دوو منداڵم هەن. لە دایەنگە یان لە کاتی ئازاد(٤٢) بۆ ماڵەوە دەیانهێنمەوە، کاتێ چوونە قوتابخانە ئیدی خۆیان دەهاتنەوە. قەت هیچ جۆرە کێشەیەک ڕووی نەداوە. هەرگاڤ وا ڕاهاتبووم بەزەردەخەنەوە دەچوومە دەرەوە. ئەو تەمەنی هەژدە ساڵ بوو.

**دانێل:**

کێ؟

**ئێما:**

مییا. دایەنەکە. دایەنەکەمان. ئەوەی ئاگەداری منداڵەکە بوو.

---

(٤٢) Fritids: ناوەندێکی پەروەردەیی و کات بەسەربردنە کە منداڵانی دایەنگە و قوتابخانە سەرەتاییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی دایکان و باوکانیان سەرگەرمی کاری ڕۆژانەن، دوای دەوامی خوێندن دەچن و چەند سەعاتێک کاتی لێ بەسەر دەبەن. . کوردی

**دانێل:**

ئەو ناوی تینایە.

**ئێما:**

بەڕاست؟ ئەو زۆر قسە ناکا.

**دانێل:**

نەء، ئەو ئاوتیستە.

**ئێما:**

کێ؟

**دانێل:**

کێ؟ ئەوت بە چی بانگ کرد؟

**ئێما:**

کێ؟

**دانێل:**

کێ؟

**ئێما:**

کێ؟ تینا؟

**دانێل:**

ئەو پرچی قاوەییيە. لاقی درێژە. قامکی درێژە.

**ئێما:**

کێ؟

**دانێل:**

کێ؟

**ئێما:**

کێ؟

**دانێل:**

کچەکەت. پرچ قاوەیی، چاوجوان و گەورە و ڕەش و لاق و قامک درێژ. دەیویست لە تەلئەبیب ببێتە سستەر. بەلام ئێمە ئامۆژگاریمان کرد وا نەکات.

**ئێما:**

کێ؟

**دانێل:**

کێ؟

**ئێما:**

ئا، وایە. هەندێ جار دادەنیشت و دەنووست. لەسەر سیسەمەکە دادەنیشت و دەنووست. هەندێ جار چاوانی کراوە بوون. من وام دەزانی بە خەبەرە. هەندێ قسەم لەگەڵ دەکرد، بەلام پاشان نزیکتر سەیرم دەکرد و دەمبینی نوستووە. ئیتر ئەوسا دەگریام.

**دانێل:**

باشە بۆ؟

**ئێما:**

چونکە بیرم لە هەموو ئەو شتانە دەکردەوە کە ئەو دەبوو پیایاندا تێ پەڕێ. هەموو درۆکان. هەموو خیانەتەکان، هەموو ئەو متمانە دڵپاکانەی کە دەبوو وردوخاش بکرێن. هەموو

ڕقەکان. هەموو مێژووەکە. هەموو هەڵبژاردنێک کە چکۆڵەی دەکاتەوە و هەژارتری دەکا. قوتابخانە، ژیانی کار. هەموو شتێک کە ئەو بەر لەوەی گەورە بێت، دەبێ بیاندۆڕێنێ. کاتێ بیرم لەوانە دەکردەوە دەگریام. نەمدەزانی ئاخۆ گەر وام کردبێ.

**یودیس:**

تێ دەگەم.

**سۆفیا:**

یوسف! یوسف! یوسف!

**ماتییاس:**

خەیاڵم لای ئەو شتە بوو کە تۆ لەبارەی کوڕەکەی یەعقوبەوە باست کرد.

**یوسف:**

لەبارەی ئەوەوە شتم باس کرد؟

**سۆفیا:**

خەڵکانی بەختەوەر هەن.

**ماتییاس:**

تۆ لەبارەی ئەو شیعرەوە قسەت کرد کە ئەو نووسیویەتی و کردوویەتی بە سەلاجەکەوە. (تەماشا دەکا چۆن یوسف هەوڵ دەدا خۆی بەرزتر بکاتەوە) ئەو نووسیویەتی: ''من زۆر ناشیرینم.''

**سۆفیا:**

من گوتم خەڵکانێکی بەختەوەر هەن.

**یوسف:**

نا، من زۆر ناشیرینم.

**ماتیاس:**

ئا، من زۆر ناشیرینم.

**سۆفیا:**

دەمەوێ بچمە بەر هەتاوەکە.

**یوسف:**

نا. من زۆر ناشیرینم.

**ماتیاس:**

بەڵێ.

**یوسف:**

من زۆر ناشیرینم.

**ماتیاس:**

تۆ؟ (وچان) تۆ زۆر ناشیرینیت؟

**یوسف:**

ئا، من زۆر ناشیرینم. پیر و ناشیرین.

**سۆفیا:**

تۆ پیر نیت.

**ماتیاس:**

تۆ ناشیرینیت نەک ئەو؟ (وچان) وام زانی " من زۆر ناشیرینم " واتە ئەو زۆر ناشیرین بووە. کە ئەو نووسیویەتی ئەو ناشیرین بووە.

**یوسف:**

نا . نا هەرگیز. من. من ناشیرینم نەک ئەو. ئا، ئەویش ناشیرینە. بێ ئەندازە ناشیرین. بەڵام ئەو مەبەستی ئەوە بووە من ناشیرین بووم کاتێ ئەو ئەوەی نووسیوە. هەڵبەت پێی وابووە ئەو جوان دەنوێنێ.

**ماتییاس:**

ئێ ئێ. (وچانێکی کورت) من سەراپا بەد لەوە حاڵی بووم. هەر هەموو شتێک. من سەراپا بەد لە هەموو شتێک حاڵی بووم.

**یوسف:**

بەڵێ وایە. (وچانێکی کورت) ژنەکەی گوتی ئێمە وەک بەشێکی خێزانەکە تەماشات دەکەین. بەشە ناشیرینەکەی خێزانەکە.

**یودیس:**

کاتێ وای گوت پێ کەنی؟

**یوسف:**

نەء، گریا.

**ماتییاس:**

تێ دەگەم.

**دانێل:**

یەکەم جار ژنەکەت تێگەیشت. ئێستاش تۆ تێ دەگەیت.

**یوسف:**

یەعقوب گوتی من ناشیرینم.

**ماتییاس:**

تۆ بەتایبەتی ناشیرین نیت.

**یوسف:**

ئەمە ئەوەیە کە ئەو گوێی لێ بوو. ئەمە ئەوەیە کە ئەو بەرگوێی کەوت. ئەو ئەمەی بەرگوێ کەوت. ئەو گوێی لێ بوو کە یەعقوب ئەمەی گوت. لەوانەیە تا ڕادەیەک بەرز.

**یودیس:**

بەڵام هەڵبەت ئەو ناشیرینە.

**دانێل:**

کوڕەکەی، ئا. ترسناکانە ناشیرینە.

**ئێما:**

مرۆ بۆی هەیە وا بڵێ؟

**دانێل:**

بەڵێ، بۆی هەیە. گەر مافی ئەوەی هەبێت. وەک ئەوەی کە من هەمە. هەڵبەت ئەوە یەکەمین شتێکە بونیام بیری لێ بکاتەوە کاتێک دەیبینێ. خوایە چ منداڵێکی ناشیرینە.

/وچان/

**ئێما:**

کاتێک جێسیکا مرد ئیتر قژ و نینۆکەکانم نەهاتنەوە. (بۆ یودیس) ئەمە هێشتا هیچ شتێک ڕووی نەداوە؟

**یودیس:**

نەء. (زەردەخەنە دەکا) هیچ شتێک.

**ئێما:**

له ئێوه.

**یودیس:**

بەڵێ، له ئێمه، نا. هیچ شتێک. هەر بەڕاستی هیچ شتێک ڕووی نەداوه.

**ماتییاس:**

ئاشکرایه ئەوه نابێ.... باشـــه تۆ پێت وایه ئێـمــه دەبێ لێـره دانیشین؟

**ئێما:**

ئاوها ناخۆش.

**یودیس:**

ئا، ئەمه ناخۆشه. هەر بەڕاستی ناخۆشه.

**ئێما:**

ئێوه دەبێ دیسان هەوڵ بدەن.

**ماتییاس:**

دەبێ ئێمه؟

**یودیس:**

دەبێ ئێمه؟

**ئێما:**

بەڵێ، بێگومان.

**یودیس:**

باشه بۆ؟

**ماتیياس:**

بۆچی دەبێ ئێمە دیسان هەوڵ بدەین؟

**یودیس:**

تاقە شتێک پێویستە بیکەین ئەوەیە بمرین.

**یوسف:**

.And the rest is bullshit (٤٣)

**ئێما:**

ئێوە قسەتان لەوە نەکردووە کە پێویستە هەوڵێکی تر بدەن؟

**یودیس:**

نەء. قسەمان لەوە نەکردووە. ماتیياس نایەوێ. ماتیياس نایەوێ قسە لەوە بکرێت. ماتیياس مل نادا قسە لەوە بکرێت. ئەو ناتوانێ قسە لەوە بکات.

**ماتیياس:**

بێگومان قسە لەوە دەکەم. بەردەوام قسە لەوە دەکەم. جگە لەوە هیچ شتێکی تر ناکەم. ئەمە ئەوەیە قسەی لێ دەکەم کاتێ قسەی لێ ناکەم... لە کاتی قسەنەکردن لێیەوە. بەو شێوازەیە من قسە لەوە دەکەم. هەر بەڕاستی گەر قسە لەوە بکەم ئەوا ناتوانم یەک گووی تر بڵێم. یان بەواتایەکی تر، گەر قسەم لەوە نەکردایە ئەوا لە ڕاستیدا نەمدەتوانی یەک گووی تر بڵێم.

**ئێما:**

دەی کەواتە باشترە قسەی لێ نەکەن.

---

(٤٣) دیالۆگەکە بەئینگلیزییە واتە: ئەوەی دەمێنێتەوە قسەی قۆڕە. و. کوردی

**ماتیياس:**

ئێمە جگە لەوە هیچی تر ناکەین. من بێ لەوە هیچی تر ناکەم.

**یودیس:**

منیش قسەی لێ ناکەم.

**یوسف:**

مەبەستت لەوەیە تۆیش. تۆیش قسەی لێ ناکەیت.

**یودیس:**

نا......

**ئێما:**

ئێوە دەبێ دیسان هەوڵ بدەن... تکایە... ناتوانن دیسان هەوڵ بدەن؟

**ماتیياس:**

قسە لەوە بکەین؟

**ئێما:**

نەء... ئەوە بکەن.

**یوناس:**

من بۆیە وام چونکە زۆر هەلامەتمە.

**یودیس:**

یەعقوب تەنیا تارماییەکە.

**ماتیياس:**

هی کێ؟

**يوديس:**

بێگومان هی یەعقوب.

**ماتییاس:**

بەڕاست؟

**یودیس:**

کاتێ تەماشای دەکەم ڕێک لێیەوە دەبینم و هەست بەهیچ چەسپاوییەک ناکەم. جێگەپێ لە هیچ شوێنێکدا جێ ناهێڵێ.

**ماتییاس:**

ئێستا وات گوت؟

**یودیس:**

بەڵێ؟

**ماتییاس:**

بەڵام دەبێ ئێستا وا نەڵێیت... دەبوو بەر لە دە دەقیقەی تر وات نەگوتایە.

**یودیس:**

ئۆو، ببوورە.

**ماتییاس:**

ئا، من نەمدەزانی کە......

/شەش کەس بەژوورەکەدا، لەمبەری دیوارەکەوە بۆ ئەوبەری دیوارەکەی تر دەڕۆن. دووانیان ڕێک بە مێزەکەدا دەڕۆن. تامی بەرماوەی خواردنەکان دەکەن، لە پەرداخێک شەراب دەخۆنەوە،

به دەسەسڕێکی کاغەز دەمیان دەسڕن، چەقۆیەک هەڵدەگرن و نینۆکیان پاک دەکەنەوە. حەوت کەسەکەی تر کە لەوەوبەر لەوێن، هەست بەهیچ شتێک ناکەن یان وا دەنوێنن هەست بە هیچ ناکەن./

/لە دیمەنی دواتردا هەمووان بەدەمی یەکدا قسە دەکەن و یەکەمین سێ دیالۆگیان دەڵێن. پاشان وس دەبن. پێکەوە دەکەونەوە قسە. پێکەوە وس دەبنەوە. سێ جار./

**ئێما:**

ترسناکە ئەمەی لە کۆسۆڤۆ و هەموو شوێنەکانی تر ڕوو دەدا، هەموو ئەوەی کە لە... کە لەو خوارەوە.. لەو دوورەوە ڕوو دەدا... لەبەرئەوەی لەو خوارەوە... پێم وایە ئەوە شتێکی ترسناکە.

**سۆفیا:**

بەڵێ، من هاوڕێم هەن کە لە سێیەمین شەقامی درەختداردا دەژین. ئەو شتانە دەبینن کە ڕوو دەدەن.

**ماتییاس:**

پێت وایە؟ باشە بۆچی؟

**ئێما:**

ئاخۆ ئەوە ترسناک نییە کە لەو خوارەوە... لەو دوورەوە ڕوو دەدا؟

**یودیس:**

لەو دوورەوە.

**یوسف:**

مەبەستت لە تیموری ڕۆهەڵات[٤٤]ە.

**سۆفیا:**

بەڵام ئەوان دەڵێن ئێستا نیویۆرکیان لە هەر کاتێکی تر خۆشتر دەوێ... ئەوان باسیان لەوە کردووە کە ئێواران بیست هەزار کەس لەبەر خەستەخانەی قەدیس کریستۆفدا ڕیز دەگرن تا خوێن بدەن.

**دانێل:**

نیویۆرک؟

**سۆفیا:**

سەنتەری بازرگانیی جیهانی.

**ئێما:**

نا، کۆسۆڤۆ. ئەوەی لە کۆسۆڤۆ ڕوو دەدا... پێم وایە ئەوەی لە کۆسۆڤۆ ڕوو دەدا هەر زۆر ترسناکە... دەبێ پێم وابێ، بەهەرحاڵ، لەبەرئەوەی هەر چۆنێک تەماشای کەیت ترسناکە.

**یوسف:**

تۆ مەبەستت پاکستان نییە؟

**سۆفیا:**

بۆچی مەبەستم پاکستان بێت؟ من باسی نیویۆرک دەکەم. ئەو

---

(٤٤) هەرێمێک لە ئەندۆنیزیا کە دوای چەندان ساڵ بەرخۆدان و کوشت و کوشتار، لە ساڵی ١٩٩٩دا و لە ریفراندۆمێکدا بەسەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە سەدا حەفتا و هەشتی خەڵکەکەی دەنگی بۆ جیابوونەوە لە ئەندۆنیزیادا و لە ساڵی ٢٠٠٢دا بە فەرمی وەک کۆمارێکی سەربەخۆ ناسێنرا. و. کوردی

گێڕایەوە چەند ڕۆژێک دواتر هەندێک موسڵمان لە تونێلبانەکە بوون و خەڵک ئەوەندە لێیان پڕ و بە ڕق بوون کە خەریک بووە پەلاماریان بدەن، بەڵام ئیتر کەسێک ڕاست بووەتەوە و گوتوویەتی: نا، وازیان لێ بێنن ئەگینا ئێمەش وەک ئەوان دەبین.. گەر ئێمە وەک ئەوان بکەین ئەوا ئێمەش وەک ئەوان دەبین.

**یوسف:**

من وام زانی تۆ باسی پاکستان دەکەیت.

**ئێما:**

نا، من باسی کۆسۆڤۆم دەکرد.

**یوسف:**

کۆسۆڤۆ؟

**ئێما:**

نەء، من باسی کۆسۆڤۆم دەکرد. /پێ دەکەنێ/ تۆ گوێت لێ نییە من چی دەڵێم؟

**یوناس:**

من گوێم لێیە تۆ چی دەڵێی. لەوە تێ دەگەم کە دەیڵێیت.

**یوسف:**

نا.

**یوناس:**

نا؟

**دانێل:**

من نازانم چۆن جیا بکرێنەوە تا کاتێ کە نە ئەمەریکایین و نە خەڵکانێکیش بن وەک ئێمە. مەبەستم لەوەیە هەمووان مردوون.

دەبینم چۆن ناوی خۆیان بەچرپە دەڵێن، بەڵام ناتوانم جیایان بکەمەوە. نازانم ئاخۆ ئەوە دایکانی موسڵمان، تیبتی، کورد، فەلەستینی، جوولەکەی ڕووسی یان سیربیین کە لەبەر کامێرای تەلەڤزێونەکاندا دەگرین کاتێ هەوڵ دەدەن باسی ئەوە بکەن کە چۆن مێرد و کوڕەکانیان لە تاریکی و لە سەعات دەی شەودا ڕاپێچ کراون و ئیتر نەگەڕاونەتەوە.

**ماتیاس:**

گەر ئێستا بگەڕێنەوە باشە بۆ لای چی بگەڕێنەوە؟ هەموو شتێک گۆڕە و ئێ خۆ ئەوانیش مردوون.

**ماتیاس:**

ئەوان ناگەڕێنەوە. ئەمە هەمان خودی بیرۆکەی گۆڕەکەیە.

**سۆفیا:**

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئەو بەرنامەیەتان بینی لەبارەی ئەو منداڵانەوە کە لە ئەرجەنتین لە دایک و باوکە سۆسیالیستەکانیان دزراون و دراونەتە خێزانانێکی تر کە پشتگیری دەسەڵاتی سەربازیی پینۆشێیان[٤٥] کردووە و ئەوان

(٤٥) Augusto Pinochet (1915 - 2006): سیاسەتوان و جەنەراڵێکی شیلیاییە، ساڵی ١٩٧٣ کودەتایەکی خوێناویی دژی دەسەڵاتە سۆسیالیستییەکەی سەرۆک ئالێندێ کرد و لەناوی برد. لە ساڵی ١٩٧٤ەوە تا ساڵی ١٩٩٠ سەرۆکی شیللی بووە. لە ماوەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەیدا، پێنۆشێ بەدەستێکی ئاسنین وڵاتی بەڕێوە دەبرد و زۆر لە لایەنگیرانی ئالیندێی لە زیندان توند کردن و لەناوی بردن. ساڵی ١٩٩٨ پێنۆشێ لە کاتی سەردانێکیدا بۆ بەریتانیا دەسگیر کرا و تەسلیمی ئیسپانیا کرا، بەڵام لەبەر هۆکاری نەخۆشی، ڕێگەی درا بۆ شیللی بگەڕێتەوە. و. کوردی

هەڵیــان گـرتوونـەتەوە، ئاخـۆ دەشـێ خـودی ئەو منداڵانە دواتر بەشدارییان لە کوشتنی خێزانەکانی خۆیاندا کردبێ؟

**دانێل:**

نا، باشە چی بکرێت؟

**یودیس:**

بەڵام ئێستا نابێ هیچ بکرێت.

**دانێل:**

نا، دەبێ چی بکرێ؟

**ماتییاس:**

نازانم.

**دانێل:**

ئەمە پرسیارەکەیە.

**ماتییاس:**

نازانم ڕێک دەبێ چی بکرێ.

**یوسف:**

دووهەزار پزیشکی دەروونی بنێرن.

**یودیس:**

زەحـــمـــەتە لـە تەمـــەنـی ئێـــمـــەومـــاناندا ڕێگە بدرێ مـنداڵ هەڵبگرینـەوە. ماتییـاس هەر ئێـسـتـا و تا ئەو شـوێنەی بیـرم بێ تەمەنی پەنجا و یەک ساڵە... ئێمە تازە ئەوەندەمـان پێوە نەماوە. بەڵام بە دڵنیـاییـیـەوە دەکـرێ منداڵ لە چین و هـەنـدێ ناوچەی یەکەتیی سۆڤیەتی جاران هەڵبگرینەوە.

**یوسف:**

چ جۆرە منداڵانێک؟

**یودیس:**

لەوانەیە منداڵانی کەمئەندام یان پاشکەوتەی ئەقڵی کە کەس نایەوێن.

**دانێل:**

ئێوە دەتانەوێن؟

**یودیس:**

تەنیا ئەوە دەزانم ئێمە شتێکمان دەوێت.

**ئێما:**

بەهەرحاڵ من سێ گونییەی گەورە جلوبەگ کە خۆم ئیتر نامەوێن، کۆ کردووەتەوە و بە نیازم بیدەمە خاچی سوور یان سەنتەری ڕزگارکردنی منداڵان. من لەوەتی ئەو ڕووداوە قەوماوە هەشت کیلۆ دابەزیوم، بەڵام پێدانی جلوبەرگەکان لەبەر ئەوە نییە کێشم دابەزیوە و ئیتر بە بەرم نابن. من کەسێکی خەمسارد نیم. حەز دەکەم زیاتر بکەم، زۆر زۆر زیاتر. ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕەنگە زیاتر بکەم. ڕۆژێک دێ ڕەنگە سەری هەمووتان بسورمێنم.

**ماتییاس:**

گرینگترین شت ئەوەیە سەری خۆت بسورمێنیت.

/دیسان هەمان پێکەنین پێ دەکەنێتەوە/

**دانێل:**

دوو مانگە ئەو گونێیانە لە هۆڵەکەماندان.

**ئێما:**

هەر بەڕاستی فریا نەکەوتووم.

**یوسف:**

دەزانم... دەزانم چۆنە... لە... حــــوزەیران و... تەمـــــووز و ئەوە ئێستاش ئەیلووله، شۆربایەکی نۆکاو لە قابلەمەکەمدایە.

**یوناس:**

کێ بوو گوتی شەوێک لە ئابدا؟

**ئێما:**

من بووم.

**ماتیاس:**

ئەمە خۆشەویستییە. گەر دەستەکانت کراوە بن ئەوا هەر وا دەمێننەوە. گەر ئاوها بکەیت....

**ئێما:**

زۆر زۆرم هەبووە.

**دانێل:**

دەزانم... لە بەرچاومــدا دەیبــینم، زۆر ئاشکرا، وەک ئەوەی لە چاوی کەسێکی ترەوە بیبینم... دەمەوێ بزانم ئاخۆ ئێوەش وەک من لە خەیاڵتاندا بەهەمان ڕوونی و ئاشکرایی بەردەمی خۆتان دەبینن، کــە چۆن حــەشـامـاتێک ژنانی ئەڵمـانی لە ســەرمـادا هەڵلەرزیو و برسی و پیسوپۆخڵ، کۆت و داوێنی پرێدا لە بەردا و پێڵاوی جیل- ساندێر لە پێدا ناچار کراون ماڵوحاڵیان جێ بهـێـڵن و لە مــەکــەدۆنیـا بەو ناوەدا لەنێـو قـوڕ و بەرباران و هەورەبرووسکەدا ســەرسم دەدەن بەهەمـان ئەو شـێـوەیەی کـە

هەموو کات ژنان سەرسم دەدەن کاتێک مێرد و کوڕەکانیان بۆ دوور ڕاپێچ دەکرێن و سەردەبڕدرێن؟ بەڵێ من دەتوانم بیانبینم. دەتوانم. ئەی ئێوە دەتوانن؟ ئێوە ناتوانن کە....

**یوسف:**

تۆ زۆر قسە دەکەیت.

**دانێل:**

دەزانم. من پارێزەرم.

**یوسف:**

من بەڕێوەبەری کولتووریم. من لە هەردوو ڕۆژنامە و دەنگوباسە کولتوورییەکانی ڕادیۆ و جاروبار لە تەلەڤزیۆنیشدا کار دەکەم. بەڵام من هەمان کەسم. دەتوانم لە یەک کاتدا لە دوو شوێن بم بەڵام لە سێ شوێن نا.

**سۆفیا:**

من رۆژنامەنووسم.

**ئێما:**

من....

**یودیس:**

منیش هەر پارێزەرم.

**یوناس:**

من...

**ئێما:**

من دەبێ لە کارەکەم کەنتۆرێکی تا ڕادەیەک جێگەسەرنجی پڕ

له جلوبەرگی کەشخە و شایستەی لەبەرکردن و جوان و بەکەڵکهاتووم هەبێ. من نوێنەرایەتیی چاپەمەنییەکی گەورە و بەناوبانگی کتێب دەکەم لەبەر ئەوە دەبێ نموونەیی و میهرەبان و کارا بم، دەبێ پسپۆڕی زوبان و نێگەتیڤ بم... ئارەزوومەند... پۆشراو بە جلی.... بیرم نایەتەوە باسی چیمان دەکرد. من بەڕێوەبەری کتێبی منداڵانم. من بڕیار دەدەم کە دەبێ کام کتێبی منداڵان لەو دەزگای چاپ و وەشانەی کاری لێ دەکەم، چاپ ببێ. ئەی ئەمە ئەوە نەبوو کە خەونم پێوە دەبینی.

**یودیس:**

بەڵێ، بونیام دەبێ شتێک بکا... لە کۆسۆڤۆ.

**دانێل:**

من پارێزەرم. من جوولەکە و پارێزەرێکی قانوونیم[٤٦].

**یوناس:**

من کەللەیەکم هەیە لە گوو. لە گووی مرۆڤ، گووی پیاو، گوویەک کە کەسێک لە جێگەیەکدا کردوویەتی. من هەڵم گرت. بەلایدا ڕۆیشتم و هەڵم گرت. من کەللەیەکی خڕم هەیە لە گوو. لە ئەڵمانیا کڕیومە. وەک یادگارێک.

**دانێل:**

سەبارەت بە ئەڵمانیا....

**یوسف:**

لەبارەی ڕوانداوە، سوودان. تورکیا، ئەفغانستان، ڤێتنام، پڕاگ

(٤٦) Judisk بەمانای جوولەکە و Juridsk بەمانای حقووقی، لە سوێدیدا خاوەن هەمان جیناسی زمانین. و. کوردی

١٩٤٨ .... ئەی بۆ کۆلاگ[٤٧] نا؟

**سۆفیا:**

نازانم.... نازانم تۆ لەبارەی چییەوە دەدوێیت.

**یوسف:**

منیش نازانم. بەڵام کاتێ لە لیێگێ بووم – لیێگێ شارێکی خۆش و بچووکی بەلجیکایە کە پێشتر شاری کانزا بووە – قسەم لەگەڵ بەلجیکییەکدا کرد لەبارەی ژنێکەوە. ئەو بەلجیکییە شانۆنامەیەکی دەرهێنابوو کە ناوی رواندا ٩٤ بوو– ئەو دەرهێنەر بوو، هەر بۆیە شانۆنامەکەی دەرهێنابوو. ئەو ژنە لە نواندنەکەدا بەشدار بوو، باسی لەوە کرد چی رووی داوە کاتێ تووتسییەکان یان ئەوانی تر خۆیان بەسەر گوندەکەیدا داوە. بەهەرحاڵ.. ئەو خۆی لەژێر ئەو مەنجەڵە گەورەیەدا حەشار داوە کە بۆ لێنانی چێشت بەکاریان هێناوە، ئەو ژنە خزاوەتە ژێر مەنجەڵەکە و خۆی حەشار داوە و بۆ ماوەی هەفتەیەک لەوێدا راکشاوە، هاوکاتیش پەلاماردەران تەواوی خەڵکی گوندەکەیان سەربریون و فرەنسییەکانیش لێ گەڕاون ئەوە روو بدا. پەلاماردەران هەموو خەڵکەکەیان کوشتوون، سێ منداڵەکەی

(٤٧) Gulag زاراوەیەکە بۆ سیستمی کار و ئۆردووگاکانی گلدانەوە و دەستبەسەردا گرتن لە یەکەتیی سۆڤیەتی جاران کە لەلایەن لینینەوە رۆنرا و لە سەردەمی ستالیندا زۆر تۆکمە و بەرفراوان کرا. تەنانەت دوای ستالین و تا هەڵوەشانەوەی یەکەتیی سۆڤیەتیش، ئەو ئۆردووگایانەی گل دانەوە، وەک میتۆدێکی سزادان بەکار دەهێنران. رای گشتی لە رۆژئاوا و بەشێوەیەکی سەراپاگیرتر، بەهۆی رۆمانەکانی ئەلیکساندەر سۆلژینتسینی خاوەنی خەڵاتی نۆبڵەوە لە حەقیقەتی ئەو ئۆردووگایانە حاڵی بوو. و. کوردی

ئەو ژنە، دایکی، برا و خوشک و هەموو خێزانی خوشکەکانی. دوای هەفتەیەک گەمارۆدانی گوندەکە بەبێدەنگیی مەرگ و خامۆشی، ئیدی ئەو ژنە هاتووەتە دەرەوە. ئەو لە شانۆنامەکەدا ئەوەی گێڕایەوە، ئارام، بابەتییانە، بەبێ فرمێسک، بەبێ ئەوەی هەوڵ بدا ڕووداوەکە بقاڵبێنێ. ئەو گوتی تەنیا ژیانێکی مابێت... ئەو بیست دەقیقەیە بووە کە ئەو ڕووداوەی تێدا گێڕاوەتەوە. ئەو گوتی ئێوارە بوو کاتێ لەژێر مەنجەڵەکە هاتە دەرەوە.

**یوناس:**

کاتێ گوو بووم، ئەوان..... مەبەستم لەوەیە کاتێ نەخۆش بووم. کاتێ خەریک بوو دەمردم و تا ڕادەیەک تەنک بووبوومەوە، ئەوان دەرزی گوویان لێ دام. ئەوان باوەڕیان بەوە بوو. وایان لێ کردم باوەڕ بکەم بەوە. من باوەڕم کرد بەوە.

**دانێل:**

/دانێل تەماشای سۆفیا دەکا کە ئارام و قورس، قژ لەسەر روخساری لادەبا/

بۆیەی نینۆکی پەنجەی دۆشاومژەی دەستی ڕاستت خەریکە هەڵی دەدا. ناڕێکوپێک و ناخاوێن دیارە.

**سۆفیا:**

/تەماشای پەنجەی دەکا/ دەزانم. من ناڕێکوپێکم. من ناخاوێنم. من ئەوە دەزانم. من هیچ گوێ بەوە نادەم. کاتێ بیر دەکەمەوە نینۆکم دەجووم. کاتێ پرسیارێک دەکەم کە نازانم بە ئا یان بە نەء وەڵام بدەمەوە، یان کاتێ کە ئۆتۆمۆبێل لێ دەخورِم و نازانم لە کوێم، نینۆکم دەجووم. نازانم بۆچی... بۆچی؟

**دانێل:**

تۆ ڕەحــەت نیت. تۆ نەخــتــێک و تا ڕادەیەک ڕەحــەت نیت. من دەتوانم بۆت باس کەم تۆ ڕەحــەت نیت. مـن دەبینم تـۆ ڕەحــەت نیت.

**سۆفیا:**

من دەتوانم بۆت باس کەم ناکرێ من ڕەحـەت بم. مـەحـاڵە من ڕەحەت بم. ئەوە دۆزەخێکی ڕەهایە.

**دانێل:**

باشە تۆ هەردوو ناڕەحەت و مەسیحیشیت؟

**سۆفیا:**

نەء، من بێ دینم.

**دانێل:**

کــەواتە من دەبێ هـەمــدیس بیــر بکەمــەوە... من ئەوە وەک پارێزەرێک دەڵێم. من پارێزەرم.

**ئێما:**

من بەڕێوەبەری چاپخانەم.

**یودیس:**

من پارێزەری مافەکانی خێزانم. من منداڵدانم.

**یوناس:**

من....

**سۆفیا:**

من ڕۆژنامەنووسم.

**یوسف:**

من سەرنووسیارم.

**ماتییاس:**

من دوختۆری دەروونیم... /بێدەنگی، بەڵام چڕ/ نەء، نەء، نەء، نەء، نەء، نەء.

**یوناس:**

بیر بکەنەوە گەر ئێمە پێکەوە کتوپڕ بە ئەڵمانی قسە بکەین و تێ نەگەین چ دەڵێین. چەند شتێکی بەزم دەبێ.

**یوسف:**

ئەوە پێنج ساڵ لەمەوبەر تەواو شتێکی نەگونجاو بوو، شتێک بوو بێزارکەر، بەهەرحاڵ من ئەو چەند جارە کەمە زۆر بێزار بووم کاتێ ئەوە ڕووی دا، ئەوەی کە کەسێک بیپرسیایە یان کەسێک گوێی لێ بووایە کەسێک دەپرسێ: ئاخۆ فلان و فیسار جوولەکەن؟ ئێستا پێم وایە بونیام نزیکەی هەموو رۆژێک بەر ئەو پرسیارە دەکەوێت. بۆ نموونە ئەمڕۆ رەخنەگرێک بە وتارێکەوە هات لەبارەی نووسەری ئەڵمانی مارتین والسێرەوە[٤٨]، ئێمە کەمێک لامسەلایی و سەرپێییانە قسەمان لەبارەی دواین کتێبییەوە دەکرد، کەسێکیش کە وەک جێگرەوە[٤٩] کاری دەکرد،

(٤٨) Martin Johnnes Walser نووسەر و شانۆنامەنووس و سیناریستی ئەڵمانی، یەکێکە لە ڕوخسارە ئەدەبییە گەشەکانی ئەڵمانیا، ساڵی ١٩٤٧ لەدایک بووە و وەک یەکێک لە ئەدیبە گەورەکانی دوای شەڕ ئاماژەی پێ دەکرێت. و. کوردی

(٤٩) Vikarie: کارمەندێک کە بەشێوەیەکی کاتی لە بری کارمەندێکی تر کار دەکات. و. کوردی

ئەو کتێبەی بینی کە ڕەخنەگرەکە پێی بوو. گوتی: خۆ ئەو جوولەکەیە. ڕەخنەگرەکە گوتی: نا، بە پێچەوانەوە... باشە بۆچی ئەو پرسیارەی کرد؟ چی ڕووی دابوو؟ من تێ دەگەم گەر مرۆ لەبەر زیادبوونی تەوژمی راسیزم و نازیزم بەشێوەیەک لە شێوەکان هەست بە پێداویستییەکی بەهێز بکات بۆ پێناسەکردنی شتەکانی و لە هەندێ ژینگەدا جوداسازیی نەژادیی خۆی بکات، وەک ئەوەی تۆ دەیکەیت. من هاوڕێم هەن لە هۆڵەندا کە لە ساڵی ١٩٨٣وە نەمدیون، بۆیان گێڕاومەتەوە چەندان هاوڕێ و خزمیان هەن تا دێت زیاتر ئەرتەدۆکستر دەبن و ئێستا چیی تر ناخوازن منداڵەکانیان پێوەندییان لەگەڵ هۆڵەندایییە ناجوولەکەکاندا هەبێت... بەڵام کە خەڵکانی ئاسایی بپرسن فلان چییە... پێم وایە ئیتر ئەوە بەلایە... ئەوە تارماییییەکی دزێو و قێزەونە کە خەریکە باڵ دەکێشێ.. هەندێ جار پێم وایە تەنانەت وشەی جوولەکە گۆکردنیشی گرانە.

**سۆفیا:**

مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ژنە جوولەکە، ئەو وشەیە ئاسانترە.

**یوسف:**

ئاخۆ ئەوە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی راسیستەکان خەریکن سەردەکەون لەوەدا پێناسەی گرووپێک بکەن تا ناسینەوەی ئاسان بێت؟

**دانێل:**

تۆ چی وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەیتەوە؟

**یوسف:**

ئەوە دەمتۆقێنێ.

**دانێل:**

ئەوە شـێوازێکی بنیـاتنەرانە و چ هـەڵوێستگیرییـەک نییـە کە بتۆقێیت.

**یوسف:**

من هەردەم نـاتۆقم. من هـەردەم نەتۆقـاوم. مـن ئێـسـتـا دەتۆقم کاتێ ئێمە باسی ئەوە دەکەین.

**ماتییاس:**

تاقە شتێک ئێمە لە ئێوە جیا بکاتەوە ئەوەیە کە ئێوە دەزانن مردووەکانتان چۆن مردوون.

**ئێما:**

ئێـوە دەبێ بۆ چەند هەفـتـەیەک سـەفـەرێکی لوسکا بکەن... پشووی هەفتەیەک لە فلۆرەنسا یان لوسکا.

**ماتییاس:**

نا.

**یوناس و هەمووان:**

نا. نا.

**یودیس:**

پێویستمـان بەپشـووی هەفـتـەیەک نییـە لە فلۆرەنسـا. ئەو سەفەرەمان کردووە. ئێمە لەوێ بووین.

**ماتییاس:**

ئێمە ئەو سەفەرەمان کردووە.

**یوناس:**

ئەوان ئەو سەفەرەیان کردووە. ئەوان کردوویانە.

**یودیس:**

ئێمەش ئەو سەفەرەمان کردووە. ئێمە، کەم و زۆر، هەموو ئەو شتانەمان کردوون کە دەکرێ بکرێن.

**ماتییاس:**

جگە لەوەی کە لێ گەڕێی ئەوە بکرێت.

**سۆفیا:**

(هەستاوە و بە ژوورەکەدا دەگەڕێ و لە دوای ئەوانی ترەوە وەستاوە، تەماشای وێنەیەکی فۆتۆی کچێکی تەمەن یازدە ساڵان دەکا کە بەدیوارەکەوە و لە نێوان ڕەفەی بەرزی کتێبەکاندایە)

ئەرێ ئەمە جێسیکایە؟

**یوناس:**

نەء، ئەوە وێنەیەکی ئەوە.

**سۆفیا:**

منیش مەبەستم لەوەیە. ئاخۆ ئەمە ئەوە لە وێنەکەدا؟

**یوناس:**

بەڵێ، ئەمە ئەوە. بەڵام ئەوە تەنیا وێنەیەکە.

**ئێما:**

کام جێسیکا؟

**دانێل:**

بەڵێ، ئەوە وێنەیەکی جێسیکایە. ئەو دووانەی تر کە لە وێنەکەدان ئێما و منە. ئێمە ژن و مێردین. من پارێزەرم. من

پارێزەر بووم. حەزم لێی بوو. من هەمووو کات ئەرکم هەبوو. بەحاڵ هەستم کرد ئەوە ڕووی دابوو. چەند ساڵێک ژیان نەختێک خاوتر دەڕۆیشت.

**یوناس:**

ئەوە تەنیا وێنەیەکی جێسیکایە.

**سۆفیا:**

بۆچی چاوی لێک ناوە؟

**یوسف:**

توو دۆزەخ تۆ بۆ ئەمە دەپرسیت؟

**سۆفیا:**

دە قەپۆزت داخە.

**یوسف:**

خۆت قەپۆزت داخە.

**یوناس:**

ئەو مردووە.

**دانێل:**

مردووە؟ (وچانێکی کورت) بەڵێ وایە، بەڵێ... ئەو مردووە.

**ئێما:**

بەڵێ... ئەو مردووە. (پێ دەکەنێ) ئەوە دەزانم... ئەوەم دەزانی... یودیس، بەڵام ئێمە قەت پیاڕانەگەیشتین یەک ببینین.

**یودیس:**

بەڵێ؟

مردووه، مردووه، بۆ ئەوە شتێک نییە بڕابێتەوە؟

**ئێما:**

تۆ کێیت؟

**یودیس:**

یودیس، من جێسیکام بیرە، من ئەو وێنەیەم گرتووە، ئەوەم لە بیرە، کات نیوەڕۆ بوو، هەوا خۆش بوو، بە دارستانەکەدا پیاسەمان دەکرد، ڕەنگە من حەوت مەترێک لە پێشەوە ڕۆیشتبم، ڕاوەستام، ئاوڕم دایەوە و وێنەیەکی ئێوە و جێسیکام گرت.

**ئێما:**

بۆچی؟

**ماتیاس:**

ئێمە لە کوێین؟

**یوناس:**

من یوناس ستێرنم.

**ئێما:**

من ئێما ویێنبیومم، باوکم چاویلکەسازە.

**یودیس:**

من یودیس کلێینم.

**دانێل:**

من دانێل ستێرنم.

**یوسف:**

من یوسف کلێینم.

**ماتیياس:**

من ماتیياس كلێینم.

**ئێما:**

هەستین؟

**دانێل:**

بۆچی؟

**یودیس:**

دەبێ هەستین؟

**یوسف:**

دەبێ جارێک لە جاران ئەوە بکەین.

**ماتیياس:**

دەبێ چی بکەین؟

**ئێما:**

هەستین.

**ماتیياس:**

بۆچی هەستین؟

**یوسف:**

بۆچی ئێمە دەبێ هەستین؟

**دانێل:**

ئەی باشە بۆچی هەڵنەستین؟

**یوناس:**

نازانم.

**ئیما:**

ئێمە دەتوانین هەستین وەک بڵێی لەبەرئەوەی تا ڕادەیەک دەمێکە دانیشتووین.

**یوسف:**

نازانم. من ناتوانم خۆم بجووڵێنم. دەتوانم پێم بجووڵێنم. بەڵام ناتوانم خۆم بجووڵێنم.

**ماتییاس:**

ئاشکرایە دەتوانین هەستین.

**یودیس:**

بەڵێ، بۆ نا؟

**دانێل:**

ئەی دوایی چی بکەین؟

**ئیما:**

دیسان دادەنیشینەوە.

**دانێل:**

لێرە؟ لە هەمان جێگە؟

**ماتییاس:**

هیچ جێگەیەک هەرگیز هەمان ئەو جێگەیە نییە کاتێ بونیام بۆی دەگەڕێتەوە.

**ئیما:**

نەء، لێرە نا. لەسەر قەنەفە یەکتاکەکان. لەسەر ئەو قەنەفە ڕەشە یەکتاکانە.

**دانێل:**

ئەوانە چیی تر ڕەش نین.

**یوسف:**

من دیسان ناتوانم دانیشمەوە... ناتوانم خۆم بجوولێنم... نە دەتوانم هەستم و نە دەشتوانم دانیشم.

**یوناس:**

بەڵێ، بۆ نا؟

**ماتییاس:**

نا، من تێ دەگەم.

**یوسف:**

دەبێ چی بکەم؟

**ماتییاس:**

تۆ خەیاڵت بۆ چی دەچێت؟

**یوسف:**

خەیاڵ؟ (وچانێکی درێژ) هیچ.

**یودیس:**

بەڵێ، کەواتە دەبێ هەستین؟

**ئێما:**

چۆن ئەوە بزانم؟

**یودیس:**

تۆ خانەخوێیت... جۆرێک خانەخوێ. بیرمە کاتێ ئێمە پێنج ساڵان بووین و جوانترین جلەکانمان لەبەردا بوو، لەسەر نووکی

پێ ڕادەوەستاین و وامان دەنواند ماچی یەکتر دەکەین. هێند دەخەنین میزمان بەخۆماندا دەکرد. جارێکیان دایکم باسی ئێوارەیەکی لەدایکبوونی کرد لە بێرگێن بێلسێن. دایکم لەو کانەخوێیەوە ڕاگوێزرابوو کە لە ئۆکتۆبەرەوە وەک کۆیلە ئیشی لێ دەکرد. ئەو ڕاستەوخۆ لە جادەی گولێبیاوە بۆ کانەخوێکە لە ویێلیکزکا هاتبوو. ژنە ئەفسەری بنکەکە دابەزیبووە خوارەوە بۆ کوخەکەیان تا پیرۆزبایی ساڵی نوێیان لێ بکات. بوتڵێک مەی و چەند پەرداخێکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. بادەکەی کردبووە پەرداخەکانەوە و فەرمووی سناپسی[٥٠] لە ژنە گەنجەکان کردبوو و گوتبووی ئێمەی ئەڵمان هەردەم پەرداخێک سناپس لە ئێوارەی لەدایکبووندا دەخۆینەوە و پیرۆزبایی ساڵی نوێ لە یەکتر دەکەین. دایکم هەر زۆر سەری سوڕمابوو. ئاخر ئەوە یەکەم جار بووە کەسێک فەرموویی شتێکی لێ بکات. ژنە گەنجەکان پەرداخیان وەرگرتووە و خواردوویانەتەوە، پاشان....

**ئێما:**

ئێ چی؟

**یودیس:**

بادەکە سرکەی تەواو بووە. ئیدی لەو شوێنەی کە لێی بووم بەردێکم لە ئەرزەکەدا دانا[٥١].

**ئێما:**

دەی...... ئەی دەبێ ئێمە هەستین؟

(٥٠) Snaps: بادەیەکی زەرد و شیرینە. و. کوردی

(٥١) مەبەست لەو نەریتەی ئاینی جوولەکەیە کە کاتێک کەسێک سەردانی مردوویەک دەکات، بەردێک لەسەر گۆڕەکەی دادەنێت. و. کوردی

**یوناس:**

ئا، بۆ نا؟

**دانێل:**

دەتوانین هەستین.

**ماتییاس:**

دیارە دەتوانین.

**ئێما:**

ئا، کەواتە با بڕۆین.

**یودیس:**

دەکرێ هەستان شتێکی جوان بێ. دایکم یادگارێکی بچووکی لەو نانە بۆر و ڕەقە ترسناکەی ئۆردووگەکە کە وەریان دەگرت دروست کردبوو. جگە لەوەش پارچەیەکی بچووک بچووکی لە جلکی دیلییەکەی لەگەڵ خۆیدا پێ بوو. من لێم پرسی ئەوە چییە. ئەو گوتی هیچ. هیچ.

**یوناس:**

ئیدی شێو تەواو؟

**ئێما:**

نەء... بە زوویی دەست پێ دەکا.

**یوناس:**

کەواتە زۆر سوپاس. هەر زۆر خۆش بوو. هەر زۆر باش بوو لێ گەڕایت وەک ئەوەی کەسێکی تەواو ئاسایی بیت.

**ئێما:**

کەواتە هەستین.

**دانێل:**

وا دەکەین.

**ماتییاس:**

ئاشکرایە وا دەکەین.

**ئێما:**

بەڵێ، وا دەکەین.

**ماتییاس:**

ئێستا؟

**ئێما:**

بەڵێ.

**یودیس:**

دەکرێ هەستانە سەرپێ شتێکی جوان بێت.

**ئێما:**

ڕەنگە هەمدیس لێرە دانیشینەوە.

**دانێل:**

باوەڕ ناکەم.... باوەڕ ناکەم.. باوەڕ ناکەم.

**یودیس:**

ناکەیت؟

**دانێل:**

نەء، باوەڕ ناکەم.

**یوسف:**

لە ڕاستیدا شتێکی ئێجگار بێ وێنە بوو کاتێ نیچە نووسی: خوداوەند مرد.

**دانێل:**

کێ؟

**یوسف:**

خوداوەند.

**دانێل:**

خوداوەند؟

**یوسف:**

نا، نیچە وای نووسی نەک خودا. ئەرێ ئەو جوولەکە بوو؟

**دانێل:**

خوداوەند؟

**یوسف:**

نەء، نیچە... ئەو جوولەکە بوو؟

**دانێل:**

نەء، باوەڕ ناکەم.

**یوسف:**

بەڵام دەبێ خوداوەند جوولەکە بێ.

**دانێل:**

نا ئاخر ئەوسا هەموو شتێک جیاواز دەبوو.

**ماتییاس:**

منیش باوەڕ ناکەم هەمدیس لێرە دانیشینەوە.

**یوناس:**

نازییەکان پێیان وایە ئەو نازییە.

**یوسف:**

نیچە؟

**یوناس:**

خوداوەند.

**دانێل:**

باوەڕ ناکەم جارێکی تر لێرەدا دانیشینەوە. ناتوانین لەوە زیاتر دانیشین.

**یوناس:**

Ich weiss nicht (٥٢)

/یودیس هەڵدەستێ/

/ئێما هەڵدەستێ/

/دانێل دادەنیشێ/

/یوناس دادەنیشێ/

/ئێما و یودیس دادەنیشن/

/یوسف و ماتیپاس هەڵدەستن. دادەنیشن. یوناس هەڵدەستێ. هتد..../

**سۆفیا:**

نەفرەت... ئەوە چی دەکەن؟

**دانێل:**

نەء.

(٥٢) ئەڵمانییە واتە: نازانم. و. کوردی

**ئێما:**

هەڵدەستین.

**دانێل:**

ئا، هەڵدەستین.

**یودیس:**

هەڵدەستین.

**دانێل:**

ئا، هەڵدەستین.

**یودیس:**

هەڵدەستین.

**دانێل:**

ئا، هەڵدەستین.

**یودیس:**

هەڵدەستین.

**ئێما:**

ئێمە هەڵدەستین.

**ماتییاس:**

ئێمە لە کوێین؟

/هەمــووان هەڵدەستن، ئێـجگار خـاو، پاشــان بەخـێـرایی لای مێزەکەوە بەهەموو ئاراستەیەکدا دەڕۆن/

تاریکی

ڕووناکی

## دیمەنی دووەم

/هەندێکیان بەخێرایی دەگەڕێنەوە بەر ڕووناکی، وەک ئەوەی شتێک ببەن، بەڵام هیچ نابەن. پاشان دەچنەوە ناو تاریکی/

/دانێل دەڕوا و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕادەوەستێ. تەواوێک بێ جووڵەیە. سۆفیا لە تاریکییەوە دێتە ناوەوە، هەر یەکسەر لەوبەری ژوورەکەوە دەڕوات، بەلای دانێلدا تێ دەپەڕێ وەک ئەوەی هەر لەوێ نەبێ، دەڕوا و لە پێشی پێشەوەی شانۆدا ڕادەوەستێ، دادەنەوێتەوە و دەسەسڕە کاخەزەکەی هەڵدەگرێتەوە/

/ئێستا لە ڕەفەکاندا کارتۆن هەن، کارتۆنی گەورە لە مقەبا و تەختە، شەقوشڕ، ڕەساسی بە ژمارە و نووسینێکەوە کە ناخوێنرێنەوە، پارچە پارچە/

**دانێل:**

ئەوە چی دەکەیت؟

**سۆفیا:**

شتێکی کەم کە بشێت.

**دانێل:**

مەبەستم ئەوەیە... چیت دەکرد؟

**سۆفیا:**

کەی؟

**دانێل:**

هەر ئێستا.

**سۆفیا:**

دەسەسڕەکەم هەڵگرتەوە.

**دانێل:**

دەسەسڕەکەت؟ هەر بە ڕاستی پێم وابوو هی منە.

**سۆفیا:**

بەهەرحاڵ ئیتر هەڵم گرتەوە.

**دانێل:**

بۆچی هەڵت گرتەوە؟

**سۆفیا:**

بەخەیاڵمدا هات دەمم بسڕم.

**دانێل:**

دەمت؟

**سۆفیا:**

ئا، بەدەسەسڕەکە.

**دانێل:**

بەدەسەسڕەکە؟

**سۆفیا:**

ئا.

**دانێل:**

کەواتە بیسڕە.

**سۆفیا:**

باشە.

**دانێل:**

سڕیت؟

**سۆفیا:**

ئا.

**دانێل:**

چاکە. (نزیکەی پێنج شەش مەتریان لە نێواندایە. سۆفیا پشتی لە دانێلە. دانێل چڕ و بە سەرنجدانەوە تەماشای سۆفیا دەکا) هەست بەهیچ دەکەیت؟

**سۆفیا:**

بەچی؟

**دانێل:**

ئێستا.

**سۆفیا:**

نەء.

**دانێل:**

کاتێ دەستت لێ دەدەم.. هەست بەهیچ دەکەیت کاتێ دەستت لێ دەدەم؟

**سۆفیا:**

نازانم.

**دانێل:**

نازانیت؟

**سۆفیا:**

هەست بەچی بکەم؟

**دانێل:**

کــە دەســـتت لـێ دەدەم. (وچان) هـەسـت دەکــەیت دەســـتت لێ دەدەم؟

**سۆفیا:**

کەی؟

**دانێل:**

ئێستا. (وچان) ئێستا.

**سۆفیا:**

نەء.

**دانێل:**

هەست بەهیچ ناکەیت؟

**سۆفیا:**

نازانم هەست بەچی بکەم.

**دانێل:**

هەست دەکەیت کەسێک دەستت لێ دەدات؟

**سۆفیا:**

کەسێک؟ (وچان) نەء.

**دانێل:**

دڵنیایت؟ (وچان) بەڕاستتە؟

**سۆفیا:**

ئەوە مانای چییە؟

**دانێل:**

ڕاستی؟

**سۆفیا:**

کە هەست بەشتێک بکەیت.

**دانێل:**

دەبێ مانایەکی هەبێ؟

**سۆفیا:**

نازانم. تەنانەت ناشزانم مانای مانای چییە، چییە. (وچانی کورت) دەستم لێ دەدەیت؟

**دانێل:**

هەست ناکەیت؟

**سۆفیا:**

نازانم هەست بەچی دەکەم.

**دانێل:**

بەوەی کە دەستت لێ دەدەم.

**سۆفیا:**

باشە بۆ؟ مەبەستم لەوەیە بۆچی دەستم لێ دەدەیت؟

**دانێل:**

پێویستە شتێک بکرێ.

**سۆفیا:**

بۆچی بکرێ؟

**دانێل:**

لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەلتەرناتیڤەکەی خراپتر بێ. ئێستا من دەبێ لێت بپرسم حەزت لەوەیە... تۆ حەزت لەوە هەیە؟

**سۆفیا:**

حەزم لێیەتی و لێشی نییە.

**دانێل:**

چۆن؟

**سۆفیا:**

حەز دەکەم دەستم لێ بدرێت، بەڵام حەزم لەوە نییە تۆ، تۆ یان هەر کەسێکی تر دەستم لێ بدات.

**دانێل:**

ناتەوێ من دەستت لێ بدەم؟

**سۆفیا:**

نەء.

**دانێل:**

دەتەوێ دەستت لێ بدەم؟

**سۆفیا:**

بە دڵنیاییەوە نەء.

**دانێل:**

دەتەوێ واز بێنم؟

**سۆفیا:**

واز لە چی بهێنیت؟

**دانێل:**

ئەوەت دەوێ؟

**سۆفیا:**

ئەوە خەریکی چیت؟

**دانێل:**

ڕاست و ڕەوان بڵێم نازانم. ڕاست و ڕەوان بڵێم نازانم.

**سۆفیا:**

وازت هێنا؟

**دانێل:**

نازانم.

**سۆفیا:**

هەست بەهیچ دەکەیت؟

**دانێل:**

تۆ هەستی پێ دەکەیت؟

**سۆفیا:**

نەء.

**دانێل:**

منیش هەستی پێ ناکەم. منیش هەست بەهیچ ناکەم.

**سۆفیا:**

ڕەنگە دواتر هەستی پێ بکەیت... ڕەنگە هەست دواتر بێت.

**دانێل:**

هیــوادارم. هیــوادارم ئەو کــاتە بێت کــە ئێــمــە هەست بەهیچ ناکەین.

/دێنەوە ســــەرخـــۆ. بە تـەنیـــا جـــووڵـەیەکی ســـــادە، ڕۆڵ و شـوێنگەکـانیـان جێ دێڵن، وەک ئەوەی پشـوویـان دابێ. سـۆفیـا ئاوڕ بۆ دانێل دەداتەوە. هـاوکـات لە خـودی جـووڵەکـەدا شـانۆ تاریک دەبێ/

ڕووناکی

/یوسف لـەسـەر یەکـێک لـە کورسـیـیـەکـان دانیشـتـووە، نیـوە ڕاکشاو خۆی درێژ کردووە/

**یوناس:**

(دێتە ژوورەوە) تۆ لێرەیت؟

**یوسف:**

بێگومان... تۆ باشیت؟

**یوناس:**

هەر زۆر... وەک بڵێی هەر زۆر.

**یوسف:**

بەڕاست... چەند خۆشە.

**یوناس:**

بەڵێ، ئەوە خۆشە.

**یوسف:**

بۆچی هەر زۆر؟

**یوناس:**

بەڵێ، هەڵبەت باشترە... باوکم مردووە، دایکم مردووە و لەوانەیە براکەشم مردبێت... نازانم چی دەکا.

**یوسف:**

گوتت چی؟

**یوناس:**

گوتم نازانم براکەم لە کوێیە.

**یوسف:**

ئەو لێرە نییە.

**یوناس:**

بەڕاست. خواحافیز.

(هەمدیس دەچێتە دەرەوە)

Aufwiedersehen(٥٣)

/یوسف بێ جووڵە دادەنیشێ، بەبێ هیچ جۆرە گوزارشتێک/

/ماتییاس دێتە ژوورەوە، تەماشای دەوروبەر دەکا، خێرا، بەپەلە دەچێتەوە دەرەوە/

/یوسف هەر بێ جووڵە، بەبێ چ گوزارشتێک لەسەر کورسییەکە دانیشتووە/

(٥٣) ئەڵمانییە واتە: خواحافیز. و. کوردی

/بونیام گوێی لێیە چۆن ماتیاس لە دەرەوە دەگەڕێ، دەرگەکان دەکاتەوە/

**ماتیاس:**

(دێتـــەوە ژوورەوە، چاوی بە یوسف دەکـــەوێ) بەڕاست، ئەوە لێرەیت؟

**یوسف:**

(خاو) گوتت چی؟

**ماتیاس:**

ئەوە لێرەیت؟

**یوسف:**

من؟ ئا.

**ماتیاس:**

بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ لە کوێ بیت. (بە گلەییەوە) بە دواتدا دەگەڕام.

**یوسف:**

بەدوامدا دەگەڕایت؟

**ماتیاس:**

ئا.

**یوسف:**

بەدوای مندا؟

**ماتیاس:**

ئا.

**یوسف:**

خوایە گیان، بۆچی بەدوامدا دەگەڕایت؟

**ماتیاس:**

لەبەرئەوەی دەمویست قسەت لەگەڵ بکەم. (وچانێکی کورت) لە کوێ بوویت؟

**یوسف:**

لێرە بووم. لێرە دانیشتبووم. قەیرێکە لێرەدا دانیشتووم. هێشتا لێرە دانیشتووم. (وچانێکی کورت) تۆ کوێ دەگەڕایت؟

**ماتیاس:**

هەموو شوێنێک.

**یوسف:**

ئێرە گەڕایت؟

**ماتیاس:**

ئێرە؟ (وچانێکی کورت) بیرم نییە.

**یوسف:**

دەی من لێرە بووم.

**ماتیاس:**

لە کوێ بوویت؟ (وچان) بیرم دەکردیت.

**یوسف:**

هەموو کات هەر لێرە بووم. تا ئەو شوێنەی بزانم.

**ماتیاس:**

مەبەستم لەوەیە، من بیرم دەکردیت.

**یوسف:**

بیری من؟

**ماتیياس:**

ئا.

**یوسف:**

خوایە گیان... بۆچی بیرت دەکردم؟ ئەرێ بۆ؟

**ماتیياس:**

چی؟

**یوسف:**

بیری منت کرد... ئەرێ بۆ؟

**ماتیياس:**

بۆ؟

**یوسف:**

ئا. ئێستاش کاتێک باسی ئەوە دەکەین هەر بیرم دەکەیت؟

**ماتیياس:**

باسی دەکەین؟

**یوسف:**

وا پێ دەچێ.

**ماتیياس:**

ئێ ئێ.

**یوسف:**

دەتوانیت ئەوە ڕوون بکەیتەوە؟

**ماتییاس:**

چی؟ دەتوانم هەمــوو شــتـێک ڕوون بکەمــەوە. من دوخـتــۆری دەروونیم. ئەوە چ هونەرێک نییە.

**یوسف:**

مەبەستم لەوەیە ئەوەی کە بیرت دەکردم.

**ماتییاس:**

بیری تۆ؟

**یوسف:**

ئا.

**ماتییاس:**

بۆچی بیرم کردوویت؟

**یوسف:**

ئا. دەتوانیت ئەوە ڕوون بکەیتەوە.

**ماتییاس:**

هیـوادارم بتـوانم. دەزانیت چی... ڕاوەسـتـە. (وچانێکی کـورت) لـەبەرئـەوەی... لـەبەرئـەوەی... لـەبەرئـەوەی، ئـا، من بـاشــــتــــریـن هـاوڕێتم. (وچانێکی کـورت) مــەبەســتـم ئەوەیە تۆ لـەو کـاتەوە باشـتـرین هـاوڕێمـیت کـە یەکـەم جـار لـەســەر پێـپلیکانەکـانی حـەوشـەی قـوتابخـانەوە پاڵت پێوەنامـە خـوارەوە بۆ سـەر زیخـە نەعلەتیـیەکە. ئێمـە لە هـەمـان قـوتابخـانە بووین، هەمـان پۆل ، هەمـان بۆگـەنی دەمی مـامـۆسـتـای نـەعلەتی، هەمـان... هەمـان ئەدەبیاتی نەعلـەتی. بیرت دێ؟ سـەفـەرە نەعلەتییـەکەی سـێلما

لاگریۆف[٥٤] بە سەمەرقەندا بۆ کیبوتزی[٥٥] کەسێکی نەعلەتی لە سوندسڤال[٥٦]. ئێمە لە هەمان قوتابخانە بووین. یەکەمین جگەرە کە تۆ لە براکەمت دزیبوو پێکەوە بەدزییەوە کێشامان. یەکەمین جار کە تا ڕادەی بوورانەوە سەرخۆش بووین، پێکەوە بووین. تۆ بە دەموچاومدا ڕشایتەوە. من هێشتا ئەوەم لە یادە. ئەوە خۆشترین ساتی ژیانم بوو. هەموو شتێک خاوێن و پاکژ و نوێ و گەنج بوو. ئەوە بەر لە ژن و کچ و ڕەگەزەکەی تر بوو. ناوی چییە؟ وەک کانییەکی تازە دەڕژا، دەڕژایە ناوم وەک کانییەکی نوێی سازگار. ئێمە پێکەوە سایکۆمان[٥٧] بینی و مەداری قرژانگەکەی[٥٨] هێنری میللەرمان[٥٩] دەدایە یەک، شەوی نەعلەتی دارستانەکانی[٦٠] Djuna Barnens و جاک...

(٥٤) Selma Lagerlöf (1858 - 1940): ژنە نووسەری سویدی، وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ساڵی ١٩٠٤ و خاوەن ڕۆمانە بەناوبانگەکەی سەفەرە بێهاوتاکەی نیلس هۆلگیرسۆن. و. کوردی

(٥٥) Kibbutz کێڵگەگەلی هەرەوەزیی کشتوکاڵیی ئیسرائیلی لەسەر ئایدیای سۆسیالیستی ڕۆنراو. و. کوردی

(٥٦) Sundsvall شارێکی باکوری سوێد.

(٥٧) یەکێک لە هەرە فیلمە ناودارەکانی سەرەتای دەیەی شەستی سەدەی ڕابردووە. فیلمەکە لە دەرهێنانی ئالفرێد هیتچوک و نواندنی ئانتۆنی پێرکینس، ڤێرا میلێس، جۆن گاڤین... فیلمەکە کاندیدی چوار خەڵاتی ئۆسکار بووە. و. کوردی

(٥٨) یەکێک لە ڕۆمانەکانی هێنری میللەر. و. کوردی

(٥٩) Henry Miller (1891 - 1980) ڕۆمانووسی ئەمریکی کە بەشێوازە ئیرۆتیکی ساتیرییەکەی لە مێژووی ئەدەبیاتدا دەناسرێتەوە. لە کارە بەنێوبانگەکانی: بەهاری ڕەش، سێکسوس. و: کوردی

(٦٠) Djuna Barnens (1891 - 1980): نۆڤێلنووس و شاعیر و شانۆنامەنووسی ئەمەریکایی. ڕۆمانی بەناوبانگی "شەوی دارستانەکان"ی لە ساڵی ١٩٣٦دا نووسیوە. و. کوردی

جاک... جاک کێراکس... کیوراچس... ئاسان نییە بگوترێ کەی مرۆ هەڵدەسێتە سەرپێ... تۆ خۆت هەوڵ بدە، خۆت بزانە... ناوی چی بوو... ناوی چی بوو.. ناوی ئەو کتێبە نەعلەتییە چی بوو کە من هەرگیز نەمخوێندەوە؟ ئەو کتێبە نەعلەتییە گووەی کە زۆر کەم بۆ زۆر کەس گرینگ بوو. لە یادتە؟ لە یادتە ناوی چی بوو؟... (وچان) چی بوو؟ دەی گووی تێکە. مرۆ ناتوانێ دووجار خۆی فرێداتە ناو هەمان کتێبەوە. (وچانی کورت) خۆشە بگوترێ. دەزانیت... من بەدرێژاییی هەموو رۆژەکان بەرامبەر گێل و گەمژەکان دادەنیشم کە... کە دەبوو خۆشەویستی بکەم و تێ بگەم... منیش وا دەکەم. ئەمە کێشەکەیە. ئەوان پێیان وایە خۆیان کێشەیان هەیە... خوایە گیان.. ئەوان دەبوو کێشەکانی منیان ببینیایە. من ماندوو بووم لە... زۆر ماندوو بووم لە... من زۆر ماندوو بووم لە هەموو ئەو خەڵکانەی کێشەیان هەیە و... دەکرێ چارەسەر بکرێن. ئەوەی من.... (وچان) ئەوەی من چارەسەری نییە. ئەرێ ئێمە باسی چیمان دەکرد؟ (وچانێکی کورت) ئا، گرینگ نییە... ئێمە لە مۆزەخانەی نوێ لەگەڵ لومومبادا[٦١] پێکەوە بووین و... ''خەو''ی ئاندی وارهۆڵمان[٦٢]

(٦١) Patrice Lumumba (1926 -1961): یەکەمین سەرەک وەزیری کۆنگۆ (زایر)ی سەربەخۆ لە ١٩٦٠ تا ١٩٦١. کاتێ ئاژاوە کەوتە وڵاتەوە داوای یارمەتیی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. دوای کودەتایەک زیندانی کرا. پاشان لە کاتۆنگا دوور خرایەوە و لەناوبرا. و. کوردی

(٦٢) Andy Warhol (1930 -1987): دەرهێنەر و نیگارکێشی ئەمەریکاییی بەناوبانگ لە بەکارهێنانی موتیڤی سادە لە کارەکانیدا وەک قووتوو و پاکەتی تایت و ...هتد، بەکارهێنانەوەیان لە هەمان وێنە و بەتەکنیکێکی تایبەت. لە فیلمە بن زەوینییەکانی (واتە ئەو فیلمانەی کە لە ڕووی ڕەسمییەوە پەسند نەکراون) کچەکانی چیلسیا 1966, Flesh 1968 و Trash 1970. و. کوردی

بینی. ئێمه تەنانەت تا ئەو شوێنەی بزانم، ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار هەر بەڕاستی کچمان هەبوو، هەمان کچمان هەبوو. له یادته؟ (وچانێکی کورت) نا. (وچان) ئەو کچەت له یادە؟

**یوسف:**

ئا... ئەوە تۆ بوویت؟

**ماتییاس:**

ئا، من بووم.

**یوسف:**

ئێ ئێ. تۆ بوویت.

**ماتییاس:**

ئا، من بووم. (وچانێکی کورت) ئەو کچەت له یادە؟

**یوسف:**

ئا. (وچانێکی کورت) کێ بوو؟

**ماتییاس:**

ماریا؟

**یوسف:**

ماریا؟

**ماتییاس:**

ئەو نەبوو؟ قژی کورت و ڕەش، چاوی بچووک و قاوەیی و کەمێک لێکترەوە نزیک، دوو مەمکی بچووک و دوو گۆی قاوەیی زۆر لەیەکچوو. باریکەله، جوان، پێشبینینەکراو.

**یوسف:**

ئا... نەء، ناتوانم بیهێنمەوە بەرچاوی خۆم. ناتوانم لەبەرچاومدا ببینم. (وچانێکی کورت) هەرچەندێک هەوڵ بدەم.

**ماتییاس:**

گۆی مەمکەکان لابە.

**یوسف:**

ئۆکەی.

**ماتییاس:**

مەترێک و ٦٩ سانتیمەتر درێژ. باریکەلە، جوان، پێشبینینەکراو.

**یوسف:**

نازانم... هەر بەڕاستی نازانم.

**ماتییاس:**

بەڵام خۆیت بیر دێتەوە؟

**یوسف:**

بێگومان.

**ماتییاس:**

چۆن بوو؟

**یوسف:**

باریکەلە، جوان، پێشبینینەکراو... کوڕانی، دڵگیر، کتێبی گرینگی دەخوێندەوە، ویتگێنستێن، برونو بێتیلاهیم، دژوانا بارنێنس، ڕێنێ چار، پاسۆلینی خۆش دەویست.. تەنیا سیازدە

سالّ بوو، هەر بەڕاستی پاسۆلینی[٦٣] خۆش دەویست.

**ماتییاس:**

چۆن بوو؟

**یوسف:**

خاوەن زەردەخەنەیەکی بێ هاوتا. کونج، قژی کورت و ڕەش، دوو چاوی بچووک و قاوەیی، باوکی لە سۆدێرتالی[٦٤] لە ساب ئیشی دەکرد.

**ماتییاس:**

پاکیزە بوو؟

**یوسف:**

چۆن؟

**ماتییاس:**

کە بووە هی من کچ بوو، دوای ئەوە نا.

**یوسف:**

هی تۆ بوو؟

**ماتییاس:**

ئا، هی من بوو. ماوەیەک هی من بوو. پاشان لێی ماندوو بووم. دام بە تۆ.

---

(٦٣) Peir Paolo Pasolini (1922 -1975): نووسەر و دەرهێنەری ئیتاڵیایی، یەکەمین کاری وەک دەرهێنان فیلمی (خۆڵەوەر) بوو لە ساڵی ١٩٦٢دا.

و. کوردی

(٦٤) Saab کارخانەیەکی ئۆتۆمۆبێل دروستکردنە و سۆدێرتالێ شارێکە نزیک ستۆکهۆڵم. و. کوردی

**یوسف:**

پێکەوە هی هەردووکمان بوو. دامان بەکەسێکی تر.

**ماتیياس:**

بۆچی؟ بۆچی وامان کرد؟ من هەموو کات بیرم لەوە کردووەتەوە.

**یوسف:**

من باشترین هاوڕێتم. ئەوەت بیر نییە؟ ئێمە هەموو شتێکمان پێکەوە دەکرد. هەمان کتێبمان دەخوێندەوە، هەمان خواردنمان دەخوارد، هەمان فیلممان دەبینی و هەمان جلمان لەبەر دەکرد.

**ماتیياس:**

وایە. من لە ژنەکەم ماندوو بووم. ئەی تۆیش لە ژنەکەت ماندوو بوویت؟

**یوسف:**

من نایناسم. هەر نەشمبینیوە.

**ماتیياس:**

ئەوە زۆر دەمێکە.

**یوسف:**

لە یادت نییە؟ ئێمە هەموو شتێکمان پێکەوە دەکرد.

**ماتیياس:**

وایە. یەکەم قەوانی بیل ئێڤانمان پێکەوە دزی. من و تۆ. لە ساتێکی خرۆشاودا.

**یوسف:**

تۆ قەوانفرۆشەکەت سەرقاڵ کرد و منیش قەوانەکەم خستە ناو پانتۆڵەکەمەوە.

**ماتییاس:**

تۆ ئەو کاتانە پانتۆڵی دەڵبت لەبەر دەکرد. پانتۆڵێکی لۆنگ پلاین.

**یوسف:**

رۆک بوو... سێینەی بیل ئێڤانس.

**ماتییاس:**

لە یادتە؟ لە یادتە ناوی چی بوو؟

**یوسف:**

سێینەی بیل ئێڤانس؟ کێ لە یەکەمین سێینەیدا لەگەڵیدا بوو؟

**ماتییاس:**

هەمان ئەوەی کە لە دواین سێینەیدا لەگەڵی بوو.

**یوسف:**

باشە کێ بوو؟

**ماتییاس:**

ئا... بەر لە هەر شتێک بیل ئێڤانس پیانۆی دەژەند. پاشان....
پاشان ئەوە ئارنۆڵد فیشکین نەبوو باس و مونتگومێری کلیفتیش نەبوو تەپڵی لێ دەدا؟

**یوسف:**

نا، ئارنۆڵد فیشکین نەبوو.

**ماتییاس:**

ئەی کێ بوو؟

**یوسف:**

باس؟ هـێن... سکۆت لافارو بوو.

**ماتیياس:**

سکوت لافـارو... باس؟ (وچانێکی کـورت) تۆ دڵنیـایت؟ تۆ تونی سکوتت بەخەیاڵدا نەهاتووە ؟

**یوسف:**

بۆچی ئەوم بەخەیاڵدا هاتبێ؟

**ماتیياس:**

ئاخر جاروبار من ئەوم بەخەیاڵدا دێت.

**یوسف:**

مـەحـاڵە، بەڵام تونی سـکوت باسـی لێ نـەدەدا. تونی کـلارنێـتی دەژەند.

**ماتیياس:**

کلارنێت؟ تۆ لەوە دڵنیایت؟

**یوسف:**

ئا دڵنیام. ئەو شتانە زۆر نین کە من لێیان دڵنیام، بەڵام ئەمەیان لێی دڵنیام. گەر بیر لەوە بکەمەوە ئەوا هەر بەڕاستی ئەمە تاقە شتێکە من لەم دنیا گوواوییەدا لێی دڵنیا بم.

**ماتیياس:**

من پێم وابوو ئەو...

**یوسف:**

ئەو نەبوو. سـکوت لافـارو بوو. نە ئارنۆڵد فـیشکین بـوو نە تونی

سکوت. بەڵکو سکوت لافارو بوو.

**ماتیياس:**

باشت لە بیرە؟

**یوسف:**

ئا، باشم لە بیرە. کاتێ ئەو مرد، کاتێ سکوت لافارو مرد، ئیدی بیل ئێڤانس وازی لە مۆسیقاژەنین هێنا و بەجلە کۆنەکانی سکوت لافارۆوە، ئەو جلانەی کە کاتێ زیندوو بوو، هەیبوون، بەو ناوەدا دەگەڕا. بیل ئێڤانس بووە سکوت لافارو.

**ماتیياس:**

بیل ئێڤانس؟ (وچانێکی کورت) مەبەستت لەوەیە ئەو وازی لەوە هێنا کە ئیدی بیل ئێڤانس بێت؟

**یوسف:**

ئا. وازی لەوە هێنا کە ئیدی بیل ئێڤانس بێت (وچانێکی کورت) ئەو نەیدەویست چیی تر بیل ئێڤانس بێت. نەیدەتوانی.

**ماتیياس:**

ئیدی بووە سکوت لافارو.

**یوسف:**

ئا.

**ماتیياس:**

باشە بۆچی؟

**یوسف:**

نازانم.

**ماتیياس:**

ئەوە لەبەر ئەوە بوو سکوت لافارو جێی چۆڵ بووبوو؟

**یوسف:**

نازانم. نامــەوێ بزانم. تەنیــا ئەوە دەزانم شــتــەکــە وا بووە. مەزەندە دەکەم ڕەنگە بیری سکوت لافاروی کردبێ، لەبەرئەوەی مــردبوو. مــەزەندە دەکــەم ئەوە شــێــوازێک بووبێ بۆ ئەوەی لە نزیکی سکوت لافاروی مردووەوە بێت.

**ماتیياس:**

ئەی دوایی چی بوو؟ جارێک لە جاران هەمدیس بووەوە بە بیل ئێڤانس؟

**یوسف:**

ئا، بووەوە بە بیل ئێڤانس. بەڵام بە بیل ئێڤانسێکی تر.

**ماتیياس:**

دەکرێ ئەوە لە ئێمەش ڕوو بدا؟

**یوسف:**

کە ببینە بیل ئێڤانس؟ دوای ئەوەی کە سکوت لافارو بووین؟

**ماتیياس:**

ئەوان ئێمە بووین.

**یوسف:**

ئێمە کێ بووین ؟

**ماتیياس:**

بەهەرحاڵ ئێمە وەک دەزوولەیەک هەتاو دەژیاین کە بە هێوری

لەسەر دیوارەکە ڕەوییەوە.

**یوسف:**

ئەوە بۆ بیل ئێڤانس وایە، بەڵام سکوت لافارو بەیەکجار ڕۆیشت. هەمدیس نەبووەوە بە سکوت لافارو.

**ماتیياس:**

تێ دەگەم. (وچان) بەڵام ئارنۆڵد فیشکینیش باش بوو.

**یوسف:**

لە باسدا، بەڵێ. بەڵام ئەو لەگەڵ بیل ئێڤانسدا مۆسیقای نەژەندووە.

**ماتیياس:**

دەزانم نەیژەندووە.(وچانێکی کورت) ئەی لەگەڵ کێدا ژەندوویەتی؟

**یوسف:**

لەگەڵ لێنیێ تریسانودا.

**ماتیياس:**

ئا، ڕاست دەکەیت. لێنیێ تریسانو بوو. کاتێ لەبارەی بیل ئێڤانسەوە دەدواین، خەیاڵم لای بوو. من پێم وابوو ئەو لەگەڵ ئال ماسکودا مۆسیقای ژەندووە.

**یوسف:**

ئال ماسکو لەگەڵ وارنێ مارچدا ژەندوویەتی.

**ماتیياس:**

وارنێ ماچ؟ من پێم وابوو ئێمە باسی لێنیێ تریسانو دەکەین. ئێمە وا ڕاهاتووین باسی لێنیێ تریسانو بکەین.

**یوسف:**

ئێمە؟

**ماتیاس:**

ئا.

**یوسف:**

کەی؟

**ماتیاس:**

کاتێ باسی ئال ماسکو دەکەین.

**یوسف:**

نەء.

**ماتیاس:**

نەء؟

**یوسف:**

مەحاڵە.

**ماتیاس:**

مەحاڵە؟ /چەند کەسێکی بێگانە لە بەردەم و لە دوایانەوە تێ دەپەڕن بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەک پێشان بدەن/

**ماتیاس:**

ئێمە بیرمان لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئارت پێپێر[٦٥] سەری بۆ کوێ هەڵگرتبێ. لە یادتە؟

(٦٥) Arthur Edward Pepper (1925 – 1982): سێکسیفۆنیستێکی ئەمەریکاییە، لە دەیەی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا ناو و ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد کاتێ لەگەڵ بێنی کارتەر و ستان کێنتۆندا موزیکی دەژەند. و. کوردی

**یوسف:**

نەء.

**ماتییاس:**

بیرت نییە؟

**یوسف:**

تۆ و من؟ ئێمە وا ڕاهاتبووین بیر لەوە بکەینەوە ئاخۆ ئارت پێپێر سەری بۆ کوێ هەڵگرتبێ؟

**ماتییاس:**

تۆ و من، بەڵێ. ئێمە ڕاهاتبووین پرسیارمان لەیەک دەکرد ئاخۆ ئەو سەری بۆ کوێ هەڵگرتبێ. لەسەر سیسەمەکەت. وەک بزانم بیرمە گریاین.

**یوسف:**

دەبێ کەسێکی تر بووبێ کە تۆ پرسیارت لێ کردووە.

**ماتییاس:**

لەسەر سیسەمەکەت؟

**یوسف:**

ئا...

**ماتییاس:**

نا، نا... تۆ بوویت.

**یوسف:**

من دەزانم ئارت پێپێر سەری بۆ کوێ هەڵگرتووە.

**ماتیاس:**

تا ئەو شـوێنەی بیـرم بێ ئێـمـە گـریـاین... بەڵام بیـرم چووەتەوە بۆچی گریاین.

**یوسف:**

ئەوە منم.

تاریکی

ڕووناکی

**یوسف:**

(لادەکاتەوە کاتێ دانێل دێتە ژوورەوە) نایابە.

**دانێل:**

چی؟ (وچانێکی کورت) ئەوە چییە کە ئاوها نایابە؟ تۆ ژنەکەمت بیرە؟

**یوسف:**

ئەم ژوورە،... شوێنەکە... خۆڵەمێشەکە.

**دانێل:**

خۆڵەمێشەکە؟

**یوسف:**

چی؟

**دانێل:**

تۆ گوتت خۆڵەمێشەکە.

**یوسف:**

من گـوتم خـۆڵەمـێـشـەکـە؟ (وچانێکی کـورت) مـەبـەسـتـم لە

شـــوقــەکـــەیە. مـــرۆ چۆن دەتوانــێ لە گـــێـــتـــۆیـەکی[66] ئاوها بچـــووککراوەدا بـژی. شــوقــەیەکی نایاب. خـــۆڵەمـــێـــشـــەکـــە. (وچانێکی کـــورت) ناتـوانم ئەوە نـەڵێـم. بەڵام لـە ڕاســـتـــیـــدا شوقەیەکی نایابە.

**دانێل:**

منیش رام وایە.

**یوسف:**

ئا، هەر بەڕاستی. مەبەستم لەوەیە، ژنەکەشت هەر نایابە، بەڵام خەیاڵم لای شوقەکە بوو. ئەوە مەبەستی من بوو. دەمێکە ژن و مێردن؟

**دانێل:**

ئا، پێم وایە.

**یوسف:**

زۆر خۆشە لێرە بێت. ئەوە یەکەم جارە من لێرەم. لەوەوبەر قەت لێرە نەبووم. من کەی هاتم؟

**دانێل:**

وەک بزانم، لەگەڵ ئەوانی تر.

**یوسف:**

تێ دەگەم... من لەوەوبەر ژنەکەتانم نەبینیوە.

**دانێل:**

ژنەکەت؟

(٦٦) Getto جێگەیەک کە لەلایەن خەڵکانی هەژار و بێ ماڵ و حاڵەوە ئاوەدان دەکرێتەوە. و. کوردی

**یوسف:**

ببووره.

**دانێل:**

ژنەکەی تۆ.

**یوسف:**

من هیچ ژنم نییە. بەڵام گەر هەمبێ ئەوا لەو باوەڕەدام بینیبێتم... ئەو لێرەیە؟

**دانێل:**

ژنەکەی تۆ. ژنەکەی ئێوە نا. مەڵێ ژنەکەی ئێوە. بڵێ ژنەکەت.

**یوسف:**

ئا، بێگومان... ژنەکەت.

**دانێل:**

ئەمە زۆر.... شەرانگێزانە خۆدەنوێنێ.

**یوسف:**

تێ دەگەم.

**دانێل:**

ئەویش هەر تۆی نەبینیوە.

**یوسف:**

دەزانم.

**دانێل:**

تا ئەو شوێنەی بزانم.

**یوسف:**

نا. دەزانم.

**دانێل:**

چی؟

**یوسف:**

دەزانم کە ئەو لەوەوپێش منی نەبینیوە. تا ئەو شوێنەی بزانم. بەڕاستی ئێوە لێرە دەژین؟

**دانێل:**

لێرە؟

**یوسف:**

بەڕاستی.

**دانێل:**

سیازدە، چواردە ساڵ. ڕۆژێک دوای کوژرانی پاڵمێ[٦٧] بۆ ئێرە گواستمانەوە. ڕۆژێکی شەموو بوو. ئەوە چەندێک دەبێ.

**یوسف:**

هەڵبەت سیازدە چواردە ساڵ لەمەوبەرە.

**دانێل:**

سیازدە چواردە ساڵ؟ ئەوە دەمێکە؟

**یوسف:**

دەبێ دەمێک بێ... من ئەوکات سیازدە چواردە ساڵ گەنجتر بووم.

(٦٧) 1927 - 1986 لە ساڵی ١٩٦٩وە سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوێد بوو، ماوەیەک وەزیری خوێندن و لە دەیەی حەفتا و هەشتایشدا دوو دەورە سەرەک وەزیر بوو. لە ٢٨ی فێبریوەری ساڵی ١٩٨٦دا لە شەقامێکی شاری ستۆکهۆڵمدا تیرۆر کرا.    و. کوردی

**دانێل:**

من ئەو ساڵە خوێندنی باڵای حقووقم تەواو کرد. لە کۆلێجی داد. لەسەر چۆک بەتێکستەکانی یاسادا دەڕۆیشتم. بونیام دەتوانێ وا بڵێ؟ بونیـــــام دەتوانێ بڵێ لەســــەر چۆک بەتێکستەکانی یاسادا دەڕۆیشتم؟ هەر هەموو شوقەکە سیخناخ بوو بەتێکستەکانی یاسا. کاتم بۆ چوونە دەرەوە و سەماکردن نەبوو، کاتم بۆ چوونە دەرەوە و مەلەکردن نەبوو. کاتم بۆ پرسەی باوکم نەبوو کە مردبوو. ناچار بووم نیگای هەردوو چاوم لەسەر شتە جەوهەرییەکان بێت. خوێندن تەواو بکەم، زرنگ، نەبزۆز، ڕەق و تیژ وەک دەمی چەقۆ. دەمتوانی خۆمیان پێ ببڕم. ئەوە سەردەمێکی بێ وێنە بوو. باشترین کاتی ژیانم بوو. بێگومان لەبەرئەوەیە هەرگیز یادم ناچێتەوە. باشترین کاتی ژیانم بوو. لەبەرئەوەیە هەرگیز بیرم ناچێتەوە.. دوای ئەوە ئیدی هیچ ڕووی نەدا. بۆیە ئەو سەردەمەم بیرە و هەرگیز بیرم ناچێتەوە. ئەوە ئەو ساڵە بوو من خوێندنی باڵام تەواو کرد، خوێندنی باڵای حقووق. من پارێزەرم. من پارێزەری دادگەی تاوانم. نووسینگە سەرەکییەکەمان لە جادەی بیرگێر یارلە. ئەوە جادەیەکە لە ستۆکهۆڵم. کرێکەی بێ ئەندازە گرانە. ناوەندی شار و جێگەیەکی بەهەیبەتە. دوێنێ سێ تابلۆی ماریا مێیسێنبێرگێر[٦٨] مان بۆ پرسگەکە کڕی لەگەڵ یەکێکی

(٦٨) Maria Miesenberger هونەرمەندی فۆتۆگرافیست و پەیکەرسازی سویدی، ساڵی ١٩٦٥ لەدایک بووە. دایکی سویدی و باوکی نەمسایی بووە. فۆتۆگراف و نیگارکێشانی لە سوێد خوێندووە و پەیکەرسازیش لە نیوریۆرک.

گێرهارد ریچتێر[٦٩] دا. له ژووری کۆبوونەوه هەڵیان دەواسین. من ئەوم خۆش دەوێ، خاوەن نەژادی نەمساوییە. باپیری له وێرماچت سەرباز بووه. من پارێزەرم. ئەوەم گوتبوو؟ (وچانێکی کورت) وام گوتبوو؟ دەتوانی له هال یان له کیومله و تیداهۆلم[٧٠] بمبینیت. بەڵێ، تەنانەت دەشتوانیت له خوارەوه له زیندانەکەی کالمار بمبینیت. من پارێزەرم، تێ دەگەیت. پێویستت به پارێزەرێک هەیە؟ کات لای سکرتێرەکەم که بەسوێدی قسه دەکا، بگره. من پارێزەرم. من ئەو پارێزەرەم که هەوڵ دەدا خوێن بڕژێنێتەوه ناو برینەکان. پێویستت بەپارێزەرێک هەیە؟

**یوسف:**

نازانم.

**دانێل:**

هەمووان پێویستییان بەپارێزەرێک هەیە. باشە تۆ بۆ ریزپەڕ بیت؟ بۆم باس کە چیت کردووە. ڕاستی بڵێ ئەگینا ناتوانم یارمەتیت بدەم. تاقە شتێک بتوانێ یارمەتیت بدا ڕاستییە. (یەکێک له کورسییه ڕەشه چەرمەکان دێنێته پێشەوه) تەنیا دەمەوێ ئەم کورسییه بهێنمه پێشێ.

**یوسف:**

جوانە... دەتەوێ دوایی چی بکەیت؟

(٦٩) Gerhard Richter نیگارکێشێکی ئەڵمانییە، ساڵی ١٩٣٢ له درێسدێن لەدایک بووه. نووسەر

(٧٠) ناوی سێ زیندانن له سوێد. و. کوردی

**دانێل:**

لەسەری دانیشم. (دادەنیشێ)

**یوسف:**

کورسییەکی جوانە... خۆڵەمێشەکەت لە کوێ کڕی؟

**دانێل:**

خۆڵەمێش؟

**یوسف:**

خۆڵەمێش؟

**دانێل:**

تۆ گوتت خۆڵەمێش. وابزانم مەبەستت لە کورسییەکەیە؟

**یوسف:**

بێگومان. بمبوورە.

**دانێل:**

ڕێک و ڕەوان بڵێم. بیرم نییە.

**یوسف:**

منیش.

**دانێل:**

دەزانیت وشەی مۆبێل لە مۆبیل... موبیلیسی لاتینییەوە هاتووە؟ مانای ئەو کەرەستانە دەگەیەنێ کە دەتوانرێ بجووڵێنرێن پێچەوانەی ئەو کەرەستانەی چەسپیون، بۆ نموونە قاڵدرمەیەک، قەبرێک، تابووتێک، شتومەکێک کە بونیام ناتوانێ بیانگوێزێتەوە، کە بونیام گەر ئاقڵ بێت چ پاساوێکی بۆ

گواستنەوەیان نییە. ئاسانترە مرۆ لێیان گەڕێت. ژنەکەم ناوی ڕاکێل.. یان لیبایە... چووە بۆ کوێ؟

**یوسف:**

باوکم باڵیۆزە لە وڵاتێکی بچووکی ئەفریقیا.

**دانێل:**

گوتم، بۆ کوێ چوون؟

**یوسف:**

ون بوون.

**دانێل:**

ون بوون؟

**یوسف:**

لەوانەیە بۆ هەتاهەتا.

**دانێل:**

باشە چۆن؟

**یوسف:**

هەروا.

**دانێل:**

جارێک لە جاران کەسیان ناگەڕێنەوە؟

**یوسف:**

کامیان؟

**دانێل:**

کامیان؟

**یوسف:**

ئا؟

**دانێل:**

ژنەکان؟

**یوسف:**

ئێ ئێ. ئەوان. (وچانێکی کورت) ئێ ئێ ئەوان.

**دانێل:**

هیچیان نییە تا بۆی بگەڕێنەوە.

**یوسف:**

ئەوە ئەوان بوون کە تۆ باست کردن؟

**دانێل:**

من وام زانی ئەوە ئەوان بوون کە تۆ باست کردن. (وچانێکی کورت) ئا، ئەوە ئەوان بوون کە من باسم کردن.

**یوسف:**

نەء، ئەوە ئەوان نەبوون کە من باسم کردن. وەک بیرم بێ من باسی باوکم کرد.

**دانێل:**

باوکت؟

**یوسف:**

ئا.

**دانێل:**

چ عەیبێکی هەیە؟

**یوسف:**

ئا، له کوێوه دەست پێ بکەم؟ (وچانێکی کورت) باوکم باڵیۆزە له وڵاتێکی بچووکی ئەفریقیا. جاران باڵیۆز بوو له وڵاتێکی بچووکی ئەوروپای ڕۆهەڵات. پایزی رابردوو خانەنشین کرا. بە چنگ و ددان هەوڵی دا بمێنێتەوە، بەڵام ئیتر تەواو. وا دەگەڕێتەوە. بە تەسلیمکردنەوەی پۆستەکەی وەک باڵیۆز لە وڵاتێکی بچووکی ئەفریقیا، پلە و پایە و مەقامی کۆتاییی دێ. ئەو ئیدی دەگەڕێتەوە. تەنانەت ئەگەر هیچ شتێکیشی نەمابێ بۆی بگەڕێتەوە. هەمووان مردوون. کەس نازانێ ئەو کێیە. ڕێک وەک ئەوەی تۆ گوتت. گەڕانەوە بۆ جێگەیەک چیی تر لە هەمان ئەو جێگەیە ناچێ کە لە بیرەوەریی ئەودا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەگەڕێتەوە. دەگەڕێتەوە و هەست ناکا لە ماڵی خۆیدایە. دێتەوە و من چیی تر نایناسمەوە و ئەویش من ناناسێتەوە. من هەرگیز نەمناسیوەتەوە. نازانێ من کێم. ناچار دەبم خۆمی پێ بناسێنم. ناچار دەبم بیبینم. قورس دەبێ بۆ ئەو بڵێ من کێم لەو جێگەیەدا کە ئێستا منی لێم. ئەو دەمێکە دوورە، دەمێکە لە هەموو شتێک دوورە. تێ دەگەیت مەبەستم چییە؟

**دانێل:**

هیوادارم. هیوادارم.

**یوسف:**

دەبێ چی بە یەک بڵێین؟

**دانێل:**

من بیری ژنەکەم دەکەم. /وچان/

**یوسف:**

بۆچی؟

**دانێل:**

ژنەکەم ون بووە. تێبینیی ئەوە ناکەیت؟

**یوسف:**

لە کوێ؟

**دانێل:**

نازانم.

**یوسف:**

سەیرە.

**دانێل:**

چی؟

**یوسف:**

کە ئەو ون بووە.

**دانێل:**

بۆچی سەیرە؟

**یوسف:**

تۆ پارێزەریت.

**دانێل:**

ئا، ئەوە ڕاستە.

**یوسف:**

ئەو زوو زوو ون دەبوو؟

**دانێل:**

دەبێ بڵێم هەرگیز. وای بۆ دەچم هەرگیز.

**یوسف:**

سەیرە.

**دانێل:**

چۆن؟

**یوسف:**

سەیر نییە؟ (وچانێکی کورت) دەبوو ژمارەیەکیان لێ بدانایە تا مرۆ بیزانیایە ئەوان کێن. گەر ژمارەیەکیان لە شوێنێکدا پێوە بوایە ئەوا مرۆ دڵنیا دەبوو لە کوێن. دەشیا میکرۆچیپسێک لە جێگەیەکیاندا دانرایە، لە ئەندامی زاووزێیاندا. لە قونیاندا.

**دانێل:**

من حەزم بەوە نییە. من ئەو بیرۆکەیەم پێ خۆش نییە.

**یوسف:**

منیش.

**دانێل:**

بیرۆکەیەکی قێزەونە.

**یوسف:**

ئا. تۆقێنەرانە قێزەونە.

**دانێل:**

دەزانم ئەو کێیە. ئەوە کێشەکە نییە. کێشەکە ئەوەیە من نازانم ئەو کێیە کاتێ نازانم ئەو لە کوێیە. کێشەکە ئەوە نییە نازانم

ئەو لە کوێیە، بەڵکو ئەوەیە نازانم ئەو کێیە.

**یوسف:**

منیش نازانم. سەیرە.

**دانێل:**

نەعلەت کە هەموو کات هەر دەڵێیت سەیرە. دەدانیشە.

**یوسف:**

ئا سوپاس.

/ئێما دێتە ژوورەوە/

**دانێل:**

ئەوەتا.

**یوسف:**

خۆیەتی؟

**دانێل:**

ئەوەتان. ئەوە لە کوێ بوون؟

**یوسف:**

لە بیری ئەوەدا بووین ئاخۆ ئێوە لە کوێ بن. ئەو وا ڕاهاتووە تەنیا ئەو خەڵکانە ببینێ کە شتێکی گرینگیان لێی دەوێ، خەڵکانێک بەجۆرێک لە تەنگەتاوییەوە، خەڵکانێک کە دەرۆزە دەکەن و بە زوویی لە برسا دەمرن گەر چ یارمەتییەکیان نەدرێ، دەبێ مرۆ کەوچکێک خۆراکیان بە دەمەوە بکا یاخۆ پاسپۆرتێکی پەنابەری یان ئیقامەیەکیان لەم وڵاتەدا پێ بدا کە هێشتا هیچی لەبارەوە نازانن، خەڵکانێک کە ئەو دواین

دەرفـەتی نائومـێدانـەیە بۆیان. خـوایە. خـەڵکانێک کـە ئەو وەک تەنیـا و ڕەنگە دوایین دەرفـەتی بەزیندوویی مـانەوە نەبـین، هـیچ کـاریگەرییـەکـیـان لەسـەری نـیـیـە. ئەو تەنـیـا حـەزی لە ئۆرگاسمەکانی چیرۆکەکان یان بەواتایەکی تر لەباربردنەکانە. من لـەبارەی باوکـمـەوە دەدوێـم. کێ ئاگـای لێی دەبێ؟ ئـێـمـە خەریک بوو بیرمان لەوە دەکردەوە ئێوە لە کوێن.

**ئێما:**

من ژووری جلشۆرییەکەم پێشان دان.

**دانێل:**

توو دۆزەخ بۆچی ژووری جلشۆرییەکەت پێشان دان؟

**ئێما:**

ئەی پێت وایە دەبوو چیم پێشان بدانایە؟

**دانێل:**

تـا ئەو شـوێـنـەی تێ بگەم تـۆ پێـویست ناکـا یەک تـۆزقـاڵ نەعلەتیـان پێـشـان بدەیت. ئەوانە بـەو زووانە داوەرییـەکی مرۆڤانە دەکرێن.

**ئێما:**

ئێ، ئاوا. ئیتر لەوە زیاتر شتیان پێشان نادەم.

**دانێل:**

ژووری منداڵەکەت پێشاندان؟

**ئێما:**

ئا، ئەوێ یەکەم شوێن بوو کە پێشـانم دان. ژوورەکە چۆڵ بوو.

هیچ منداڵێک لەوێ ڕانەکشابوو یان نەنوستبوو.

**دانێل:**

نا، چۆن دەکرێ ئێستا ئەوە بکرێ....

**یودیس:**

ورچۆکەکەم[٧١] هەڵگرت کە لەسەر سیسەمەکە بوو، لاقێکی لێ بووەوە.

**دانێل:**

ئەی ئێستا تۆ چی دەکەیت؟

**ئێما:**

ئێستا تەنیا بەناو ژوورەکەدا بۆ ئەوبەر دەڕۆین.

**دانێل:**

باشە بۆ؟

**ئێما:**

وەرە ئەوسا دەڕۆین. (وچانێکی کورت) تەنیا بەناو ژوورەکەدا بۆ ئەوبەر دەڕۆین. گوێ مەدەرە ئێمە. وا بزانە مردووین.

**دانێل:**

چۆن دەتوانم وا بزانم مردووین؟

**ئێما:**

وەک مردوو بیرمان لێ بکەوە.

**یودیس:**

خواحافیز.

---

(٧١) Nalle: ورچ، وشەیەکی منداڵانە بۆ ورچ.

**ئێما:**

ماڵئاوا.

**سۆفیا:**

هەر ئێستا ڕاپۆرتە[٧٢] درەنگکەوتووەکان دەست پێ دەکات.

/جگە لە دانێل و یوسف کــە لەســەر تاک قــەنەفــەکــان بە دانیشتوویی ماونەتەوە، هەمووان بە ژوورەکەدا دەڕۆن، دوایین کــەس یوناســە. بەنێــو ڕووناکــیدا دێن و لەوبەرەوە دەچنە ناو تاریکییەوە. یوناس کورسییەکەی خۆی ڕادەکێشێ. ماتییاس لەوبەرەوە پێشوازییان دەکا./

**ماتییاس:**

کەس هەیە پێویستی بەدەروون تێکچوویەک بێت؟

**یودیس:**

من وام زانی تۆ دوختۆری دەروونییت.

**ماتییاس:**

ئەوە پێوەندیی بەوەوە هەیە کێ دەبینم.

**ئێما:**

نەء، ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە... هەمانە؟

**ماتییاس:**

گــەر کاتم هەبێ ئەوا دەتوانم کێشــەیەک بدۆزمــەوە. گەر ئێوە نەختێک کاتم بدەنێ.

---

(٧٢) وا بزانم مــەبەست لە ڕاپۆرت ئەو بەرنامــەی دەنگوباســەیە کــە شــەوانە لە تەلەڤزیۆنی سوێدییەوە پێشکێش دەکرێ.    و. کوردی

**ئێما:**

کات؟ (پێ دەکەنێ)

**دانێل:**

سەیرە.

**یوسف:**

بێ ئەندازە سەیرە.

**دانێل:**

بێ ئەندازە(٧٣)، Äusserst، ئەو وشەیە ئەڵمانییە.

**یوسف:**

چییە؟

**دانێل:**

ئەڵمانییە. ئەڵمانی زمانێکە.

**یوسف:**

نا... ئەوە چییە کە سەیرە؟

**دانێل:**

نازانم. یەکەم جارە دەیبینم. ئێمە لە کوێین؟

**یوسف:**

تۆ و من؟

**دانێل:**

وا گریمان دەکەم. ئێمە لە کوێین؟

---

(٧٣) وشەکە ئەڵمانییە واتە بێ ئەندازە، زۆر زۆر. و. کوردی

**یوسف:**

بیرم نییە... لێرە؟

تاریکی

ڕووناکی

/هەمووان دیسان لە ژوورەکەدان/

**یوسف:**

خۆ ئەوەتان... ئێوە لە کوێ بوون؟

**سۆفیا:**

کەی؟

**یوسف:**

دیارە کاتێ کە لێرە نەبوون... هەی سەر بەدەرەوە بووینە.

**ئێما:**

ژووری جلشۆرییەکەم پێشان دان.

**یوسف:**

قوزەکەشت پێشان دان؟

**دانێل:**

بۆچی وات کرد؟

**ئێما:**

نازانم. حەزت دەکرد چیم پێشان بدانایە؟

**دانێل:**

ئا، ژووری جلشۆرییەکە تا ڕادەیەک قەیدی ناکا. ئەی جلە چڵکنەکانیشت پێشان دان؟

**ئێما:**

ئا. هەموو شتێک.

**یودیس:**

چ شێوێکی نایابمان خوارد.

**ئێما:**

سوپاس... حەیفێک کە ناتوانین شەویلاگەمان بکەینەوە و خواردنەکە بجووین. مەبەستم ئەوەیە، من تەنانەت ناشتوانم هیچ بخۆمەوە. ناتوانم تاقە دڵۆپێکیش قووت بدەم.

**یودیس:**

کاتێ ئەوەم بینی، مەبەستم خواردنەکەیە، کەوتمە خەیاڵی ئەوەوە کە ئێمە هەرگیز ئێستا لە ماڵەوە نان ناخۆین، وەک جاران، وەک نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر. ئەوکات وا ڕاهاتبووین ڕۆژانی شەمووان و یەکشەمووان پیاسەی جوان و درێژ بکەین، فراوینی سەرنجڕاکێش لە جێگەیەک بکەین، ڕەنگە بچووینایە بۆ ئێن کۆ[٧٤] یان مۆزەخانەی مۆدێرن یاخۆ بۆ کتێبفرۆشییەک، پێڵاومان تاقی دەکردەوە، تەماشای کتێب، تابلۆ، جلوبەرگ، یان مۆبیلەمان دەکرد، ڕەنگە پێکەوە بچووینایە بۆ سینەما یان شانۆیەک. پاشان ڕاهاتین پێکەوە خواردن دروست بکەین کاتێ بۆ ماڵەوە دەگەڕاینەوە و دادەنیشتین و نانەکەمان دەخوارد و بۆ

(٧٤) NK: بازاڕێکی گەورەی پێڵاو و جلوبەرگە لە ستۆکهۆڵم و هەندێک لە شارەکانی تری سوێد. لە ١١ی سێپتیمبەری ساڵی ٢٠٠١دا خاتوو ئاننا لیندی وەزیری دەرەوەی سوێد لە ئێن کۆی ستۆکهۆڵم کە لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بوو، بەرچەقۆ درا و کوژرا.

چەند سـەعـاتێک قسـەمـان دەکرد... لەبارەی هەمـوو شـتێکەوە، جگە لـە منداڵ. زۆر دڵگیـر بوو کـە تاریکیی دەکـرد. بیـرمـە من حـەزم لەوە بوو تەمـاشـات بکەم. مـاتیـیاس، دواین جار کەی بوو وامان کرد؟

**ماتییاس:**

بیرم نییە.

**یوسف:**

شـتێکی سـەیر لە زمانەکـەدا هـەیە. شـتێکی سـەیر لە زمانەکـەدا ڕووی دا.

**دانێل:**

چی لە زمانەکەدا ڕووی دا؟

**یوسف:**

زۆر بە سـادەیی بیڵێم، چیی تر تێی ناگەم.

**دانێل:**

نا. باشە ئێوە لە جەژنی پاکی ڕابردوودا لە فلۆرەنسا نەبوون؟

**ماتییاس:**

ئێمە؟

**یودیس:**

نەء.

**یوناس:**

نەء، ئیتر وازیان لەوە هێناوە.

**ئێما:**

ئێمە پێویستمان بەهیچ جەژنێکی پاک نییە لە فلۆرەنسا. هەناسەم بۆ نادرێت. چ هەوایەک نییە.

**دانێل:**

باشە.

**ئێما:**

ئەم بەیانییە دیسانەوە دایکم ون بووەوە. لای دوکانی سێڤن/ئێلێڤنەکەی نێوان جادەی هیوملێگورد و گرێڤتوریێ، ئەوانە چەند جادەیەکن لە ستۆکهۆڵم، دۆزیبوویانەوە. دایکم ڕووتوقووت و شپرزە، نەیزانیوە لە کوێیە.

**دانێل:**

باشە ئەوانەی دۆزیویانەتەوە چۆن زانیویانە ئەوە کێیە و لە کوێ ژیاوە؟

**ئێما:**

ئا، مەتەڵەکە ئەمەیە. باشە چۆن زانیویانە؟

**یودیس:**

زۆربەی خەڵک نازانن کێن یان کێ دەبن.

**ماتییاس:**

ئەوە بەختە.

**یودیس:**

زۆربەی خەڵک هێشتا نازانن کێن.

**یوناس:**

تەنانەت زۆربەی خەڵک هێشتا لەدایک نەبوون.. بەهەرحاڵ تا

ڕادەیەک خەڵکێکی زۆر. گەر مرۆ بیانژمێرێ، گەر مرۆ کاتی هەبێ بیـانژمـێـرێ.. ئەوسـا گـەلێک زۆر دەبن. ڕەنگە زۆرتـر دەرچن لەو کەسـانەی کـە لەدایک بوون، یان مـردوون. هـەمـان شـتـە. هەڵبـەت هەمان شتە. دەبێ ئێمە چەندێک لێرە بین؟ دەرگەکان کوان؟

**ماتیاس:**

تاقە شتێک مرۆ هەیەتی ئەوەیە کە هەیبووە. ئەوە ئەوەیە کە مرۆ هەیەتی. ئەو ژیانەی کە ژیاوە. ئەوەیە کە مرۆ هـەیەتی. مرۆ لەوە زیاتر یان کەمتری نییە.

**یودیس:**

(شەڕانگێزانە) باشە کێ بڕیار لەسەر ئەوە دەدا؟

**ماتیاس:**

بڕیاری چی؟ چی بڕیار بدا؟

**یودیس:**

(شەڕانگێزتر) مرۆ کێیە؟ کێ بڕیاری ئەوە دەدا؟

**ماتیاس:**

ئەوەی مـرۆ کـردوویەتـی. کـەس بڕیـاری ئەوە نادات. ئەوە بڕیار دەدا کە مـرۆ کردوویەتی. چـی کـردووە و چۆنـی کـردووە و کـەی کردوویەتی. پاشان ئیدی درەنگە. خۆی بڕیار دەدا.

**یودیس:**

باشە کەی؟

**ماتیاس:**

مـەبەسـتم لەوەیە کـاتێ مـرۆ دەمرێ. کـاتێ مـرۆ دەمرێ ئـیتـر درەنگە. ئەوە لەبەرئەوەیە کە ئێمە هێند سەرلێشێواوین.

**دانێل:**

تۆ دەروونناسیت؟

**ماتیياس:**

ئا، من لێی دەترسم.

**دانێل:**

من پارێزەرم.

/ماتیياس لە تاقە جووڵەیەکی شێتگیرانەدا هەموو شتەکانی سەر مێزەکە دەپێچێتەوە/

**ئێما:**

ئا، نازانم، بەڵام ئەمجارەیان هەر بەڕاستی دەرەقەت نایەم. چیی تر بڕستی تراجیدیایەکی گەورە و تازە، کارەساتێکی تۆقێنەرم نییە. هەرچەندیشم بوێت چیی تر ناتوانم ژیان بکەم و کاردانەوەم هەبێ. بەداخەوە.

**یودیس:**

تەمەنی چەندە؟

**ئێما:**

کێ؟

**یودیس:**

کێ؟ دایکت.

**ئێما:**

دایکم؟ نا، من باسی ئەوەم دەکرد کە لە کۆسۆڤۆ ڕوو دەدا. (وچانێکی کورت) ئەی ئێمە باسی کۆسۆڤۆ ناکەین؟

**دانێل:**

ئەوە ماوەیەک لەمەوبەر بوو. ئەوە ساڵێک و سێ مانگ لەمەوبەر بوو.

**ئێما:**

بەڕاست؟ ئەوەندە دەمێکە؟

**دانێل:**

(میهرەبانانە) نازانم چیتە. ئەرێ چیتە؟

**ئێما:**

نازانم... لە دەرەوە لە موبەقەکە بووم.

**دانێل:**

ئازیزەکەم، وام زانی مردوویت.

**ئێما:**

من؟ باشە بە چ شێوەیەک؟

**دانێل:**

بەشێوەیەکی سەیر. بەشێوەیەک کە وا دەکات هەموو شتێکت بیر بچێتەوە، جا گەر ئەو شتانە ڕوویان دابێت یان نا.

**ماتیياس:**

جاروبار مرۆ ئەو شتانەی بیر نایەنەوە کە ڕوویان داوە بەر لەوەی....

**دانێل:**

ئەوانت بیر دێنەوە؟

**ماتیياس:**

وا دەبینم ئەوان تەواوی ژیانی خۆیان گۆڕیوە.

**دانێل:**

ڕەنگە پێویست بێ تۆ قسە لەگەڵ یەکێکی تردا بکەیت.

**سۆفیا:**

باشە کێ؟

**دانێل:**

هەوڵ لەگەڵ یوسفدا بدە.

**سۆفیا:**

قسەم کردووە. تەنیا دەمەوێ هەوڵ بدەم ڕاڤەی بکەم، ڕەنگە بۆ خۆم. سەبارەت بە براکەم... من پێشتر باسی براکەم کردووە.

**دانێل:**

من بیرم نییە.

**سۆفیا:**

ئەو زۆر هۆشمەند و خوێندەوار بوو. چەند ساڵێک لەمەوبەر، بەر لەوەی بمرێ، حقووقی دەخوێند، تێبینیمان دەکرد خەریکە دەبێتە هەڵگری تێڕوانینی توندڕۆیانە سەبارەت بە پەنابەران و جووڵەکە. یەکەم جار من وای بۆ چووم مەبەستی لەوە تەنیا بێزارکردن بێ، لەبەرئەوەی هەردەم گرژییەکی زۆر لە نێوان ئەو و باوکمدا هەبوو. باوکم سۆسیالیستە. بەڵام پاشان زانیمان دایکی دایکم لە چلەکاندا نازی بووە و براکەشم کە ئەو کات منداڵ بووە زۆرجاران لای ئەو بووە. بەڵام بونیام چی بکات

کاتێ کەسێکی خۆش دەوێ و لەگەڵیدا گەورە دەبێ بەڵام دوایی دەبێتە فاشیست... خۆ ئیتر واز لە خۆشویستنی ناهێنێ و دەسبەرداری نابێ... بونیام دەتوانێ وا بکات؟

**دانێل:**

کەواتە بەختی هەبووە مردووە. ئەوە هەم بۆ خۆی و هەم بۆ خەڵکانی تریش شتێکی باش بووە.

**ئێما:**

ئەرێ ئێمە باسی کۆسۆڤۆمان نەدەکرد؟

**دانێل:**

نەء، تۆ باسی دایکت دەکرد.

**ئێما:**

نا، من باسی کۆسۆڤۆم دەکرد. باسی تراجیدیای ئاوارەکان لە کۆسۆڤۆ. ناتوانم هیچ هەستێکم بۆی بوروژێ. تەنیا دەتوانم دانیشم و تەماشا بکەم بەبێ ئەوەی گوێ بدەمە ئەو شتانەی دەیانبینم. هەست بەهیچ ناکەم. بەهیچ جۆرێک هەست بەهیچ ناکەم، مەبەستم لە دەرەوەی غیابی هەستەکاندا. منداڵان دەبینم بە پێڵاوی زۆر زلەوە بە قوڕ و لیتاودا دەڕۆن و دەگرین. باوکێک دەبینم دەڵێ کوڕەکەی شەش فیشەک نراوە بە سەریەوە. ژنان دەبینم دەگێڕنەوە کچە نۆ ساڵانەکانیان لاقە کراون و وەک گوڵی ژاکاو زایە بوون. منداڵ و پیر دەبینم دەستیان بۆ نان درێژ دەکەن کە لۆرییەک دابەشی دەکا و ئەمان پیادا ڕاناگەن. ئەوانە دەبینم و هەست بەهیچ ناکەم. بە چاوانێکی زەقەوە ڕێک لەناو گۆڕێکی قووڵی بەکۆمەڵ دەنۆڕم و

هەست بەهیچ ناکەم. من هەر تەواو بەتاڵم. دەڵێم ئیتر ئەوەیە. من کێم؟

**یوسف:**

لە ڕاستیدا نازانم بۆچی وام گوت. باوکم هەر زۆر پیاوێکی هاوهەست و لە بەردڵانە... ڕێزێکی گەورەم بۆی هەیە. ئادلای ستێڤێنسون[٧٥] نموونەی باڵایەتی و نموونەی باڵای بووە.

**دانێل:**

ئۆه بەڵێ. دوێنێ بینیم... ڕێگەکەی لێ تێکچووبوو. لە ژووری خۆگۆڕینی جوولەکەکان بوو.

**یوسف:**

ئاوا. لەوێ چی دەکرد؟

**یودیس:**

ئیش چۆن دەڕوا؟

**هەموو:**

باشە.

**یوسف:**

پێم وایە باشە. دەمێکە وازم لێ هێناوە. دوێنێ هەوڵم دا

---

(٧٥) Adlai Stevenson 1900 -1965 سیاسەتوانێکی ئەمەریکاییە. ساڵانی ١٩٥٢ و ١٩٥٦ کاندیدی دیموکراتەکان بووە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا و لە بەرامبەر ئایسنهاوەردا شکستی هێنا. ساڵی ١٩٥٣ سەرۆکی حزبی دیموکراتەکان و ساڵی ١٩٦١یش باڵوێزی ئەمەریکا بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان. و. کوردی

دارماتیککارێکی نەمساوی کە ناوی فرانز خافێر کرۆیتز[٧٦]ە پەیدا کـــــــەم. لە بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵ/ ناوەندی بەڕێوەبەرایەتییەوە داوایان لێ کردم هەوڵ بدەم پێوەندیی پێوە بگرم. دەیانویست سەرنجی بزانن سەبارەت بەسەرکەوتنە بێ هاوتاکەی یورگ هایدێر[٧٧] لە نەمسا.

**دانێل:**

تۆ گوتت ڕووداوگەلێک هەن تا ڕوو نەدەن بونیام بیری نین؟

**یوسف:**

نا، من هێشتا وام نەگوتووە. من هێشتا ئەو قسەیەم نەکردووە. نەختێکی تر وا دەڵێم. کەمێک دواتر. سبەینێ.

**سۆفیا:**

(بۆ یودیس) کاتێ مێردەکەت لەو دوورەوە لای ڕەفەی

(٧٦) Franz Xavier Kroetz لەدایکبووی ١٩٤٦. نووسەر و کۆمەڵناس و ئەکتەر و شانۆنامەنووسی ئەڵمانی. وردەبۆژاوا و جووتیار و ژینگەکانی کرێکاران موتیڤی کارەکانییەتی. لە بەرهەمەکانی: 1971 Heimat, 1972 Stallerhof, 1977 Mensch Meier.

(٧٧) Jörg Haider (1950 -2008): سیاسەتوانێکی نەمسایی و سەرۆکی پارتی ئازادیی FPOی نەمسایی، تا ساڵی ٢٠٠٥ یەکێک بوو لە ڕوخسارە هەرە دیارەکانی ئەو پارتە. دواتر لەو حزبە دەرکرا و هاوپەیمانێتیی داهاتووی نەمسا BZOی دامەزراند. دایک و باوکی یورگ هایدێر لە ساڵەکانی شەڕی جیهانیی دووەمدا کاریان لە حزبی نازیی ئەڵمانیادا دەکرد و دوای شەڕ لەسەر ئەوە سزا دران. یورگ هایدێر بۆ خۆیشی بە ڕەگەزپەرست و دژایەتیکردنی پەنابەران و سیاسەتی پەنابەرێیتی دەناسرا. وەک سەرکردەی حزبی ئازادی، سەردانی عێراق و ئێران و لیبیای کرد. لە ساڵی ٢٠٠٨دا بە ڕووداوی ئۆتۆمۆبێل تێدا چوو. و. کوردی

کتێبەکانەوە بەلامدا تێپەڕی، مەمکی گرتم. بەڕێوە بوو دەچوو بۆ ئاودەست.

**یودیس:**

کام ڕەفەی کتێب؟

**سۆفیا:**

ئەوەی لای چەپ.

**یودیس:**

چ کتێبێکیان تێدا بوو؟

**سۆفیا:**

ئەو کاتێ بەلامدا تێپەڕی، من ڕاوەستابووم و تەماشای فۆتۆیەکم دەکرد کە لە ڕەفەیەکیاندا دانرابوو. ئینجا لە دوامەوە ڕاوەستا. من ئاوڕم دایەوە تا بزانم بۆ لە دوامەوە ڕاوەستاوە، ئەوسا هەردوو مەمکی گرتم.

**یودیس:**

ئەوە فۆتۆیەکی کچەکەی ئێما و دانێلە. فۆتۆیەکی جوان نییە؟ ئەوە من گرتوومە.

**دانێل:**

وەکو تر، ئاخۆ کەس هیچ پێوەندییەکی بەیەعقوبەوە گرتووە؟

**یوسف:**

من وام نەگوت؟ من نەمگوتووە لەم ڕۆژانەدا ئەوم بینیوە؟

**دانێل:**

کێ؟

**یوسف:**

یەعقوب.

**دانێل:**

یەعقوب؟

**یوسف:**

من گوتم لەم رۆژانەدا بینوومە. لە وەن هەپی کلاود. ئەوە چێشتخانەیەکی ژاپۆنییە. خەریکە کەسێکی تر دەبێتە خاوەنی. بەر لەوەی دایخەن بۆ دواجار لەوێ بووم. نزیکەی هەموو کەلوپەلەکانیان پێچابووەوە. هەر زۆر وێران و پیس و پۆخڵ دەینواند کاتێ جگە لە ئێمە کەسی تر لەوێ نەبوو و هەر بەڕاستیش کاتێ خواردنەکەیان بۆ دانایین، زۆر خاوخلیچک و بێ دەربەست بوون. ئەوان نەیانناسیمەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە من لەگەڵ زیاتر لە حەوت ژنی شۆخدا لەوێ بووم. دەبێ بڵێم ئەو کات من ئەو ژنانەم پێ شۆخ بوون، ئێستا ئیتر نایانناسمەوە.

**ماتییاس:**

نا.

**یودیس:**

ئێمە هەموویانمان بینیون.

**یوسف:**

بەڵام من لەوێ بووم. فراوینمان لەوێ کرد. من ساتای مریشکم لەگەڵ سۆسی گوێز و یەعقوبیش نەختێک سوشی خوارد. لە دوادوای فراوینەکەدا چەند نوکتەیەکی لە سەردەمی منداڵییە

ترسناک، ترسناک، ترسناکەکەی خۆی، بە گوزارشتێکی زۆر ئارام و بێباکانەی سەر ڕوخسارییەوە گێڕایەوە... کاتێ ئەو نوکتەکانی دەگێڕایەوە، کاتێ ئەو زۆر خەیاڵاویترین ئەو شتانەی دەگێڕایەوە کە خۆی تێدا بوون و بینیویەتی خەڵکانی تریشی تێدان، من نەمتوانی چاوی خۆم بگرم و تەماشای لاقە بەشێوەیەکی نائاسایی درێژەکانی ژنە خزمەتچییەکە و چاوە بێ گوزارشتەکانی نەکەم. وەک ئەوە وابوو لە لیمبۆ[٧٨] یەکدا بیت: وەک میوانێک لەگەڵ خۆتدا. من چ عەیبێکم هەیە؟ من چ عەیبێکم هەیە؟ /دەقیژێنێ/ ئەرێ من چ عەیبێکم هەیە؟ کەس ناتوانێ پێم بڵێ.

**سۆفیا:**

با.

**ماتییاس:**

نا.

**یوسف:**

تۆ دەروونناسیت.

---

(٧٨) لای کاتۆلیکەکان لیمبو بەشێکە لە مەملەکەتی مردووان. بەگوێرەی کتێبی یەکەمی کۆمیدیای خوداییەکەی دانتێ ئەو بەشەی مەملەکەتەکەیە کە نە دۆزەخە و نە بەهەشت، تایبەتە بەو مردووانەی کە شایستەی هیچ کام لە بەهەشت و دۆزەخ نین. بۆ نموونە ئەو منداڵانەی کە غوسڵ نەدراون، یان ئەوانە کەسانێکن کە بەر لە لەدایکبوونی مەسیح بەڕەوشت ژیاون بەڵام ئیدی مەسیحی نین. وشەکە زیاتر بەکار دەبرێ بۆ گوزارشت لە دۆخێکی تەواو خامۆش و مردوو، دۆخی چاوەڕوانییەکی ئەبەدی و سەرابئاسا. و. کوردی

**ماتيياس:**

من لێی دەترسم.

**دانێل:**

باشـە، با وا بێت. (وچانێکی کـورت) بـەڵام وەک دەروونناسـێک دەتوانیـت پێم بڵـێـیت چی دەکـەیت کـاتێ دەسـتنیـشـانی ئەوە دەکەیت ئاخـۆ کەسـێک دەروونی نـەخـۆشـە یان نا، جا سنووری نێوانیان چەندیش بزۆز بێت؟ چی دەکەیت؟

**ماتيياس:**

ئا، زیاتر دادەنیشم.

**دانێل:**

دادەنیشیت؟

**ماتيياس:**

بێ جـووڵە دادەنـیـشـم و قـووڵ گـوێ ڕادەدێرم. زیاتریش بۆ ئەو شتانەی کە ناگوترێن.

**یوسف:**

جا خۆ هەموو نەخۆشەکانت دەمرن.

**یودیس:**

ئازیزەکەم، ئیش چۆنە؟

**ماتيياس:**

باشە.

**هەموو:**

باشە.

**ئێما:**

Was macht ihr im Sommer? (٧٩)

**هەموو:**

هاوین، هاوین...

**یودیس:**

یەکەم جار با چەند هەفتەیەک بە پرۆڤینسدا ئۆتۆمۆبێل بئاژووین. سڵاو لە هاوڕێیان بکە.

**دانێل:**

نەیاران، ڕەقیبان، خەڵکانێک کە لە دەستمدان.

**یودیس:**

لە ئاپێتێ(٨٠). ئێمە هاوڕێمان لە ئاپێتێ هەن.

**ئێما:**

چەند خۆشە.

**دانێل:**

لە کوێیە؟

**ئێما:**

ئاپێتێ؟ ئەی ئێوە؟ ئێوە چی دەکەن؟

**دانێل:**

پاشان هەفتەیەک لە برێتاگنێ دەبین.

---

(٧٩) ئەڵمانییە، واتە هاوین چی دەکەن؟

(٨٠) Apt: زۆر گەڕام بەدوای مانای ئەمەدا بەڵام مانایەکی دڵنیای دەست نەکەوت. دواتر لە کاک گۆران مەریوانیم پرسی ئەو پێی وابوو مەبەست لە ڕێکخراوێکی چەپی سوێدییە. و. کوردی

**ئێما:**

شتێکی خۆش دەبێ.

**دانێل:**

هیوادارم.

**ئێما:**

بۆ هەموو کات لەوێ لە جێگەیەکدا دەمێنینەوە.

**دانێل:**

خۆ ئێمە ژوورمان گرتووە. مەبەستت چییە؟

**یوسف:**

فینیستێرێ؟

**دانێل:**

فینیستێرێ؟ ناکرێ لەوێ بین. شتی وا نابێ. ئەوێ هەر تەواو ڕووتەن و میوان نادۆستە. ناکرێ لەوێ بین. هەر زۆر ڕووتەنە. هەرگاف بای هەیە، بەڵام لەوێ هەموو کات دەتوانرێ ژووری بەتاڵ لە ئوتێلدا دەستکەوێ. لە ڕاستیدا ئێمە تەلەفۆنمان کرد و لەوێ ژووری ئوتێلێکمان گرت، بەڵام هەرگیز بۆی نەچووین، پەشیمان بووینەوە.

**سۆفیا:**

ئێمە لە باشووری برێتاگنێ بووین.

**یودیس:**

ئێمە لە باشووری بریتاگنێ بووین.

**سۆفیا:**

کەی؟

**یودیس:**

کەی؟ ئۆھ، چەند ساڵێک لەمەوبەر.

**یوسف:**

پونت– ئاڤین. زیاتر بیلوون سیور. راکیونێس... و کیویمپێر.

**ماتیياس:**

بیلێس ئیللێس.

**یوسف:**

بیلێس ئیللێس؟ خۆشە، جوانە. فرەنسییەکان خۆیان لە پشوودا بۆ ئەوێ دەڕۆن. لە دەیەی هەشتادا جارێکیان لەوێ بووم. ئەوێ دوورگەیەکە.

**ماتیياس:**

گێلە خۆم دەزانم دوورگەیە.

**یوسف:**

وا دیارە بە درێژاییی ژیانت تاقــــە نەخـــــۆشـــــێکت چاک نەکردووەتەوە؟

**ماتیياس:**

با، خـۆم. تەنانەت خـۆشم نا. پارەم نەبوو. ئەرێ دانێل بۆ کـوێ چوو؟

**ئێما:**

نازانم.

**سۆفیا:**

لەوێ دانیشتووە.

**ئێما:**

من تا ڕادەیەک بیرم چووەتەوە شێوەی ئەو چۆنە.

**یودیس:**

ئا، زوو تێ دەپەڕێ.

**ماتییاس:**

دەمێکە دیار نییە.

**ئێما:**

ئا، دەمێکە.

**یودیس:**

ئەو ئەرزەی ئەوێوە لە خوێندا دەقیژێنێ.

**یوناس:**

(دانیشتووە، دادەنەوێتەوە و گرێی جومگەی نێوان دەست و پەنجەکانی دەجوێ) هاوینی ڕابردوو لە گەشتێکی قوتابخانەدا بووم بۆ بیرکێناو[٨١]. گەشتی ئەو پۆلە بوو کە منیان لەگەڵ قوتابخانەکەدا لەگەڵ بوو... گەشتێکی قوتابخانەمان بۆ بیرکێناو کرد. بەو ناوەدا گەڕاین و تەماشای هەموو شتێکمان کرد. دوای نیوەڕۆ کە دیدەنییەکە تەواو بوو، دەرگەیان لەسەر داخستین. نەیاندەزانی ئێمە لە ژوورەوە ماوینەتەوە. هەمووان چووبوونە ئاودەستەکانەوە، بەڵام ئەوان وایان زانیبوو لەوێ

(٨١) Birkenau بەشێکە لە ئۆردووگای ئاوشوێتز. نووسەر

نەماوین. بەڵام ئێمە لەوێ مابووین. چ ڕۆحلەبەرێک لەوێ نەبوو، نە پاسەوان و نە کارمەند. شەو دنیا تاریک داهات. زۆر تاریک داهات. ئێمە لەوێ مابووین. هاوارمان دەکرد بەڵام کەس نەدەهات بەدەنگمانەوە. ئیتر کۆڵمان لە هاوارکردن دا. بەدرێژاییی شەو لەوێ بووین. لە ئاودەستەکاندا دانیشتین. بۆ بەیانی کارمەندەکان هاتن و کردیانینە دەرەوە. لە ڕۆژنامەکاندا لەبارەی ڕووداوەکەوە نووسرا. ئەوسا تێگەیشتم من مردبووم.

**ماتییاس:**

تێ دەگەم. ئەرێ ئێمە باسی چیمان دەکرد؟

**یوسف:**

وارنێ مارچ.

**ماتییاس:**

وام زانی باسی لێنیێ تریستانومان دەکرد. ئێمە هەردەم باسی لێنیێ تریستانو دەکەین. لە خەیاڵی ئەوەدا بووم ئاخۆ ئارت پێپێر بۆ کوێ چووبێ. ئێمە دەسپەڕمان بەیەکترەوە دەکرد و لە خەیاڵی ئەوەدا بووین ئاخۆ ئارت پێپێر بۆ کوێ چووبێ. لە یادتە؟ (وچانێکی کورت) ئەوەت لە یادە؟

**یوسف:**

نەء.

**ماتییاس:**

ئەوەت لە یاد نییە؟

**یوسف:**

نەء. تۆ لە یادتە؟ (وچانێکی کورت) تۆ و من؟

**ماتییاس:**

تۆ و من، ئا، بێگومان. یەکەم جار دەسپەڕمان بەیەکترەوە کرد. لەسەر سیسەمەکەی تۆ.

**یوسف:**

دەبێ ئەوە کەسێکی تر بووبێ. دەبێ ئەوە کەسێکی تر بووبێ کە تۆ دەسپەڕت پێوە کردووە. دەبێت باوکت بووبێ کە تۆ دەسپەڕت پێوە کردووە.

**ماتییاس:**

لەسەر سیسەمەکەی تۆ؟

**یوسف:**

ئا. هەندێ جار بە کرێم دەدا.

**ماتییاس:**

نا، نا... تۆ بوویت.

**یوسف:**

بیسەلمێنە.

**ماتییاس:**

چۆن؟ چۆن؟

**یوسف:**

نازانم. چۆن ئەوە بزانم؟ خۆ تۆ ژنت هەیە.

**ماتییاس:**

ئێمە چواردە ساڵان بووین.

**یوسف:**

ئا، بەڵام تۆ توانای هەر شتێکت هەیە.

**سۆفیا:**

من وابزانم دووگیانم.

**یوناس:**

چیت دەوێ؟

**ئێما:**

چیت دەوێ؟

**یودیس:**

چیت دەوێ؟

**یوسف:**

تۆ.

**دانێل:**

من لێرەم. شتێکم هەیە بیڵێم. (وچان) شتێکم هەیە بیڵێم.

**یوناس:**

کە تۆ پارێزەریت.

**یودیس:**

ئەو دەڵێ شتێکی هەیە بیڵێ.

**ئێما:**

ئەو شتێکی هەیە بیڵێ.

**یودیس:**

کە بیڵێ. /بێدەنگی/

**ماتییاس:**

چی؟ ئەو چی هەیە بیڵێ؟

**یودیس:**

نازانم.

**ئێما:**

نازانم.

**یوناس:**

نا.

**ماتییاس:**

چیت هەیە بیڵێیت؟

**یوناس:**

بیڵێیت.

**یودیس:**

دانێل. /بێدەنگی/

**دانێل:**

گوێ دەگرن؟

**یوسف:**

بێگومان.

**ئێما:**

بێگومان.

**یودیس:**

ئا، گوێ دەگرین.

**ئێما:**

گوێ دەگرین.

**یوناس:**

ئا.

**یودیس:**

گوێ دەگرین. /بێدەنگی/

**ماتییاس:**

ئەوە چییە؟

**یوناس:**

چی؟

**یودیس:**

ئەوە؟ /بێدەنگی/

**دانێل:**

من مردووم.

**ماتییاس:**

دەزانین.

**یودیس:**

ئا.

**ئێما:**

ئا.

**یوناس:**

ئا.

**یوسف:**

دەمێکە ئەوە دەزانین.

**یوناس:**

دەمێکە.

**ماتییاس:**

ئا.

**یودیس:**

ئا.

**ئێما:**

ئا.

**یوناس:**

ئا. /بێدەنگی/

**یودیس:**

تەنیا ئەوەمان نەدەزانی ئاخۆ بەچی مردوویت.

**ماتییاس:**

ئەوە خۆی لە خۆیدا هیچ گرینگ نییە.

**دانێل:**

گاڵتە مەکە. /بێدەنگی/

**دانێل:**

ئەوە ڕاستە.

**ماتییاس:**

کاتێ مرۆ مردووە ئەوا هەموو شتێک کەم و زۆر ڕاستە.

**ئێما:**

کاتێ مرۆ مردووە.

**یودیس:**

مردووە.

**یوناس:**

کاتێ مرۆ مردووە.

**یوسف:**

ووە.

**یوناس:**

ووە.

**ئێما:**

مردووە. /بێدەنگی/

**یوسف:**

رۆبەرت برێسـۆنیش مـردووە. بەر لە چـەند مـانگێک، لە ئـەپریلدا مرد. ئەو یەکێک بوو لەو دەرهێنەرە سینەماییانەی کە زۆرتر بۆ من گرینگ بوو. درێیار، برێسون، تـارکۆڤسکی، جـان بێرگمـان، نیکلاس بریونیۆس... هـامێشـهۆی.

/هـەمـووان نـاوی ئەو کـەسـانە دەهێـنن کـە مـردوون و ئەمـان دەیناسن. ناسیـاوان، هـاورێیان، خـزمان. ئەوە چەند دەقیـقەیەک دەخایەنێت/

**سۆفیا:**

چۆن بونیام لێرە دەچێتە دەرێ؟ مرۆڤ چۆن لێرە دەچێتە دەرێ؟

**ماتیياس:**

مـامێشـهۆی هیچ دەرهێنەری سینەما نەبوو.

**یوسف:**

نا، دەزانم. بـەڵام بۆ من گـرینگ بوو. (وچـان) لە ئارت پێـپـێـر زیاتر.

**ماتیياس:**

تۆ مەبەستت لە لێنیێ تریستانویە.

**یوسف:**

مەبەستم لەوە؟ /بێدەنگی/

**دانێل:**

من نزیکەی..... سێ ساڵە مردووم.

**ئێما:**

هەر بەڕاستی کات چ مانایەکی نییە.

**یودیس:**

کات.

**یوسف:**

کات.

**یوناس:**

هەر بەڕاستی چ مانایەکی نییە.

**یودیس:**

هیچ.

**ئێما:**

هیچ.

**یوناس:**

مانا.

**ماتییاس:**

نا. هەر شتێک نا.

**یودیس:**

هەر.

**یوناس:**

تریش. /بێدەنگی/

**یوديس:**

ئەی چۆن هەست بەخۆت دەکەیت؟

**دانێل:**

هەر بەڕاستی گاڵتە ناکەم. ئەوە هیچ گاڵتەیەک نییە. من ڕەنگە وا پێ نەچێ پڕ لەو نائومێدییە بم کە مرۆ لە هەڵوێستی هاوشێوەی وەک ئەمەدا دەبێ وابێ. بەڵام کەمتر لەو شتەش نازانم کە لەبارەیەوە دەدوێم. من پارێزەرم. پارێزەرێکی مردوو. من پارێزەرێکی مردووم.

/سۆفیا پاکەتێک جگەرە دەردێنێ، دەیەوێ جگەرەیەک دەربێنێ، بەڵام هەموو جگەرەکان بە ئەرزەکەدا بڵاو دەبنەوە/

**ماتییاس:**

دانێل، ئێمەیش گاڵتە ناکەین.

**ئێما:**

دانێل.

**یوناس:**

دانێل.

**یوديس:**

گاڵتە دەکا.

**یوسف:**

دانێل، ئێمەیش نا.

**یوديس:**

گاڵتەیەکە.

**یوناس:**

نەء.

**ئێما:**

بەڵێن دەدەین.

**ماتییاس:**

ئێمە دەبینین تۆ مردوویت.

**یوناس:**

مردوو.

**ئێما:**

زۆر مردوو.

**یوناس:**

مردوو.

**دانێل:**

تۆ مەبەستت چییە؟ هەڵبەت مرۆ ناتوانێ زۆر مردوو بێ، یان کەم مردوو بێ؟ مرۆ یان مردووە یان نەمردووە. گەر مرۆ نەمردبێ ئەوا هەڵبەت زیندووە.

**ئێما:**

وەرە و دانیشە.

**ماتییاس:**

وەرە و قسە بکە.

**یوناس:**

قسە بکە.

**ئێما:**

وەرە.

**یوناس:**

قسە بکە.

**ئێما:**

وەرە.

**یوناس:**

قسە بکە.

**یودیس:**

وەرە.

**دانێل:**

ئەوە بۆ؟ ئەوە چ کەڵکێکی هەیە؟ من پێشتر لە دەرەوە قسەم لەگەڵ چەند پیاوێکی ئاگرکوژێنەوەدا کردووە.

**ئێما:**

دانیشە و... ئا، چیت دەوێ کە....

**یوناس:**

دانیشە و چیت دەوێ.

**یودیس:**

تۆ.

**یوسف:**

تۆ.

**دانێل:**

بونیام نایەوێ دانیشێ. بونیام دەیەوێ بەپێوە بێ. /بێدەنگی/

**یوسف:**

باسی کە بەچی مردیت.

**ماتیياس:**

چۆن مردیت؟

**یوناس:**

لە کوێ و کەی؟

**یودیس:**

کە مردیت.

**یوسف:**

کەڵکی دەبێت.

**یوناس:**

ئا. ئەوە چی دەڵێ؟

**یودیس:**

دەڵێ ئەو مردووە.

**یوناس:**

ئەو مردووە.

**یودیس:**

مردووە.

**یوسف:**

دەبێ شتێک بکەین؟

**یودیس:**

پێویست ناکا شتێکی تایبەتی بگوترێ. بونیام تەنیا پێویست دەکا لەوێ بێ، یان پێشانی بدا بۆ ساتێک لەوێ بووە و گوێی

گرتووە. ئەوە بەسە.

**یوناس:**

کە بونیام بینراو بێ. (کە مرۆ ئەو بیبینێ)

**ئێما:**

کە مردووە.

**یودیس:**

مردووە. /بێدەنگی/

**ماتیياس:**

چۆن هەست بەوە دەکرێت؟

**دانێل:**

هەست بەوە چۆن دەکرێت؟

**ماتیياس:**

ئا، تۆ باشیت؟ هەست دەکەیت سووکەڵەتریت؟

**دانێل:**

باش و باش. نازانم. نازانم مەبەست لە باش چییە.

**یودیس:**

پێویست ناکا بزانیت.

**یوناس:**

پێویست ناکا بزانیت.

**ئێما:**

پێویست ناکا بزانیت.

**یوسف:**

لێی گەڕێ.

**ئێما:**

ساتێک دەخایەنێ تا بونیام هەست بەشتێک دەکا.

**یودیس:**

بەر لەوەی بونیام هەست بکا کە هەست ناکا.

**یوناس:**

کە بونیام هەست ناکا.

**دانێل:**

ئەوە هەستێکی زۆر فیزیکییە. یان بەواتایەکی تر، تاسەیەکی زۆرە لە هەستێکی فیزیکی... هەست دەکرێت وەک... وەک...، ئا، چ وشەیەک بدۆزمەوە؟ کاتێ دەبێ هەوڵ بدەم ئەوە راڤە بکەم ئاخۆ هەست بەچی دەکرێت؟ هەست بەشتێک دەکرێت کە من هەرگیز هەستم پێی نەکردووە. هەست دەکەم وردەشووشە بەقاچمدا چووبێت. برێکی بێ ئەندازە زۆر وردەشووشە. شووشەی پەرداخ. تەڵەزم. وەک ئەوەی رێک بەناو شووشەیەکی زلدا رۆیشتبم. وەک ئەوەی لە پێکدادانێکی ئۆتۆمۆبێلدا هەستابمەوە، کە دەشێ تیایدا مردبم و هەوڵم دابێ تەڵەزمە شووشەکان لە لاقی پانتۆڵ و قۆڵی چاکەتەکەم بتەکێنم. بەڵام تەڵەزمە شووشەکان بە هەموو شوێنێکمەوەن، تەنانەت لە گیرفانەکانیشمدان. بەڵام کاتێک هەوڵ دەدەم شتێک، رەنگە پاسپۆرت و ناسنامەکەم لە گیرفانەکانم دەربێنم، هەر تەواو لەخۆوە ئەوە دەکەم، هەڵبەت لە کاتی بەیەکدادانێکی راستەقینەی ترومبیلدا، مرۆ بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕێ... ئا، هیچ رووی نەداوە... مەبەستم ئەوەیە، نە پاسپۆرتم پێیە و نە

ناسنامە و نە هیچ کارتێکی بانکیش. تەنانەت گیرفانیشم نییە. چاکەتیشم نییە. تەواوێک ڕووتم گەرچی جلیشم لەبەردایە. ئەوە دەبینم چونکە سپیم لەبەردایە. تێ دەگەن چی دەڵێم؟

**سۆفیا:**

دەتەوێ ئەوە لابەم؟

**ئێما:**

ئەرێ ئێمە لە کوێ نانمان خوارد؟

**یودیس:**

ڕەنگە، کردارەکانمان.

**ئێما:**

نا، نا، هەوڵ مەدە... من حەوسەڵەی ئەوەم نییە.

**یودیس:**

نا، تێ دەگەم.

**ماتییاس:**

دانێل.

**یوناس:**

دانێل.

**یودیس:**

دانێل، هەست دەکرێت ئەوە وەک زەریای ئارام بێت.. وەک ڕاوەستان وابێت لە کەنار زەریای ئارام لە زەردەپەڕاندا؟

**دانێل:**

هەرگیز لەوێ ڕانەوەستاوم. چۆن بزانم ئەوە چۆنە؟

**یودیس:**

ئاخۆ ئێوە خانووتان لە گۆتلاند هەیە؟

**یوسف:**

نەء، نەء، ئێمە... وا نەبووە؟ چەند ساڵێک خانوویەکمان نەبووە؟

**ماتییاس:**

هەست دەکرێت وەک ڕووناکییەکە.

**یودیس:**

ڕووناکییەک.

**ئێما:**

ڕووناکییەک.

**یوناس:**

وەک ڕووناکییەک.

**هەموو:**

(جگە لە سۆفیا و دانێل) ڕووناکی.

**دانێل:**

ڕووناکییەک، نا.

**یوسف:**

تاریکییەک؟

**ئێما:**

تاریکی.

**یوسف:**

نووتەک.

**یودیس:**

نووتەک.

**یوناس:**

نووتەک.

**ماتییاس:**

تاریک.

**دانێل:**

نا. ئەوەش نا.

**یودیس:**

وەک بارانێکی ترسناک؟

**ئێما:**

وەک کۆتاییەک؟

**یوناس:**

ئا، کۆتاییەک.

**یودیس:**

کۆتایی.

**ماتییاس:**

یەکێک لە ئەگەرە زۆرەکان.

**یوناس:**

زۆرجار و هەمان کۆتایی.

**دانێل:**

نازانم... ڕەنگە. لەسەر ئەوە وەستاوە مەبەستت چییە.

**یوسف:**

یان سەرەتایەک؟

**یودیس:**

سەرەتایەک.

**ماتییاس:**

ئەگەرێک لە ئەگەری زۆر.

**دانێل:**

نا، نازانم. قەت نەمتوانی هەڵبژێرم. (وچانێکی کورت) ڕەنگە هەڵم بژاردبێ، بەڵام قەت فریا نەکەوتم. کاتێ جێسیکا مرد، دەرفەتێکم بۆ ڕەخسا هەڵبژێرم، بەڵام سەرنجم دا ئەوە ئەو نییە مردووە، بەڵکو ئەوە خۆمم مردووم. (وچان) ئەرێ دەستم دەجووڵێت؟

**یوسف:**

ئا. /هەمووان جگە لە سۆفیا و دانێل دەستیان ئارام بۆ پێشەوە و دواوە دەجووڵێنن/

**دانێل:**

ئەم دەستە لە بەرچاوتاندا دەجووڵێنم؟

**یوسف:**

ئا.

**دانێل:**

من ئێستا وا دەکەم؟ بەڕاست؟

**ماتییاس:**

بۆ تۆ ئەوە نابینیت؟

**دانێل:**

نەء.

**ماتییاس:**

مەبەستت لەوەیە، هەست دەکرێت وەک سەرەتایەک وایە؟

**دانێل:**

ڕەنگە. ڕەنگە وەک سەرەتایەک وابێ. وەک سەرەتایەک بەبێ هیچ شتێکی زیاتر. هەست دەکرێت ئاوهایە. کەم و زۆر. هیچ ڕوو نادات. (وچانێکی کورت) ئاخۆ ئەوە سەرەتایە ؟ بەر لەوەی هیچ شتێک ڕوو بدات. جارێک لە جاران. هیچ شتێک ڕوو نادات؟ (وچانێکی کورت) وەڵامم بدەنەوە.

**ماتییاس:**

ئا....

**یوسف:**

هیچ شتێک ڕوو نادات.

**دانێل:**

هیچ شتێک؟

**یوسف:**

بەداخەوە....

**یوناس:**

بەداخەوە...

**یودیس:**

تۆ لە دونیای ئەو زیندووانەدا مردوویت.

**ئێما:**

زیندووشیت لە دنیای ئەو مردووانەدا.

**یوسف:**

ڕقم لەو دوو کورتە وەڵامانەیە. دەبێ ئێمە بیانلێین؟ دەبێ ئێمە بیانلێین!

**ئێما:**

نا، دەبێ واز بێنین.

**یودیس:**

تۆ مردوویت لە دنیای ئەو زیندووانەدا.

**ئێما:**

زیندووشیت لە دنیای ئە و مردووانەدا.

**یودیس:**

پێشت وایە من یودیسم، تا ئەو کاتەی وەبیرتی دەهێنمەوە کە تۆ هەرگیز لەمەوبەر منت نەبینیوە.

**ئێما:**

پێشت وایە من ناوم ئێمایە و ژنتم...

**یودیس:**

بەڵام تۆ مردوویت لە دنیای ئەو مردووانەدا.

**ئێما:**

دنیا.

**ئێما:**

زیندووش لە دنیای ئەو مردووانەدا.

**یوسف:**

ئەی ئێمە چین؟

**ماتیياس:**

کتێبگەلێکین لە خۆڵەمێش.

**ئێما:**

بووین.

**یودیس:**

بوو.

**ئێما:**

بوو.

**یودیس:**

ئێمە دەبووین.

**یوناس:**

دەبووین.

**ماتیياس:**

ئەمڕۆ وەڵاممان وەرگرت کە ئێمە زۆر لەوە پیرترین خۆشەویستی بدەینە منداڵێک.


**یودیس:**

بە ئەڵمانیا، دانیمارک، ئەڵمانیا، سویسرا، ئەڵمانیا و پاشان فرەنسا، ئەڵمانیادا ئۆتۆمۆبێل دەئاژووین. "هاننا" من دێم بۆ لای تۆ. بۆ ئیسرائیل. ڕەنگە لەوێ شتێکی پڕ مانا بدۆزمەوە کە منداڵدانە مردووەکەمی لێ پڕ بکەم.

**سۆفیا:**

من کە زۆر زۆرم خۆش دەویستیت.

## دوو نامەی هەردوو کاراکتەری یودیس و دانێل


یودیس

هانا، هانا، هانای خۆشەویست

تۆ ئەوەندە دووریت. من ئەوەندە توورم. من ئێستا لە کوێم. لە کوێم؟ دەزانم جەستەم لە کوێیە.....

هانا تۆ دەزانیت، ئەمە لە گۆڕێک دەچێ. پێ دەچێ هەموو شتێک لەناویدا بمرێت. لە درەوشاوەترین ساتەکانمدا وا دێت بەخەیاڵمدا کە ئەوە خەندەقێکە هەموو شتێکی تێدا نقووم دەبێ بەر لەوەی بەو ژیانە بگەم کە دەزانم هەیە، دەزانم هەیە، کە لە ناوەوەمرا هەیە.

وەک دەخوێنیتەوە بە دڵنیاییەوە لەبارچوونێکی تریش بەرێوەیە.

ئاخۆ ئەوە یەکەم لەبارچوونە، دووەمە، یان چواردەم؟

نایانژمێرم.

ئازاریش سڕ بووە، ئازار خۆی سڕ کردووە.

ماتییاس چ قسەیەکی پێ نییە، تەنیا جەستە گەرمەکەیەتی کە هێشتا بەنەوازشەوە باوەشم دەکا. بەڵام من حەز بەوە ناکەم، خۆم لە باوەشیدا رادەپسکێنمە دەر.

من دێم بۆ لای تۆ. بۆ ئیسرائیل. ڕەنگە شتێکی پڕ مانا بدۆزمەوە. شتێک کە منداڵدانە بەتاڵ و دەم بەزریکەکەمی لێ پڕ کەم.

گوێت لێیە هانا، من خەفەتبار بووم. کەی وام لێ هات، کەی؟

ماتییاس چیی تر چ وەڵامێکم پێ نادات. ماتییاسە جوانە ئاقڵەکەم بێدەنگی دایگرتووە ، یان ئاخۆ تەنیا ئەوە منم کە ناژنەوم؟

ئەم هەینییە بوو شێومان لای دانیال و ئێما کرد یان پێنجشەم بوو یاخۆ شەموو؟ کەی ئەوان بۆ گەڕەکی کارلبێریڤێگن ماڵیان گواستووەتەوە؟

لە یادتە؟ لە ناکاوێکڕا هەستم کرد وەک ئەوەی یەکەم جارم بێت لەوێ بم. من دەزانم هەزاران جار ئەو ژەمی خواردنانەم خواردووە، هەزاران جار ئەو وتووێژانەم دامەزراندووە، هەردەم هەستم کردووە ماڵەکەیان تایبەتە بەڵام ئێستا وەک ڕۆیشتن بەبیاباندا وابوو. ژوورەکان بەتاڵ دەمیان داچەقاندبوو. تەنیا بە قسە و قسە و قسەکانی دانێل مۆبلە کرابوون. ئێما بەرخۆدانێک بۆ ژیانی بەڕێوە دەبا. ئاخۆ جێسیکا ئەو ژیانەی لەگەڵ خۆیدا نەبردووە؟

ئێما چێشتێکی هەر زۆر خۆشی لێ نابوو، پاشان ژووری جلشۆرییەکەی پێـشـان داین. ژووری جلشـۆرییـەکـە! من حـەزم نەدەکـرد کـوڵەدەرپێ گوواوییەکانی دانێل ببینم. لە کاتێکدا کە دانێل جەختی لەسەر نووسینگەی پارێزەرییەکەی دەکردەوە، لە ژوورەکەی جێسیکادا ورچۆکەکان دەکەوتن و دەشکان. دانێل خاوەخاو دەکا، وەک ئەوەی کەسێک دەری کردبێتە دەرەوە تا وەک پیرەمێردێک خۆی لە بەرزاییییەکەوە هەڵدێرێ بۆ ئەوەی نەبێت بە بار بەسەر کەس و کارەکەیەوە. منیش هەر پارێزەرم. مەبەستم لەوەیە ئەوەش ئیشە، جووتبوون نییە.

یوسف ژنە تازەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. بیست ساڵ لە خۆی گچکەترە. بەڵام من پێم وایە کەس خۆی لە قەرەی شتی وا نادا. ئاخۆ دەبێ زیاتر بدوێم؟ بیرم نییە ئەو پیاوە قەناعەتی ئەوەی لەلا دروست کردبم کە ئیرۆتیک لە سەروو هەموو شتێکەوەیە، گەر رۆژێک لە رۆژان وا بووبێت. ئاخۆ فەنتاسیاکانم شتێک لەگەڵ حەقیقەتمدا دێنەوە؟

هاننا من بەنابیناڕۆیی دەرۆم، زەمەنێکی تریش.

کاتێ ئەوە تێ دەپەڕێ، بڵێی بتوانرێ ژیان دەست پێ بکرێ؟

ئینجا لە ناکاوێکڕا یوناس پەیدا بوو. دەزانیت براکەی دانێل. تا بڵێی سەرحاڵ. ئەو نیگەرانم دەکا. نازانم بۆچی. ڕەنگە ئەوە شتێک بێت لە کۆنترۆڵ نەهاتوو.

هەندێ جار تەنیا دەمەوێ بقیژێنم. بقیژێنم و بێدەنگی تێکوپێک بشکێنم. ڕقم لە بێدەنگییە. پێم وایە بێدەنگی ئەو ژیانەی خنکاند کە دەبوو لە ناوەوەمرا هەبایە.

ئێستا ماتییاس گوێی لێم بێ، لەسەر جێگەکەم پاڵم دەخا، کووپێک شیری گەرمم بەشکولاتەی ئافتەر ئەیتەوە بۆ دێنێ.

دوای ٢٠ ساڵ هێشتا ناتوانم پێی بڵێم کە من لەبەر خاتری ئەو، ئەوە دەخۆمەوە.

پێم وایە لەکاتی شێوەکەدا فریا کەوتین هەموو کێشەکانی دنیا شەنوکەو بکەین. هەر هەموو کێشەکانی دنیا. کێشەکان لەگەڵ خواردنی چێڤریندا دەجووران سوپاس بۆ خوا بۆ ئەوە – و بۆ بەرخە سوورەوەکراوەکە. یان ئاخۆ گۆشتی تووره تیژه پێوەکراو بوو؟ بیرم نییە. باشە بۆچی بیرم نییە؟

بۆچی ئێما گۆشتی تووره تیژه پێوەکراومان بۆ دادەنێ؟

پاشان خوانەکەمان لە تەمتومانێکدا بزر بوو، لە تەم و غوبارێکی سەیردا. بیرم نییە سەرخۆش بووبم بەڵام کاتێ بۆ ماڵەوە گەڕامەوە وردەخۆڵەمێش لە پرچمدا بوو.

هانای ئازیز... باوەشت دەکەم و بە گوێچکەتدا دەچرپێنم کە من ساتێکی تریش دەژیم.

یودیس

ئازیزم...

وابزانم بە درێژاییی ئێوارەکە نامەکەتم پێ بوو. کاتێ ویستم دەری بێنم و هەمدیس بیخوێنمەوە لە ناکاوێکڕا نە نامەکەم لە گیرفانمدا پێ مابوو نە هیچ شتێکی تر. تاقە شتێک کە بەدەستمەوە بوو نەختێک خۆڵەمێشی رەساسی بوو. نەدەچووە ئەقڵەوە. جزدانەکە، سویچی ئۆتۆمۆبێلەکە، دەسەسڕەکە، تەلەفۆنەکە– هیچیان دیار نەبوون.



دانێل

وەکی تر هەموو ئێوارەکە بۆ نیشانەی پرسیارە وەڵامنەدراوەکان بوو. واتە پرسیارەکانی من. هەستم دەکرد وەک بڵێی سەرخۆش بم یان بەهەرحاڵ نەختێک وڕ بم بەر لەوەی یەک قەترەشمان خواردبێتەوە، باوەجوو دڵنیا نیم هەر خواردبێتیشمانەوە. ناتوانم بەیەک دوای یەکدا هاتنی ڕوودانی شتەکانم بیر بێتەوە. ئاخۆ هیچمان خوارد؟ ئاخۆ چیمان خوارد؟ وابزانم ئێما دانیشتبوو خواردنی بۆ میوانەکان تێ دەکرد. لە هاوینی ڕابردووەوە ماتییاس و یودیسمان نەبینیبوو، هەروەها یوسف و ژنە کەپوو درێژەکەی، سۆفیاش. ئەو ژنە ژنێکی تایبەتە. گەرمە. ئیتر هەر ئاوها یناسیش پەیدا بوو، یان کە دیار نییە ئەوسا کتوپڕ بانگهێشتنەکراو پەیدا دەبێ و لەوێ دادەنیشێ.

گێلانە خاو و نەرم بووبوومەوە لە......

قسەمان دەکرد و پێکەوە بووین، بەڵام من بیرم دەکردیت و هیچ هاوڕێیەتی و میهرەبانییەک لەو دانیشتنەدا بوونی نەبوو.

بەدڵنیاییەوە بەشێکی ئەوە خەتای من بوو. ئاخر هەستم دەکرد لە ڕادەبەدەر تەنیام. وەک مردوویەک تەنیام.

ئەرێ تۆ... ئەوە لە کوێ، ناوی چییە...؟

دانێل

پێڕست

دەمەتەقێیەک لە نێوان لاش نۆرێن و پیا فوشگرێن ........ 5
کارەکتەرەکان و ڕاڤەی ناوەکانیان ........ 35
دیمەنی یەکەم ........ 37
دیمەنی دووەم ........ 192
دوو نامەی هەردوو کاراکتەری یودیس و دانێل ........ 275